# پرۆگرام و پەیڕەو ناوخۆیی

# ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست

**( پەسەند کراوی کونگرەی دووهەمی ڕێکخراو )**

**( ۱۳۷۹ )**

**کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست**

## پروگرامی ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست

## روونکردنەوەی کورت  سە بارە ت بە پێکها تی پروگرام

پروگرامی حازر، بریتیە لە یەك پێشەكی و نۆ فەسل .

فەسڵی یەکـەم . لە بەشی تیئوری پروگرام پێك دێت، کە لەم بەشەدا بە لەبـەر چـاو گرتـنی پێویسـتیەکانی کـاتی ، هـەوڵ دراوە ئامـانجی خـەباتی چینایەتی نـە بـە شـێوەی فـرمۆلە کـردنی گشتی و بە تە فسیر، بەڵکو بە شـێوەیکی سـادە و روون بـاس بکـر یـت، نـاوە روکـی پـەرە سـاندنی سـەرمایەداری و پەرەسـاندنی بـەرەو سوسـیالیزم و تایبەتمـەندیەکانی دەردەکەوێت، لەم فەسڵەدا بەو خاڵانەی وەك "سوسیالیزم و دیموکراسی " و"سوسـیالیزم و دەوڵـەت" مالکیـە ت (ملکایـەتی)، کـارو.. هـتد ، پـێدا چوونەوەی لە سە رکراوە.

فەسڵی دووهەم: سەبارەت بە خاڵی گرنگ و شایانی باس واتە حێزب. لەم فەسـڵەدا تایـبەتمەندیەکانی حـێزبی کۆمۆنیسـت بـە لەبـەر چـاوگرتنی ئـەزموونی گشـتی لەرابـردوو و روانگەی داهاتوو، فۆرمۆڵە کراوە . بابەتی گرێنگی حێزب و پێکهاتی فیکری و ڕێکخراوەیی شی کراوەتەوە تا خوێنەر بە ئاسـانی و بـە پێداچـوونەوە بەسـەر هـەموو خاڵـەکانیدا، بـیخاتە بـەر هەڵسـەنگاندنی خـۆی وکـەم و کۆڕی و گیرو گرفتە کانی هەست پێ بکات ولـە چـۆنیەتی حیزبـێک کـە پـێك دێـت، تێ بگات و لە پێکهاتی نەزەری و زانستیەکەی ، بشدار بێت .

فەسڵی سێهەم: رۆخساری گشتی سەرمایەداری لەیەك و نیوسەدەی پێشو دەخاتـە بـەر بـاس و هەڵسـەنگاندن و تایبەتمەندیەکانی لـە قوناغـەکانی

جۆربەجۆری ئەم ڕەوتە شی دەکاتەوە تا خوێنەرانی پروگرام و بەشداران لە باسەکانی‌دا بتوانن بەپێداچوونەوە بەسەرخاڵەکان دا لە هەربەش دا وبە خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی لەسەر مێژووی ڕۆخساری سەرمایە داری لە بواری جۆراو جۆردا تیٚ بگات و لەرەوتی خەباتی چینایەتی ڕوانگەیٚکی ڕوون وزانستیانە بوخۆی وەدی بێنیٚ و پێگەی سوسیالیزم لەم ڕەوتەدا بدۆزیتەوە، لە فەسڵی چوارم دا ڕوون کراوە تەوە.

فەسڵی چوارەم: ڕۆخساری گشتی سوسیالیزم لەیەک سەدو پەنجاساڵی پێشو فۆرموڵە دەکات تاخوێنەر لەگەڵ ئەوەی کە ناسینی لەسەر پەیدادەکات لەگەڵ مێژووی سوسیالیزم و کۆمۆنیزم، قوناغ بە قوناغی پەرەسەندنی سەرمایەداری، پەرەسەندنی خەباتی چینایەتی و بواری جۆراو جۆری سەرکەوتن و شکستەکانی سوسیالیزم، بخاتە بەر هە لسە نگاندنی خۆی.

فەسڵی پێنجەم : پێداچوونەوە بە سەر بابەتی ئێران . هەڵسەنگاندنی ڕووخساری گشتی سەرمایەداری لە ئێران لە ڕەوتی یەک سەدەی ڕابردوودا، لەم بەشەدا ڕەوتی سەرمایە داری و بوارەکانی لە ئێران فۆرموڵە کراوە، تاخوێنەر لەگەڵ مێژوی پەرە سەندنی سەرمایەداری و هەوراز و نشیوەکانی لە یەک سەدەی پێشوو لە ئێران تیٚ بگات وبە هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی لە سەر ئە ساسی لە بەر چاو گیراو، ڕوانگەیٚکی عەینی وزانستیانە لە ڕەوتی گەشەسەندنی سەرمایەداری لە ئێران بە دەست بێنیٚ لەم بەشەدا هەروەک دەورەکانی جۆربەجۆری سەرمایەداری لە ئێران و شێوەی پەرەسەندنی ، دەکەوێتە بەر باس .



فەسڵی شەشەم : پێداچوونەوە بە سەر ڕۆخساری گشتی سوسیالیزم لە ئێران لە سەدەی پێشوودا لە ئەم فەسڵەدا بوارە جۆربەجۆرەکانی پەرەگرتنی فکریەتی سوسیالیزم و پێک هاتنی و خەباتەکان وهەورازو شیوەکانی، دەکەوێتە بەر هەڵسەنگاندن تاخوێنەر بەخوێندنەوەی مێژووی بزووتنەوەی کۆمۆنستی و کرێکاری ئێران، لەگەڵ سەرکەوتنەکان و شکانەکانی، زانیاری دەست کەوێت وهۆیەکانی تیٚ بگات و بەپێداچوون بە ئەم بابەتەو بەخوێندنەوەی وردی ئەم میژووە بە ڕابردووی جوولانەوەی کۆمۆنیستی و مێژووی پر لە هورازو شیوی، زانیاری پێویستی دەست کەوێت.

فەسڵی هەفتەم: پێداچوونەوە لە سەرپێک هاتی چینایەتی کۆمەڵگای ئێرانی لەدوای ڕاپەرینی ١٣٧٥ گەلانی ئێران تائیستایە. لە ئەم دەورانەدا بە پێداچوونەوە لەسەر پێکهاتی ئابووری کۆمەڵگای ئێران وەزعی چینی سەرمایەدار و چینی کرێکار و توێژەکانی مام ناوەندی ڕوون کراوەتەوە تاکو خوێنەران و بەشدار بوان لە باسەکەدا بە خوێندنەوەی وردتری بەڵگەکان و بڵاوکراوەکانی جۆراوجۆر و هەڵسەنگاندنی پێکهاتی چینایەتی و کۆمەڵایەتی ئێران و هاوسەنگی هێزەکانی چینایەتی ڕوانگەیکی ڕوون و ڕاستەقینە بو خۆی وەدی بێنیٚ و بەتیٚ گەیٚشتن لە سەر مێژووی پەرە سەندنی سەرمایەداری و سوسیالیزم لە جیهان، مێژووی سەرمایەداری‌و سوسیالیزم لە ئێران و وەزعی ئابووری و هاوسەنگی چینایەتی لە ئێرانی ئێستادا بەروانگەیکی زانایانە و ئاکام وەرگرتن بۆدانانی پروگرامی سیاسی

روون لە کۆمەڵگای ئێران و ئیسترا تیژی و تاکتیکەکانی بشدار بن و لەسەر ئەم ئەساسە ساغ کراوەکانی خۆیان بۆهێنانە نێو پروگرام، بهێننەکایەوە .

فەسڵی هەشتەم: ئەم فەسڵە تایبەتە بە پروگرامی سیاسی (شۆڕش کۆمەڵایەتی). کە لە راستی دا بەرهەمی باسی پێشووە. لەگەڵ کۆکراوەی ئەزموونەکانی رابردوو وهۆیەکانی شکانەکان و سەرکەوتنەکان، لە ئەم فەسڵەدا هەوڵ دراوە ئامانجی خەباتی چینایەتی و سوسیالیزم لە ئێران، بێ ئەم لاو ئەولا و روون و ئاشکرا لە بەراورد لەگەڵ چوارچێوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئێران فرمۆڵە بکرێت، بۆ یەکەم جار بزاڤی کۆمۆنیستی ئێران مسەلەی هێزی سیاسی، ئەرک و ناوەرۆکی شووراکان (ئەنجۆمەنەکان) و ئامانجە سیاسی و ئابووریەکانی ئەو و تێکەڵ بوونی لە پروگرامکان دا جیابکرێتەوە و ئامانجی بزاڤی کرێکاری و کۆمۆنیستی و پروگرامی ریفۆرم لە جێگای خۆی دابنرێت.

فەسڵی نۆهەم بریتی یە لە ئیستراتیژی یەکێتی‌یە چینایەتیەکان. لەم فەسڵەدا کە لە سەر ئەساسی پروگرام وەک ئەڵقەی زەنجیرە سەرکەوتنی چینی کرێکارو سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی ئەو باس دەکات، وبەسێ بەش دابەش دەکرێت.

١. یەکگرتوویی هێزەکانی بزاڤی کۆمۆنیستی و پروگرامی پێشنیارکراو بۆ ئەو.
٢. بەرەی هەمەلایەنەی چینایەتی (یەکێتی لایەنگرانی سوسیالیزم و چینی کرێکارو زەحمە تکێشان) واتە هێزی بەرهەم هێنەر لە بەرانبەر سەرمایەدا.



٣. بەرەی یەکگرتووی هەموو ئەو هێزانەی کە بو ئازادی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی شۆڕش دەکەن.

لە بەشی یەکەم: لە سەر پێویستی یەکگرتنی خەێرای کۆمۆنیستەکان و بنەمای دەست پێ کردنی یەکگرتنەکان وو تراوە کەبریتی یە لە یەکگرتن و هاودەنگی بزاڤی کۆمۆنیستی و هەموو هێزەکانی بزاڤی کۆمۆنیستی دەگرێتە بەر و تا لە دەوری یەک کۆبنەوە و بەدیالۆگ و بیروراگۆڕینەوە رێگە خۆش بکەن بۆ دیالۆگەکان و باسەکانی پێویست بۆ گەیشتن بە یەکگرتنی ئەساسی.

بەشی دووهەم: سەبارەت بە یەکێتی لایەنگرانی سوسیالیزمە. واتە یەکێتی چینایەتی هێزەکانی لایەنگری سوسیالیزم و چینی کرێکار کە وەلامدەری پێویستی یەکێتی هێزەکانی کار لە بەرانبەر سەرمایە دایە ولە بەراورد لەگەڵ وەزعی ئابووری و کۆمەلایەتی ئێران و هەل و مەرجی ئەو رێک خراوە، کەیەکێتی هەموو لایەنگرانی سوسیالیزم و چینی کرێکار جیاواز لە بیروباوەری ئائینی و ئایدئۆلوژی، وە بەر دەگرێ.

بەشی سێهەم: پێویستی بەرەی بەربلاوی لایەنگرانی ئازادی و دێمۆکراسی و عەداڵەتی کۆمەلایەتی دەخاتە بەر باس و بنەماکانی پروگرامی پێشنیارکراو و پێک هێنانی بەرەی هەمەلایەنە کە هەموو ئەولایەنانەی کە بەبوونی جیاوازی و ناکۆکی پروگرامی، سیاسی، وئایدولوژیک وهتد بوداواکانی خەێرا وەک ماددەکانی پروگرامی ماڤی مرۆڤ، ئازادیە سیاسیەکان و داواکاریە دێمۆکراتیەکان و پیشەیی و سیاسی، چالاکیان هەیە، دەگرێتەبەر.

## سەدەی بیست و یەکەم

## و پروگرامی ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست

### پێشه کی

سەدوپەنجا ساڵ پاش بڵاو بوونەوەی مانیفێستی کۆمۆنیست و لەکۆمۆنی پاریس تا ئێستا خەباتی ووشیارانەی چینی کرێکار بۆ بەدەست هێنانی دەسەڵاتی سیاسی و لەناوبردنی مڵکایەتی تایبەتی بۆرژوایی لە سەر ئامرازی بەرهەم هێنان و لە ناوبردنی کاری مووچەئی، ساتەکانی پر لەشانازی و هەست بزوێنی، لەمێژووی کۆمەڵانی مرۆڤایەتیدا، بەخشیوە، هەرجارکە چینی کرێکار لە لایەک لە جیهان توانیویەتی درێژە بە خەبات و داخۆازیەکانی لە شێوەی ڕیفۆرم خۆازی زیاتر بکات، ڕێگای تازەتری بۆ مرۆڤایەتی کردووەتەوە، شۆرشی ئۆکتۆبەرکە لە ئەوشۆرشە بیۆێنا نەیەکە لە درێژەی سەدەی بیستەمی مێژووی چینایەتیدا ناودەبرێ، سەرەرای هەوراز و نشیوەکانی، پر شانازی ترین ساتەکانی مێژووی مرۆڤایەتین، ئەم خەباتانە نیشانەی پایەدار بوون و توانای چینی کرێکارە بورووخانی سیستەمی سەرمایەداری و لەناوبردنی خاون مڵکایەتی تایبەتی و دام ودەزگای حکۆمی ئەو و دامەزراندنی سیستەمی سۆسیالیستی لە سەر بنەمای ڕێکخستنەوەی نوێ کۆمەڵایەتی بووە ودەبێ، هەل و مەرجی ئێستای سیستەمی سەرمایەداری، حەقانیەتی خەباتی چینی کرێکارو پێوێستی بنەرەتی مرۆڤایەتی بۆگۆڕانکاری بنەرەتی لە پەیوەندیەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی لە جیهان ئێستادا، دەخاتە کایەوە.



ئەمرۆکە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم دا لە ئەوپەری بەجیهانی بوونی سەرمایە لەگەڵ هەموو پێشکەوتنە گەورەکان و شۆرشە تەکنولوجیاکان و بە بوونی پێشکەوتووترین دەزگا و ئامێرەکانی کەمپیوتەری و رۆبۆتەکان لە بەرهەمی زۆردا، کەچی بە میلیون منداڵ لە خراپترین هەل و مەرجی ژیان و شوێنی ژیان دەبەنەسەرو بەهۆی سیستەمی سەرمایەداری پێشکەوتو، بەخراپترین شێوە دەکەونە ژێر چەوسانەوە و دەچەوسێنەوە.

ژنان کە زیاتر لە نیوی حەشیمەتی دنیا وە بەردەگرن، تەنانەت لەپێشکەوتوترین وڵاتانی سەرمایەداری و پێشکەوتوو بەشێوازی جۆراو جۆر دەکەونە ژێر ستەمی جینسی و جیاوازی جینسی، ئەو روْکە هەژاری و بێ دەرەتانی و جیاوازی گەوەرەی چینایەتی لە هەمووکاتێکی تر لە مێژووی سەرمایەداریدا لە زیاد بوون دایەو نە تەنیا لە وڵاتانی هەژار و نەدار بەڵکو لە زۆر بەی وڵاتانی پێشکەوتووی سەنعەتی بەشێکی زۆر لە خەڵک لە ژێر خەتی فەقردا دەژین، پیس بوونی ژینگە ( هەوا و ئاو و زەوی) لە ئاکامی مەسرەفی لە رادەبەدەری کەرە سەی خاوی بەرهەم و کۆکردنەوەی سەرمایەی داگیرکراو بەرادەیێک روی لە زیادبوونە کە ژیانی دا هاتووی نەسڵەکانی داهاتوی لەگەڵ مەترسی بەرانبەرکردوەتەوە و لە شوێنە جۆراو جۆرەکانی جیهان بریسکەی شەرەکانی ناوچەیی و ئەو شەرانەی کە لە ئاکامی کێ بەرکێ و پاوان خوازی ئیمپریالیزم، هەروەها درێژەی هەیە وبە میلیۆن خەڵک لە ئاکامی شەر لەگەڵ بێکاری، قات وقری، دەست درێژی بە سەر مافە ئینسانیەکان و جیاوازی و زەخت دا

ئاوارە دەبن لەگەڵ تەواو بوونی شەری سارد، مەترسی لە ناوچوونی شەر لە نێوان وڵاتانی پێشکەوتووتری سەرمایەداری ویان وڵاتانی ژێر نفوزی ئەوان نە تەنیا لە ناو نەچووە بەڵکو لە زیاد بوون دایە، پەرەگرتنی رێکەوتنە نیزامیەکان، زۆر بوونی بەرهەمە نیزامیەکان و دام دەزگای پێشکەوتووی کۆمەڵ کوژ، هەروەها لە زیادبوون دایە. لە یەک ووتەدا جیهان لە ژێر دەسەڵاتی سیستەمی سەرمایەداری لەگەڵ شێوەی هەمەلایەنەی ئابووری، کۆمەڵایەتی وسیاسی و فەرهەنگی وئەکۆلۆژیک بەرەو رو بووتەوە، کە ئاکامی سیستەمێکە کە زۆربەی زۆری بەرهەم هێنەرانی تەنیا بەشێکی یەک جار کەم لە ئاکامی بەرهەم هێنانی خۆیان دەست دەکەوێت. لە لایکی ترەوە بەشێکی زۆر لەو بەرهەم هێنانانە بە ناوی زێدەباری دەکەوێتە گیرفانی کۆمەڵێکی کەمی سەرمایەدار کەخاوەنی ئامرازی بەرهەم هێنانن، تا دیسان لە چەوساندنەوەی کرێکاران و بەرهەم و قازانجی دووبارە بەکاری بێنن.

تائەوکاتەی ئەم دژایەتی‌یە بەردەوامە، مرۆڤایەتی نەتەینا لەم قەیران و ئالۆزیانەی حازر دەرباز نابێت، بەڵکو رۆژ لەدوای رۆژ، لەگەڵ مەترسی لەناو چوونی هەموو ژیانی بەرەو روو دەبێتەوە. بەڵام، تیئوری زانەکان و خاوەن بیرانی بۆرژوایی و هەموو سەرخانە فیکری، سیاسی و فەرهەنگی و ئەخلاقی ئەوان تێ دەکۆشن رۆخساری راستەقینەی سیستەمی سەرمایەداری لە شێوازێکی باوەر پێ کراو داپۆشن و کۆمەڵانی‌خەڵکی وەزاڵ هاتوو بە ئاکامی ڕیفۆرم خوازی هیوادار بکەن و هەل و مەرجی پێک هاتوو هەتا هەتایی پێشان بدەن، زرەخانەی بۆرژوازی بە تێکەڵ کردنی



زیرەکانەی ئامرازە کۆنەکان و نوێ یەکان و بە بەکارهێنانی نوێ ترین دەستکەوتەکانی مرۆڤایەتی لە بوارەکانی ئامرازی پەیوەندی گشتی وەک رادیو و تەلەفیزیون، سەتەلایت، کۆمپیوتەر، ئەنتەرنێت و هتد، تێ دەکۆشێ سەرخانی ئایدئولوژی، فەرهەنگی و ئەخلاقی کۆمەڵ، لەگەڵ پێویستیەکانی سەرمایەداری رێک بخات. بۆ دەرباز بوون لەم قەیرانە و نامەتیانەی کە خۆڵقا وی سیستەمی سەرمایەداریە دەبێ بۆ دامەزراندنی سیستەمێک هەوڵ بدرێت کە لەو سیستەمەدا خاوەن مڵکایەتی تایبەتی و چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤەوە نەمێنێ کۆمەڵگایەک کە لەودا یاسای لە هەر کەس بەرادەی توانای و بە هەرکەس بە رادەی پێوێستی دابین کرابێ. واتا مۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی.

فەسڵی یەکەم.

## خەباتی چینایەتی و کۆمۆنیزم

سوسیالیزم و کۆمۆنیزم، نە بەرهەمی خەیاڵی مرۆڤ دۆستانە بووە و نەواتای پەرستینە کە لە خەونەکانی ڕیفۆرم خوازانی کۆمەڵایەتی و لە ئاواتە خاوەکانی مرۆڤانی بێ دەسەلات لە بەرانبەر ڕووداوەکان و کارەساتەکانی مێژوو و سروشتی پەیدا بووبێ. کۆمۆنیزم بەرهەمی کۆمەڵی سەرمایەداری پێشکەوتوو و ئاکامی تێکەڵ چوونی دووچینی دژ بەیەکی کۆمەڵە، چینی کرێکارو چینی سەرمایەدارە کە دوو چینی سەرەکی کۆمەڵگای سەرمایەداری سەردەم پێک دێنن.

## ناوەڕۆکی سیستەمی سەرمایەداری و پەرە سەندنی حاشاهەڵنەگری بەرەو کۆمۆنیزم

مێژووی هەموو کۆمەڵگاکان تا ئێستا مێژووی خەباتی چینایەتی بووە.

مێژووی خەباتی چینایەتی بەواتای خەباتی چینەکانی چەوسێنەرو چەوساوەیە. نێوان چینەکانی دەسەلات دارو چینەکانی زەحمەتکێش ،دیل کراو و ئازاد، جووتیار و خاون ماک، کرێکار و سەرمایەدار، لەگە ڵ یەکتردا کەمورو نیشانی خۆیان دەدەنە سەر ڕووداوەکانی مێژووی مرۆڤ وگۆران و پەرەگرتنی ئەم ڕەوتە.

هەوڵ و تێکۆشانی هەژاران و زەحمەتکێشان لە ڕەوتی مێژوو خۆی ڕەنگدانەوەی شێوەی زاڵی بەرهەم هێنان و ئاڵ و گۆری ئابووری و جیێ ئەم چینانە لە بەرهەم هێنانی کۆمە لایەتی بووە.



بەربەرەکانی کۆیلەکان لە بەرانبەر خاوەن کۆیلەکان لە ڕادەی بنبرکردنی کۆیلەداری و تێ گەیشتنی جووتیار، پیشەسازو.. لە ئازادی، لە چوار چێوەی دەربازبوونی لە ژێر ستەمی دەربەگایەتی و ئازادی مڵک و بەدەست هێنانی کارو. نەچووتە دەر سەرەڕای ئەوەی کەئەم خەباتانە لەگەڵ ئاواتەکان و داخوازی یەکسانی و ئازادی خوازیەکان تێکەڵ بووە هەموو چینەکان لەرابردوودا کە دەگەیشتنە دەسەلات هەوڵیان دەدا تا پەیوەندیەکان و یاساکانی چەوسێنەرانەی خۆیان بەرێوە ببەن، بەلام لەگەڵ پەیدابوونی چینی کرێکار وەک هێزێکی گەورەی بەرهەم هێنەری جیاواز لە مڵکی تایبەتی لە سەر ئامرازی بەرهەم هێنانیان واتای ئازادی و بەرابەری گۆرا چینی کرێکار ناتوانیت رزگاربێت، مەگەر تەواوی کۆمەڵگا لە مڵکایەتی تایبەتی لە سەر ئامرازی بەرهەم هێنەر و دابەشکردنی کۆمەڵگا بە سەر چینەکان دا ئازاد بکات.

ئەوەی کۆمۆنیزم لە جۆرەکانی تری ئازادی خوازی و یەکسانی خوازی تۆێژەکان و چینەکانی کۆمۆڵایەتی قۆناغەکانی پێشوو جیادەکاتەوە ڕەخنەی رادیکال و بنەڕەتی لە سیستەمی ئابووری و کۆمەلایەتی و فیکری سەرمایەدارییە کەوەک دوایین پێکهاتی کۆمەڵگای چینایەتی دەناسرێت.

بەلام کۆمەڵگای بۆرژوایی خۆی بەرهەمی گەشەکردنی درێژ خایەنی کومەڵگاو ئەو ئاڵ و گۆرانەیە کە لە ڕەوتی مێژوودا بەشێوەی بەرهەم پێک هاتووە. سەرەڕای ئەوگۆرانکاریانەی کە سەرمایەداری تائێستا تێ پەری کردووە، کەچی لە ناوەرۆک دا وەک خۆی ماوەتەوە بەرهەمی کەل و پەل کە دەگەرێتەوە بەسەر پەیوەندی زاڵ بەسەر سەرمایەداری‌دا کە

گرنگترین ئامرازی بەرهەم هێنان و بەدەست هێنانی لەلایەن کەمایەتێکی دیاری کراودایە (سەرمایەدار). لەلایەکی دیکەوە زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵانی خەڵک کەواتە کرێکاران لە سەر هەل و مەرجی پێک هاتووی ئابووریان ناچارن هێزی بەرهەم هێنانی خۆیان لە بەرانبەر سەرمایەدارەکان بفرۆشن و بەبەرهەم هێنانی زێدەباری زیاتر بەسەرمایە و قازانجی ئەوان زیاد بکەن .گەشەکردنی سیستەمی سەرمایەداری و دابەش بوونی چینەکان و بوونی دوجەمسەری کارو سەرمایە رۆژ بەداوی رۆژ ئاشکراتر دەبێت.

لایەنیکار ( هێزی بەرهەم هێنان) کێن؟ ئایا مەبەست لە چینی کرێکار تەنیا پرۆلتاریای پیشەسازی و سەنعەتییە؟ ئایا تەنیا کرێکاران پێکهاتی کرێکارین؟ ئایا هەموو مووچە خۆران کرێکارن؟ ئایاوردە جووتیاران و جووتیارانی کەم زەوی کرێکارن؟ ئایا هەموو هەژاران لە ئاستی کرێکارانن.

چینی کرێکار لە روانگەی سوسیالیزمی زانستیانەوە بە ئەو بەشەی کۆمەڵ دەوترێت کە خاوەنی ئامرازی بەرهەم هێنانی خۆیان نین و لەرەوتی بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتیدا دەکەونە ژێر چەوسانەوە. رادەی بەرهەمیان چەندەبێت یان چ شتێک بەرهەم دێنن وەک کرێکارانی شارەوانی و خزمەتگوزاری کە بەرهەمی فێربوون گشتی و پاک و خاوێنی ..و خەریکن و چەرادەیێک مووچە وەردەگرن وەک کرێکارانی نیشتەجێ کراو کەهەندێکیان مووچەوەرناگرن لەبنەڕەت دا هیچ گۆرانێکی لە بابەتەکەدا نییە، ئەوەی کە هەل و مەرجی چینی کرێکار لەگەڵ چینەکانی زەحمەتکێشی کۆمەڵ جیادەکاتەوە دەورێکە کە ئەم چینە لە بەرهەم



هێنانی زێدەباری و کۆکردنەوەی سەرمایە و ماڵ لە کۆمەڵ دا بۆ سەرمایەدارەکان دەگرنە ئەستو.

وەک کرێکارانی نیشتەجێ کراو کەهندێکیان مووچە وەرناگرن، لە بنچینەدا هیچ لە بابەتەکە ناگۆردرێ، ئەوەی کە هەل و مەرجی چینی کرێکار لەگەڵ چینەکانی تری زەحمەتکێشی کۆمەڵ جیادەکات، دەورێکە کە ئەم چینە لە بەرهەم هێنانی زێدە باری و کۆکردنەوەی سەرمایە و ماڵ لە کۆمەڵ دا دەی بینێ.

ئەمرۆکە لەگەڵ پێشکەوتنی هەرە زیاتری کۆمەڵگاو بەجیهانی بوونی سەرمایە دووبەرەکی دووچینی سەرەکی کۆمەڵ مۆررنیشانی خۆی لەسەر هەموو ئاڵ و گۆڕەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی وفیکری و سیاسی، زانستی، ژیانی مرۆڤ، دادەنێ. لەلایەکی دیکە بزووتنەوەی کرێکاری لەگەڵ جۆربەجۆر بوونی ئەحزاب و پێک هاتەکان و پروگرامکانیان، بەرەو ئاڵ و گۆر دەروات. لەلایەکی ترەوە سەرمایەداری بە هەموو لەق و پووەکانیەوە، پێوەندی فیکری، فەلسەفی، کەلتوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، بەرگری لە بارودۆخی ئێستای دەکات. سوسیالیزم وکۆمۆنیزم بەرهەمی حاش هەڵنەگری خەباتی ئەم چینانەیە. لە سەر ئەساسی دیالکتیک ئەم بزافەیە کەچەرخی ئێمە چەرخی، توووند بوونی خەباتی چینایەتی بو رزگار بوونی هێزی بەرهەم هێنەر لە سەرمایەیە، دەورانی گۆرانکاری گەورەی تەکنۆلوژیە. دەورانی پێشکەوتنە گەورەکان و چارەنووسی سازی زانستی و تەکنیکییە، دەورانی گەشەکردنی زانستیانەی مرۆڤ بەرەو سوسیالیزم و کۆمۆنیزمە.

کۆمەڵگای کۆمۆنیستی، کۆمەڵگایەکە کە لەودا خاوەن ئامرازی بەرهەم و ئاڵ و گۆر، پەیوەندی بە هەموو کۆمەڵی مرۆڤەوە هەیە کۆمەڵێک کە کاری مووچەیی ئاسەواری نەمێنی و کارو بایەخی کار وەک کەل و پەل شایانی فرۆشتن و ئاڵ و گۆر پێ کردن نەبێ، کۆمەڵگایەک کە لەودا چینی دەسەڵاتدار دام و دەزگاکانی پان و بەرینی بۆروکراتیک، نەمابێ.
کۆمەڵگایەک کە لەودا مرۆڤەکان لە ئازادی تەواو بشداربن و هەموو مەرجەکانی حقوقی، داب و نەریتی، کۆمەڵایەتی و ئابووری و جینسی و رەگەزی و کەلتوری و ئاینی و.. کە دەبنە هۆی پاوان خۆازی و قازانج خۆازی مرۆڤ،کە لە ژیانیدا بەر بەرست پێک دێنن، ولانرابێ.
کۆمەڵگایەک کە لەودا هەرچەشنە جیایی مرۆڤ لە بایەخی بەرهەم هاتووی بەهۆی کاری ئەو یان جیایی بەرهەم هێنەران لە پروگرام دانان و بەرێوبەری کاروباری کۆمەڵایەتی، لە نێوچووبێ و بنەمای بەهەرکەس لە سەرلێ هاتوویی و بەهەرکەس لە سەر ئەساسی پێویستی بدرێتی، سەلمێندرابێ. کۆمەڵگایەک کە ئازادی بوژانەوەی تاکەکەس. زامنی، ئازادی و بوژانەوەی گشتی بێ. تەنیا لە کۆمەڵگایەکی ئەوتودایە کەزانست و تەکنولۆژی بە شێوەیکی تەواو لە خزمەت، چارە سەری پێداویستیەکانی مرۆڤ بەکاردێت. تەنیا لە ئاوەها کۆمەڵگایەکە کەهێزەکانی بەکار نەهێنراو وخۆلقینەر وداهێنەر، دەتوانن ئازادانە و دوورلە هەرچەشنە مەرجێکی ماددی و کۆمەڵایەتی ببوژێنەوە. تەنیا لەئەم کۆمەڵگایەکە دەستکەوتەکانی زانستی و کەلتۆری بە شێوەیکی تەواو وئازاد لە بەردەستی هەمووان دا دەبێ.



سوسیالیزمی زانستی لەگەڵ تەواو دام و دەزگا و بیرو بۆچوونی دواکەوتووانەکە بە بیانۆی خەبات لەگەڵ پەیوەندیەکانی سەرمایەداری تێ دەکۆشن دیسان ئاڵقەی ئەخلاقیات، مەعنەویات و مەرجەکانی کەلتوری و ئاینی دەورانی درێژخایەن، لە پێ مرۆڤ زەنجیربکەن، جیاوازە. لە سەر ئەم ئەساسە سوسیالیزمی زانستیانە لەگەشە سەندنی کۆمەڵ، پێشکەوتنی پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی و دابەش کردنی کاری گشتی بەپێک هاتوو تێ گەیشتنی جۆربەجۆر دەکەوێتە بیرەوە، کۆمەڵگا دەبێ پێوانەو رادەی قبوول کردنی هەموو ئەم جۆراو جۆرە بوونانەی هەبێ و زامنی ئازادی بێ مەرج و شەرتی هەموو کەسانێک بێ بوهەڵبژاردنی شێوە ژیانیان.

## شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار و دامەزراندنی سوسیالیزم
## ڕێگای گەیشتن بە ئاوەها کۆمەڵگایەکە

سوسیالیزمی زانستیانە لەگەڵ هەموو دەزگا فیکری و خەیالیەکان کە لە زەینەکان بزواوە و گۆمانی هەیە کە بە راوێژکردن بۆ بۆرژوایی دەتوانرێت ئەو ناچاربەبێ دەسەڵاتی بکات و یان گۆمانی بێت دەتوانرێت سوسیالیزم بەچینی سەرمایەدار دا سەپنیرێت و یان تێکۆشابێت لەگەڵ هەڵبژاردنی هێزی سیاسی، دەسەڵات بگرنە دەست، جیاوازی هەیە.
سوسیالیزم نەبەرەوتی خۆ بەخۆیی و ڕێگای ئیرادەیی ویان راوێژی پەیغەمبەرانە، دادەمەزرێ و نەبەخەباتی پیشەیی و ڕیفۆرمەکان کە تەنیا وەلامدەری گیروگرفتی پیشەیی چینی کرێکارە.

کاتێ هەل و مەرجی لە بار بۆ دامەزراندنی سوسیالیزم پێک دێ کەچینی کرێکار لەگەڵ شۆرشی کۆمەلآیەتی خۆی و بە رووخانی دەسەلآتی سیاسی چەوسێنەران، خۆی بە دەسەلآت بگەیێنێ.

رووخانی یەکجاری چەوسێنەران، کاتێ بە ئەنجام دەگات کە چینی کرێکار ببێتە چینی دەسەلآت دارو توانای ئەوەی هەبێ کە بەر بەرەکانی مان ونەمانی چەوسێنەران تێک و پێک بدات وکۆمەلآنی زەحمەتکێش بۆ پێکهاتی نوێ ئابووری وسیاسی کۆمەڵ رێک بخات.

رزگاری چینی کرێکار تەنیا بەهێزو توانای خۆی بەئەنجام دەگات، لە بەر ئەوەی هەموو چین و توێژەکانی تری کۆمەڵ سەرەرای ناکۆکیەکانیان، لە پاراستنی بنەمای سیستەمی سەرمایەداری، بەرژەوەندی یەکسانیان هەیە.

مەرجی پێویست بو گەیشتن بە شۆرشی کۆمەلآیەتی چینی کرێکار پێک هێنانی سوسیالیزم و گەیشتن بە کۆمەڵگای کۆمۆنیستیە، دیکتاتوریەتی پرۆلتاریایە کەتوانای هەیە بەربەرەکانی چەوسێنەران تێک وپێک بدات، ئەگەر لە دێمۆکرات ترین کۆمەڵگا سەرمایەداریەکان (هەروەها لە سەرەتای سەدەی بیست ویەکەم بەروونی ئاشکرایە) دەوڵەت بەواتای دەزگایەکی تایبەتە بوسەرکوت، ئەویش سەرکۆتی زۆربەی کۆمەلآنی خەڵک بەدەستی کەمایەتیێکی چەوسێنەر بەناو (سەرمایەدار) کە بۆ پاراستنی هەرێمی ملکایەتی و بەدرێژایی مێژوو لەو پەری ناعەدالەتی دەریایێکی خوێن لە کۆیلەکان و جووتیاران و کرێکارانی مووچە خۆر، وەرێ دەخەن هەروەها چینی کرێکارو زۆربەی خەڵکی چەوساوە ی ژێر ستەم لە دەورانی تێ پەرین لە سەرمایەداری بەرەو کۆمۆنیزم و بۆ پاراستن و



کۆنترۆلی خاون ملکایەتی کۆمەڵ لەسەر ئامرازی بەرهەم هێنان و ئاڵ وگۆر، بەربەرەکانی کەمایەتی چەوسێنە رۆتەقەلای ئەوان بوگەیشتن بە بەهەشتی لە دەست چوویان، تێ دەشکێنن.

بەو واتاکە لەم دەورەدا رەوتی تێ پەربوون بەرەو گەشەکردنی کۆمەڵ، ئاوەها دیمۆکراسی و ئازادی دادەمەزرێت کە مێژوو وێنەی ئەوی بەخۆیەوە نەدیتبێ. کۆمەلآنی خەڵک واتە بەرهەم هێنەرانی هاودەنگ و یەکگرتوو لە شووراکان و ئۆرگانەکانی سەربەخۆ کە بەبریارووویستی خۆیان بەربەرەکانی بورژوایی تێک دەشکێنن و خاون ملکایەتی بۆرژوایی لە سەر ئامرازی بەرهەم هێنان و ئاڵ گۆرکردنەوە لە نێو دەبەن و ملکایەتی کۆمەڵ لە سەر ئامرازی بەرهەم هێنان و ئاڵ و گۆر دادەمەرزێنن و چەوسانەوەی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ لە ناودەبن، بەجۆرێک کەچی تر پێوێست بە بەرگری و سەرکوت و دەسەلآت و بۆرۆکراسیەت نەبێ.

<u>سوسیالیزم ودێمۆکراسی.</u>

سیستەمی سوسیالیزم، ئاکامی کومەڵگایەکی رێکخراو ونوێیە کەبنەماکانی، پاراستنی ماڤەکانی مرۆڤ و دابین کردنی بارودۆخی گەشەکردنی هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیە، کۆمەڵگایەک کە ئامانجی ئازادی راستەقینەی مرۆڤایەتی‌یە لە هەموو دەردو ئازارێک کە سیستەمە چینایەتیەکان تائێستا مرۆڤ یان پێ لەزەنجیرداوە .ئەم سیستەمە هاوبەشە تەنیا بەئاڵ و گۆڕ بەسەر پەیوەندیەکانی ئابووری و سیستەمی بەرێوبەری کۆمەڵگا، کۆتایی نایێت، بەڵکو هاوکات فراوان ترین وبەردەوام

ترین ئازادیە سیاسیەکان بۆ بە دەست هێنانی باێخەکانی فەرهەنگی گونجاو لە گەڵ پێکهاتی ئابووری کۆمەڵایەتی دابین دەکات.

سوسیالیزم کۆتایی ڕێگاو پێکهاتی کۆمەڵایەتی و ئابووری نەگۆڕاو نییە، بەڵکو دەورانی تێ پەربوونی ڕەوتی سەرمایەداری بەرەو کۆمونیزمە. لەم چەرخەدا، داب و نەریتەکان، ئاسەوارەکانی کۆمەڵگای کۆن لە ناو ناچێ و بۆرژوایی دیسان بۆ بەدەست هێنانی دەسەڵات بە تەواو هێزیەوە دژی دەسەڵاتی چەوساوان وزوڵم لێ کراوەکان، تێ دەکۆشێت، وەک ئەزموونی شکانی مەزنترین شۆڕشی کرێکاری لە یەکێتی سۆڤیەت، دەرکەوت کە خەباتی چینایەتی لە دەورانی پێک هاتنی سوسیالیزم شێوازی نوێ بە خۆیەوە دەگرێ و وەڵامی پرسیاری گرنگی کێ بەسەرکێدا دەسەڵاتی دەبێ، دەداتەوە، بەڵام لە ڕەوتی پێشکەوتنی سوسیالیزم بە شێوەێک کە ئەزموونی یەکێتی سۆڤیەت، سەڵماندی، نەبیری لە نێوچوونی چینەکان و دامەرزاندنی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی گشتی و خەڵکی، بواری پێک هاتنی کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستی، وەدی دێنێ و نەدامەرزاندنی دیکتاتوریەت و سەرکوت و بۆروکراسیەتی حێزبی و دەوڵەتی و دوورخستنەوەی خەڵک لە سیاسەت توانای هەیە ڕاستیەکانی خەباتی چینایەتی و گیروگرفتەکانی پێک هێنانی سوسیالیزم، چارەسەر بکات.

سوسیالیزم لە ئازادی و دێمۆکراسیەت جیا نیە، ئازادی بیرورا دەربڕین و فیکریەت و ئایدە و ئازادی سیاسی و بەشداری و هەڵوێست گرتنی ڕاستە و خۆی خەڵک لە پروگرامدانان، بەرهەم هێنان، ئاڵ و گۆر لەبابەتی سیاسەت، کەلتوورو هتد، تەنیا زامنی پێشکەوتنی سوسیالیزم و پێکهاتی



سەرکەوتووانەیەتی،خەباتی بەردەوام و بەشداری ڕاستە و خۆی خەڵکی لەبەرهەم هێنان، پروگرامدانان و بەڕێوبەرایەتی لە پێکهاتی زانایانەی سوسیالیزم، تەنیا هۆکاری سەرکەوتنی چینی کرێکارو خەڵکی یە بەسەر چەوسێنەراندا، بەجۆرێک کە هیچ هێزێک توانای تێک شکاندنی نەبێ.

### دەوڵەت لە سوسیالیزم دا

هەبوونی حکۆمەت، بە واتای بوونی چینە دژ بە یەکەکان لە کۆمەڵگادا و زاڵ بوونی چینێک بە سەر چینێکی دیکەدایە. شێوەی بەڕێوبەری حکۆمەت دەتوانێ دێمۆکراتیک یان دیکتاتۆری، پاشایەتی یان کۆماری، پەرلەمانی یان شوورایی،ناوەندگرا یان فیدراتیو،مەزهەبی یان لائیک و یان شێوەکانی تر بێ. بەڵام هەموو ئەم شێوازانە لە یەک خالً دا هاوبەشن. لە هەموو ئەوانە دەوڵەت نوێنەری چینی دەسەڵات دارە. ئەگەر چینەکانی چەوسێنەر دەسەڵاتی سیاسی بە واتای دەوڵەت بۆ پارێزگاری لە بار و دۆخی چەوساندنەوە و قازانج و بەرژەوەندیی کەمایەتێکی کەم دژی زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکی، پێویستیان هەیە، چینەکانی چەوساوە، پێویستیان هەیە بە سەروەری سیاسی بۆ لە ناو بردنی هەموو جۆرە چەوساندنەوەێک واتە بۆ قازانج و بەرژەوەندی زۆرینەی زۆری خەڵکی دژی کەمایەتی (کۆیلەدارەکان) کە سەرمایەدارەکانی ئەم چەرخەن و ئەوەی کە نێوەرۆکی دەوڵەتی سۆسیالیستی پێک دێنێ ئەوەیە کە چینی کرێکارە کە بە سەر چینەکانی تر هەژموونی (دەسەڵاتی سیاسی) وەدەست بێنێ تا کۆمەڵ بە لەناو بردنی چینەکان و لە ناو بردنی کۆڵەکەکانی ماددی پێویست بۆ حکۆمەتێکی بۆرۆکرات، بەرەو پێش ببات ، بە پێچەوانەی

کۆمەڵگایسەرمایەداری، کە لەو دا دێمۆکراسی بەر دەوام دەکەویتە تەنگەژەی چەوساندنەوە و زەخت لە لایەن سەرمایەداری، سوسیالیزم بۆ وەدەست هێنانی ئازادی بێ ئەم لاو ئەولای هەموو کەسێکی کۆمەڵ، تێ دەکۆشێ و خەبات دەکات. ئامانجێک کە بێجگە لە ناوۆ بردنی چینەکان و لەناوچوونی دەوڵەت وەدی نایێت و هەر بۆیە بۆ وەدەست هێنان و تەزمینی ئازادیەکانی سیاسی بێ قەید و مەرج و بە ئەنجام گەیاندنی خەبات بکرێت و دەسەڵاتی چینایەتی لە ناو ببرێت. چینی کرێکار لە رەوتی گەشەکردنی خەباتی چینایەتی بە جێ کۆمەڵگای کۆن و رزیوی بۆرژوایی ئاوە ها کۆمەڵگایەک پێک دێنێ کە چینەکان و بەر بەرەکانیان لە گەڵ یەکتر نامێنی ، و چی تر هیچ چەشنە دەسەڵاتێکی سیاسی نامێنێ، بوونی دەسەڵاتی سیاسی تەنیا ئاکامی بەر بەرەکانی چینەکانی ناو کۆمەڵگای سەرمایەداریە. بە لەنێوبردنی چینەکان دەسەڵاتی سیاسیش لە نێودەچێ و مرۆڤ و چالاکیەکانی ئەو بە هەموو واتایێک لە هەربەربەربەستێک ئازاد دەبێت.

## کار لەسوسیالیزم دا

لە قوناغی سوسیالیزم دا هەموو هێزە بەرهەم هێنەرەکان گشتی دەکرێن، کار وەک سەرەکی‌ترین هێزی بەرهەم هێنەر و کانگای زیدەباری لەم یاسایە جیاناکرێتەوە. ئەگەر دابەش کردنی کار لە سیستەمی سەرمایەداری دەبێتە هۆی هێزی بەرهەم هێنەر بۆ کۆکردنەوەی سەرمایە و جیاکردنەوەی مرۆڤ لە خۆی و بەکەرەستە بوونی هێزی



بەرهەم هینانی، لە سیستەمی هاوبەشیدا دەبێتە هۆی باوەری مرۆڤەکان و بەشداری چالاکانە و بەداخوازی ئەوان لە بەرهەم هینانی هاوبەش دا. سوسیالیزم بە لەناو بردنی رێورەسمەکانی کاری مووچەیی و رێکخستنەوەی کاری هاوبەش، دام و دەزگای کار لەسەرئەساسی بەرهەم هینانی سەرمایەدارانە هەڵدەگرێ و کار نەوەک ئامرازێک بۆ ژیان، بەڵکووەک پێویستیکی سەرەکی لە ژیانی مروڤی لێ دێ. ئەگەر سەرمایەداری بەمەبەستی بەدەست هێنانی قازانجی زۆرتر و دابەزاندنی دەست مایەی بەرهەم هێنان دەبێتە هۆی بێ کاری لە بەرچاوی توێژەکانی کۆمەڵ، بەشیکی گەورە لە بایەخەکانی بەرهەم هاتوو لە رێگای پیشەسازیەکان وەک سەنعەتی نیزامی، بڵاوکردنەوەی لەش فروشی و بەرهەم هێنانی مۆخەدیرات بەکاردێنێ. لە سوسیالیزم دا هیچ کەسێک سەر لەنوێ ناکرێتە ئامرازی بەرهەم هێنەری سیستەم هاوبەشی و بەرهەم هێنانی ئەورەوتە، هیچ مروڤێک نایێەرادەی دەزگا یان ئامرازی بەرهەم هێنەرو لێ هاتوویی و توانای مروڤەکان لە هیچ بارودۆخێک دا نابێتە وەڵامدەری پێویستیەکانی بەرهەم هێنان و بەفیرۆ ناچێ. بەشداری کردنی راستەو خۆی هەموو هاووڵاتیان لە پرۆسەی کارو حازر بوونی بێ واستەی ئەوان لە پروگرامدانانی بەرهەم هێنان و هەموو چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان لە رێگای نوێنەران دەبێتە پاڵ پشتی کاریگەر بۆ بە ئەنجام گەیشتن و دابین کردنی ئەم ئامانجە لە سوسیالیزم و پێکهاتی شوورایی لە بەرێوەبەرایەتی، کۆمەڵ چی‌تر نابێتە شاهیدی لەت و پەت بوونی مروڤەکان و زنجیرکردنیان لە زیندانی کاردا، ناویک لە لەشکری

ئامادەی‌کارو یان حەشیمەتی بێکارنیە، بازارو بازرگانی و ئاڵ و گۆری تۆجاری لە سنووری ژیانی خەڵک لە ناو دەچێ. کۆتایی دێت بەو بەرهەمانەی کە پەیوەندیان لەگەڵ پێداویستیەکانی ژیان و ئاسوودەیی هاووڵاتیان نیە. زەمینەکانی ماددی مۆخەدیرات و رووکردن لە کارو کەسبی لە جۆری قاچاخ و دەڵاڵی.و بن برِ دەکرێت.

## مەسەلەی خاون مڵك بوون (مالکیت)

ئامانجی سوسیالیزم دامەرزاندنی خاون مڵکایەتی هاوبەشی لە سەر ئامرازی بەرهەم هێنان و دابەش کردن بە سەر کۆمەڵدایە. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، پێویستە هەموو جۆرە خاون مڵکایەتی تایبەتی لە سەرئامرازی بەرهەم هێنان و ئاڵ گۆر پێ کردن ولانرێت و مڵکایەتی هاوبەشی لەکۆمەڵدا دامەزرێت.

ئەم رەوتە بەیەك شەو بە ئەنجام ناگات و شووراکان و رێکخراوەکانی دەسەڵات داری خەڵکی بەپێ توانای سیاسی و ئابووری خۆیان لە ماوەی پرۆسەیێکی دیاریکراو سەرپەرشتی بەسەرخاوەن مڵکایەتی هاوبەشی، وە ئەستودەگرن.

سوسیالیزمی زانستی جیاوازی هەیە لەگەڵ هەموو ئەو مەکتەبانەی کە بەناوی جۆربەجۆر خاون مڵکایەتی تایبەتی لە سەر ئامرازی بەرهەم هێنان و دابەش کردنیان، قبووڵە، بۆ دەوڵەت رەوڵی "رێنون"، "رێنوێنی ئابووری"،"هاو ئاهەنگ کەری بەشەکانی ئابووری" رێکخستنەوەی



بەرهەم هێنانی.وهتد. دەخەنە کایەوە و بەئابووریکی تێکەڵ سوسیالیزم دەڵێن.

ئەزموونی سوسیالیزم لە سەدەی بیستەم دا. دەریخست کە ئابووری بە پروگرامی ناوەندگرا بە تەنیایی لە بوژانەوەی پێویست بۆ سەر لە نوێ داهێنان لە گۆرەپانی بەرهەم هێنان بێ بەشە ولە درێژ خایەن بە راوەستانی ئابووری دەگات.

نەوعی سوسیالیزمی "چینی" بە هۆی ئاوەلابوونی بازار بۆ کۆنترۆلی میکانیزمی دابەش کردن بە کردەوە ئیمکانی لابردنی سیستەمی دراوی (پارە) و بەرهەم هێنان وئاڵ و گۆر کە بنانمەی ئابووری سەرمایەداری پێك دێنێ، بۆ خۆی مەحاڵ دەکات.

ئەم ئەزموونانە پیشان دەری ئەوەن کە لەگەڵ بوونی رێفۆرم و پاشەکشە و پێشرەوی کردن لەقوناغی گەشەکردن بۆ قۆناغی ترو پێك هاتنی سوسیالیزم، خاوەن مڵکایەتی کۆمەڵایەتی لە ژێر رەکیف و کۆنترۆلی بەرهەم هێنەرانی یەکگرتوو لە شووراکان و پێك هاتە سەر بەخۆەکان وئەودینامیزمەی کە بۆکێ بەرکێ سۆسیالیستی و گەشە کردن و بووژانەوەی کۆمەڵ پێویستە پێك دێنێ و پێویستی هەرنەوعە رێفۆرمێك کە لەگەڵ قازانج وبەرژەوەندی زۆرێنەی خەڵك هاو ئاهەنگ ولەژێر کۆنترۆل و رێبەری ئەوان بێ لەخزمەت دەگرێ.

کۆمۆنیستەکان بەمەبەستی بەهێزکردنی چینی کرێکار بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەرکی مێژووی خۆیان، ئەوان لە هێزێکی سەربەخۆ و جیا لە

ئەحزابی بۆرژوایی رێک دەخەن و دژایەتی ئاشتی هەڵنەگری نێوان چەوسێنەران و چەوساوەکان ئاشکرا دەکەن و گرنگی مێژووی و بارو دۆخی پێویست بۆ شۆرشی کۆمەڵایەتی روون دەکەنەوە، لە هەمان کات دا بێ دەرەتانی، بارۆدوخی خەڵکانی زەحمەتکێش و چەوساوەی تر لە کۆمەڵگای سەرمایەداری و هەروەها پێویستی شۆرشی کۆمەلایەتی بۆ رزگار بوون لە زەنجیری سەرمایە بۆ ئەوان روون دەکەنەوە.

## فەسڵی دووهەم.

## تایبەتمەندیە گشتی‌یەکانی حێزبی کۆمۆنیست

لەمەودای یە ک و نیۆ سەدە لە دامەرزاندنی یەکەمین حێزی کۆمۆنیست و بلاوبوونەوەی مانیفێست رۆانگە و بیرورای جۆراو جۆر لەسەر حێزب خوڵقارە. ئێمە بەئەزموون وەرگرتن لەم دەوریە (بەسەرنج دان بەبارۆدۆخی دیاری کراوی مێژووی دامەرزاندنی ئەم ئەحزابە) تایبەتمەندیە گشتی‌یەکانی کەلەژێرەوە نووسراون بۆ حێزی کۆمۆنیست کە دەبێ وەلامدەری ئەوپێویستیانەی بێ کەهەردەم لەئاڵ و گۆردان لە هەزارەی سێهەم بۆ بە ئەنجام گەیاندنی شۆرشی کۆمەلایەتی چینی کرێکار، بە پێویست دەزانین.

١- حێزبی کۆمۆنیست پێک هاتوو لە کۆمەڵێک لەبەشی پێشرەوی چینی کرێکارە کە لە بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی ئەم چینە پێک دێت، بەواتایکی تر حێزب ئاگامی خەباتی چینایەتی و گەشە کردنی



زانایانەی چینی کرێکارە و تێکەڵ بوونی سوسیالیزمی زانستی لەگەڵ جوولانەوەی کرێکاریە.

٢- حێزب کۆمۆنیست پیشاندەری زانایی و ئامانجەکانی چینی کرێکارە و ئۆرگانی پێشرەو وخەتی پێشەوەی بەرگری لە بەرژەوەندیەکانی ئابووری و سیاسی درێژخایەنی چینی کرێکارە.

٣- حێزب رێکخەر، فێرکەر و روون کەری چینی کرێکارە لە هەموو بوارەکان دا.

٤- حێزب هێزی خەبات دژی دەست پێشخەریەکانی بۆرژوایی لە بزووتنەوەی کریکاریە، ئەو دەست پێشخەریانەی کە لە بەرەوپێش چوونی رادەی تێ گەیشتن و گەشەکردنی شێوازەکانی خەباتی کرێکاران، بەرگری دەکەن، هەروەها حێزب بۆرژوازی بە هەموو تیئوریەکانی و ڕابەرانی فیکری و سیاسی ئەو، چەک دەکات.

٥- حێزب پێشرەوترین ئۆرگانی چینی کرێکارە، لەگەڵ ئەوەی کەچینی کرێکار لەقۆناغی جۆربەجۆری خەبات بەگەشەکردن و تێ گەیاندن و پێ‌گەیاندنی‌خۆی خەریک دەبێ و لەسەر ئەم ئەساسە لە ئەحزاب و رێکخراو پێکهاتی جۆراو جۆر پێک دێ. بەلام هەروەها کەئەم خەباتە بەرژەوەندیە چینایەتیەکانی، کرێکاران بەرەو یەکگرتن و یەکبوون دەبات، بێ گۆمان لە بواری تێ‌گەیاندن، چینی کرێکار لەرەوتی خەباتی خۆی بەرەو هەموو لایەنەبوونی و تێ گەیاندن لەسەر ئەساسی بەرژەوەندی چینایەتی بەرەوپێش دەچێت، ئەرکی حێزبە کەبەوپەری تێ کۆشانی بەم پرۆسەیە یارمەتی بدات.

٦- حێزب بێ هەڵەنی‌یە، تەنیا تێکەڵ بوونی‌لەگەڵ چینی کرێکار و دامەرزاندنی پەیوندی ئۆرگانی‌و، جیانەکراو لەئەو دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی رادەی تێگەیشتن و چاککردنەوەی هەڵەکان وبووژانەوەی حێزب، حێزبیش لە زانیاری گشتی چینی کرێکار کەڵک وەردەگرێ و یارمەتی دەداتە پرۆسەی زانیاری گشتی چینی کریکار.

٧- ئەرکی حێزبە کە بۆ رێکخستنی کرێکاران، وەکو یەکیەتیەکان، شووراکان، رێکخراوەکانی تری کرێکاری خەبات بکات و کۆمەلانی چینی کرێکار بۆ پێک هێنانی ئەم رێکخراوانە یارمەتی بکات، حێزب تەنیا لەرێگای ئەندامانی چالاکی خۆیە کە دەتوانی لەشوێنی کارو ژیان کاریگەری هەبێ لە سەر ئەم پێک هاتانە و رێکخراوانە و بەکردەوەراستی سیاست و تاکتیکەکانیان بەوان بسەلمێنێ.

٨- حێزب نابێ رێگا چارەسەرەکانی خۆی و ئەومەسەلانە کە رەوتی‌خەباتی چینایەتی رووبەرووی بزووتنەوەی دەکات بە تەواوی‌بێ هەڵەو لادان بزانێت، حێزب بۆ چارەسەرکردنی هەڵەکان و چاککردنەوەی بەوەختی خەتاکان دەبێ بە پراتیکی رۆژانەی بە رەخنەو رەخنە لە خۆگرتن و بەپێداچوونەوەی تیئوریەکان و راست کردنەوەی ئەوان لە رێگای تێ گەیشتن لە راستیەکانی کۆمەڵگاو رادەی خەباتی چینایەتی هەنگاو هەڵبگرێ، تاچالاکیەکانی خەباتی خۆی هەمووکات لەگەڵ بارۆدۆخی نوێ کەبەردەوام لە گوراندایە، رێک بخات.



٩- مارکسیزم- لنینیزم و هەموو ئەزموونەکانی ئیوریکی و پراتیکی بزووتنەوە ی‌کۆمۆنیستی وەکو زانستە نەک ئایەتەکانی ئاسمانی، هەلسنگاندی روون لەهەل و مەرجی روون لە بواری خوێندن، لیکۆڵینەوەو بەکارهینانی ئەزموونەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، ئەساسی کاری حێزبی کۆمۆنیستە.

١٠- هەموو ئەندامانی حێزب، سەربەستن بۆ دەربڕینی بیرورای خۆیان و خەبات بۆ سەلماندنی بیروراکانیان و ئەم مافە بۆ ئەندامانی حێزب بێ سنوورە وحێزب نابێ بەکەڵک وەرگرتن لە شێوازی جۆراو جۆر زەخت بخاتە سەر ئەوان.

١١- بێ گومان ناتەبایی نێو خۆیی چینی کرێکار لە حیزب دا رەنگدانەوەی دەبێ، بۆ چونی شۆرشگێرانەی کۆمۆنیستی لە چوار چێوەی پروگرامکانی حیزب سەبارەت بە بابەتەکانی ئیستراتیژی، تاکتیکی.و، دەتوانێت ناکۆکیان هەبێ، ئەم ناکۆکیانە تەنیا لە رێگەی وتووێژی ئازادو بێ قەیدو مەرجەکەدەتوانێ بەتێ‌گەیشتنی حیزب و پێوەندی هەرچی زیاتری ئۆرگانی حێزب لەگەڵ چینی کرێکار و کەم کردنەوەی هەڵەکان، یارمەتی بکات و حیزب بپارێزیت لە بوون بە تاقێمێکی ووشک و بێ تەئسیر، لە سەر ئەم ئەساسە رێک وپێکی و دیسپلینی حێزبی تەنیا لە چوار چێوەی ئازادی ئەندامان لە گفتوگۆ، باس کردن و بیرورا دەربڕین،

ڕەخنەگرتن وبەشداری کردن لە چوارچێوەی تیئوری و کردەوەی حێزبەکە بەردەوام دەمێنێ.

١٢- حیزب پێشرەوی چینی کرێکارە، هێزی بەرەو پیش چوونی ئەم چینەیە، بەڵام خۆی لە جێ ئەم چینە دانانی، حیزب پارێزەری حکوٌمەتی کرێکاریە و لەرێگای ئۆرگانەکانی خەڵکیەوە هەڵدەبژێردرێ ووەلایش دەنرێت.

١٣- حێزب هەموو هێزو توانای خۆی وەگڕدەخات تادەسەلاٌتی سیاسی کرێکاری چینی کرێکار لە جەرگەی ئازادی بێ سنووری سیاسی و تێ گەیشتنی کۆمەلاٌیەتی، زانستی، کەلتوری و سیاسی، وەدەست بێنێ و بنیاتی سوسیالیزم دامەزرێنێ و هەوڵ بدات بۆ گەیشتن بەکۆمەڵگای کۆمۆنیستی.

١٤- حیزبی کۆمۆنیست حیزبێکی ئەنترناسیونالیستە، سەرمایەداری لە سەردەمی هەزارەی سێهەم بەخێرایی بەرەو جیهانی بوون بۆ پێشەوە دەچێت، ئاسایی یە کەچینی کرێکاریش لە هەموو بوارێک بە یەک نێزیک بکات، حێزبە پرۆلتریەکان، هەر لەسەرتاوە، ڕۆخسارێکی جیهانیان هەبووە و بەرەو جیهانی بوون بەرەوپێش دەچن.

جیهانی سەرمایەداری زۆر بەخێرایی سنوورەکان تێ پەردەکات و بەخێرایی لە ناوچەیی بوون بەرەو جیهانی بوون دەروات. شۆرشی گەورەی ئەنفۆرماتیک، گەشە سەندنی بازرگانی، ناردنی سەرمایە، ئامرازەکانی پێشکەوتووی پێوەندی گشتی بووەتە هۆی یەکبوونەوەی بەشەکانی جۆراو



جۆری ئەو بەرزبوونەوەو هاتنە خوارەوەی بازاری بۆرسێك لە باشوور و رۆژهەلاٌتی ئاسیا، بازاری سەرمایە لە رۆژئاوای ئۆروپادە هاژێنێ، هاوٌسەنگی و جیهانی بوونی سەرمایە بووەتە هۆی ئەوەی کە داواکان، خەبات، وئەزموونەکانی بزووتنەوەی کرێکاری بگاتە رادەیێکی بەرز بۆ یەکگرتووی و هەمەلایەنە بوونیان ،گەشە سەندن و پەرەگرتنی ئەم خەباتە، لە بەرانبەر سەرمایە کە لە رادەی جیهانی‌یە، توانای بەربەرەکانی هاوٌکات و یەکگرتوو لە هەمووکاتێکی تر زورتر پێك هێناوە و رۆژ لەدوای رۆژ کرێکاران بەرەو خەباتێکی یەکگرتوو بەرەوپێش دەبات.

١٥- یەکگرتووی و یەکبوونی حێزبە کۆمۆنیستەکان لە هەزارەی سێهەم لە سەر ئەساسی پێشکەوتووترین داخوٌازی و پروگرامکان و لەرادەیێکی بەرز پێك دێت، نەك لە دەوروبەری ئەم جەمسەریان ئەوجەمسەری حێزبە کۆمۆنیستەکان و یان ولاتێکی سوٌسیالیستی. فیدائیانی کۆمۆنیست لەرێگای گەیشتن بە ئامانجەکانی سەرەوە تێ دەکوٌشن و وەك حێزبێکی کرێکاری کۆمۆنیستی، ئەنتر ناسیونالیست و وەك حیزبی سیاسی چینی کرێکار و هێزێك لە لەشکرِیجیهانی کرپکاران پاڵ بەپاڵ هەموو ئەحزابی کۆمۆنیستی لە ئیران و جیهان خەباتی ئاشتی هەلنەگری خۆی دژی سەرمایەداری و سیستەمی ناعادلانەی زاڵ بوو بۆ گەیشتن بە سیستەمی کۆمەلاٌیەتی نۆی کە لەودا بەرانبەری و دوٌستایەتی هەموو مروڤەکان بەبێ لە بەرچاوٌگرتنی جینس، رەگەز، نەتەوە و سنوور، خەبات دەکەن. رێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست خۆی وەفادارو پێ داگر

له‌سه‌ر داب و نه‌ریت و بنچینه‌كانی ماركسیزم و به‌ئه‌زموونه‌كانی بزاڤی كۆمۆنیستی، بلشویزم و هه‌ڵگری تیئوری سوسیالیزمی زانستیانه ده‌زانێ و هه‌روه‌ها خۆی به درێژه ده‌ری مانیفێستی كۆمۆنیست و بزووتنه‌وه‌ی مێژوویی كۆمۆنیسته‌كانی ئیران و جیهان، ده‌زانێ.

## حێزب ، هێزیكی ڕه‌خنه هه‌ڵگر

ئه‌ركی كۆمۆنیسته‌كان ته‌نیا گه‌لاڵه له دارشتنی تیئوری شۆڕشی ئیران نیه، به‌ڵكو تیئوریزه كردن، شێوازی ئه‌و حێزبه شۆڕشگێڕه یه‌كه ئه‌ركی په‌یوه‌ندكردنی تیئوری و كرده‌وه (پراتیك) وڕێبه‌ری ئه‌م شۆڕشه به‌ئه‌ستو بگرێت. له سه‌ر ئه‌م ئه‌ساسه گرنگی ئه‌م تیئوریه له‌وه‌دایه كه خاڵی ده‌ست پێ كردنی ، ڕه‌خنه‌گرتن له پراتیكی رابردوو به‌مه‌به‌ستی زاڵ بوون به‌سه‌ر كۆسپه‌كانی ڕێگای داهاتووی ئه‌م سه‌ركه‌وتنه یه.

ئێمه كۆمۆنیسته فیدائیه‌كان چ له‌ناوه‌وه‌ی ڕێكخراو وچ له ده‌ره‌وه‌ی ئه‌و، هه‌موو كات له‌سه‌ر ئه‌م باسه گشتیه پێ داگر بووین كه‌چۆن ده‌توانرێت چوارچێوه‌ی حێزب، پروگرامو په‌یڕه‌وی ناوخو، شێوه‌ی كار، ئیستراتیژیه‌ت ..و له‌گه‌ڵ یه‌ك هه‌ڵسه‌نگاندنی ڕه‌خنه گه‌رانه له رابردووی ئالوزیه‌كان و شكسته‌كان و سه‌ركه‌وتنه‌كانی بزاڤی كرێكاری و خه‌باتی چینایه‌تی، سه‌ر له نوێ ڕیك بخه‌ێن، له‌سه‌ر ئه‌م ئه‌ساسه ئاوڕدانه‌وه له‌رابردوو وه‌ك چرای ڕێگای داهاتوو. بۆ ڕاست بوون و به‌ئاكام گه‌یشتنی هه‌ر پروگرام و هه‌نگاوێك به‌پێویست ده‌زانین.



# فه‌سڵی سێهه‌م

## پێویستی ئاوڕدانه‌وه له رابردوو

ئه‌زموونه پڕله‌بایه‌خه‌كانی بزاڤی كرێكاری و كۆمۆنیستی له مه‌ودای سه‌ده‌ی بیسته‌م، شكان و سه‌ركه‌وتنه گه‌روه‌كانی له یه‌ك و نیو سه‌ده‌ی رابردوو و هه‌روه‌ها ئاڵ و گۆڕه گه‌وره‌كانی سه‌رمایه‌داری چ له سه‌رانسه‌ری جیهان و چه‌له‌ئێران كه‌تێ په‌ری كردووه‌و چاوخشاندنێك به ڕۆخساری گشتی سه‌رمایه‌داری و سوسیالیزم له یه‌ك سه‌د ساڵی رابردوو چ له بواری جیهانی و چ له چوارچێوه‌ی ئێران، له پروگرامی حێزبی كۆمۆنیست جیانه‌كراوه‌یه.

## ڕۆخساری گشتی سه‌رمایه‌داری له سه‌ده‌ی بیسته‌م

سه‌رمایه‌داری له درێژایی یه‌ك و نیو سه‌ده‌ی رابردوو چوار قۆناغی ئه‌ساسی تێ په‌ڕكردووه‌كه چۆار قۆناغی گرنگه بۆ بزووتنه‌وه‌ی كرێكاری، چۆار قۆناغ كه وه‌ك ئاڵقه پێكه‌وه لكاون.

١. قۆناغی یه‌كه‌م له شۆڕشی گه‌وره‌ی فه‌رانسه هه‌تا ساڵی ١٨٥٠ وه‌به‌رده‌گرێت كه بۆرژوازی یه‌ك ده‌وره‌ی له شۆرشه‌كان و شه‌ره‌كانی رزگاری ده‌ری دژ به ده‌ره‌به‌گایه‌تی، تێ په‌ركرد. خالێ له به‌ر چاوی ئه‌م قۆناغه، شكانی سیسته‌می فیۆدالیزم (ئاغاده‌ره‌به‌گی) و حكومه‌ته دیكتاتوره‌كان له ولاتانی رۆژئاوایی و دامه‌زراندنی ده‌وله‌ته

دیموکراتیەکانە کە تێکەڵ بە جوولانەوە خەڵکی‌یەکان بووە. وکۆمەڵانی خەڵك لەرێگای راگەیێنەرە گشتی‌یەکان و ئەنجوومەنە نوێنەریەکان لە سیاسەت نێزیك دەبوونەوە. ووشیاری نەتەوایەتی، خەبات بۆ ئازادیە سیاسیەکان و خەبات بۆ دابین کردنی ماڤەکانی نەتەوایەتی بە گشتی لە تایبەتمەندیەکانی ئەم قۆناغەیە.

٢. قۆناغی دووهەم، دەورانی گەشە کردنی ئازاد لە سیستەمی سەرمایەداریە، لەم قۆناغە حکومەتەکان دامەزراون ،رژێمە مەشروتەکان پێك هاتوون و گەشە سەندنی ئازادی سەرمایەداری لە ئۆرۆپا و ئەمریکا دەست پێ دەکات و لەشەری فەرانسە و پرۆس (١٨٧٥) یەك دەورەی درێژلە پەرەگرتنی سەرمایەداری لەگەڵ یەك دەورەی چەوساندنەوە، دەست پێ دەکات ولانی زۆری قازانج لە بازارەکان بەدەست دێت قۆناغی گەشەسەندنی زێرینی هێزە بەرهەم هێنەرەکان و بەدەست هاتنی زێدە باری بۆ سەرمایەداری دەسەڵات دار پێك دێ، سیفەتی بەرچاوی ئەم قۆناغە نەبوونی بزووتنەوەکانی کۆمەڵانی بۆرژوا-دیموکراتیە.

سەرمایەداری گەشەسەندوو بەنێزیك بوون و تێکەڵ بوونی هەرچی زیاتری نەتەوەکان کەبەرەوتی ئاڵ و گۆر پێ کردن کێشراون، دژایەتی ئاشتی هەڵنەگری سەرمایەداری کە لەپێوانەی نێونەتەوەیی لەیەك ئاڵاون و بزاڤی نێونەتەوەیی کرێکاری لە پلەی یەکەمی گرنگی پێ دانن، پاش شکانی ئابووری (١٨٧٣) و بەدوای دەورەی کۆرت خایەنی بەرزبوونەوەی ئابووری، کارتلەکان دێنەکایەوە و دەور دەبینن.



٣. پرۆسەی زۆر خێرای کۆکردنەوەی بەرهەم لەو کۆمپانیا گەورانەی کە بەردەوام لەپەرەگرتن دان، دەست پێ دەکات. هاوکات لەگەڵ قەیرانی سەرەتاکانی سەدەمی بیستەم، پاوانخوازەکان بەسەر هەموو ئابووری جیهان بلاودەبنەوە. بە پێچەوانەی کێبەرکێ ئازادانەی سەرمایەدارەکانی ئازاد و بەرهەم هێنەران و خاوەن کاران و فروشیارەکانی بەربلاو کە بەرهەم هێنانی کەرستە لەلایەن ئەوان بۆ فرۆشتن لە بازارێکی نادیارە، کارگەکان بارودۆخی بەرهەم هێنان و فرۆشتن و هتد دیاری دەکەن. سەرمایەداری لە قۆناغی‌کێبەرکێ ئازاد تێ پەریوە و بەرەوبە کۆمەڵ بوون پێش دەچێت. سەرەرای ئەوەی کە بەرهەم هێنان لایەنی کۆمەلایەتی بەخۆیەوە دەگرێت، بەلام ئامرازەکانی کۆمەڵایەتی بەرهەم هێنان و مڵکایەتی هەر وەها لەژێر رەکیفی خاوەن مڵکە تایبەتیەکانە.

٤. قۆناغی سێهەم هاوکات لەگەڵ کۆبوونی بەرهەم هێنان و دامەزراندنی پاوانخوازەکان و تێکەڵاوی ئەو لەگەڵ بانکەکان و ناردنی سەرمایە، رێو و رەسمەکانی بەرهەم هێنان لە سەرئەساسی بەرهەم هێنانی کەرەستەیی و کێ بەرکێ ئازاد و قەیرانە دەورەیەکانی ،جێگای لەگەڵ پاوانخوازەکان و دەسەڵاتی مالی دەگورێ. بەتێکەڵ بوونی سەرمایەی بانکی و پیشەیی، ئەلیگارشی مالی دێتە ئاراوە. کۆبوونی سەرمایە لە هەندێك ولاتی دەوڵەمەند و پێشکەوتوو و هەروەها پێك هینانی یەکیەتیە گەورەکانی سەرمایەداری کە جیهانیان دابەش کردووە لە نێوان خۆیان دا، کەبیتە هۆی پێك هاتنی ولاتانی ئیمپریالیستی.

٥. ئەگەر لە قۆناغی دووهەم دیمۆکراسی بۆرژوایی لە تایبەتمەندیەکانی سەرخانی سەرمایەداری لە سەر ئەساسی کێ بەرکێ ئازاد، هەبوو. سروشتیەکە زاڵ بوونی پارانخوازەکان، لە سیاسەتی سەرخانیش دەرڕۆیشتە لای پاوانخوازی و کردەوەی زۆرەملی.

٦. تایبەتمەندیکی تری ئەم قۆناغە لە گەشەکردنی سیستەمی سەرمایەداری، قەیرانەکانی دەورەیی و سەرهەڵدانی شەرەکانی ئیمپریالیستی سەرچاوە گرتوو لە کێبەرکێ پاوانخوازەکانە، کە هاوکات لەگەڵ دەست پێکردنی شەری یەکەمی جیهانی دەچێتە قۆناغی کۆتایی هاتنی . بەدوای خۆیدا دەبێتە هۆی هندێک ئاڵ و گۆر لە سیستەم و ئاشکرا بوونی شێوەکانی جۆراو جۆری قەیران و پێک هاتەکانی سەرخاتیئەو.

٧. لەم قۆناغەدا، گەشە کردنی کورت خایەنی بازار و پاش شەری جیهانی، قەیرانی گەورەی ١٩٢٩ بەدواوە بوو.

ئابووری زانانی بۆرژوایی بۆ چوونی زیادکردن و خستنەکایەوەی سەرمایەداری تایبەتی-دەوڵەتی تێکەڵاوکردنی پێک هاتە دەوڵەتی-تاییەتیەکان، وەکو رێگای دەرباز بوون لەوبارودۆخە بەکار هێنرا کەبووە هۆی پێک هاتنی دەوڵەتە فاشیستەکان و ناوەندگراکانٍ.

٨. نەزیاد کردنی سەرمایەدانانی دەوڵەتی-تایبەتی و نەرێك کردنینرخیقازانجیسەرمایە( پلانی کینز) رێگای چارەسەری ئەو قەیرانە نەبوو کە ناوەرۆکی سیستەمی سەرمایەداریە، وئەم پلانە بووە هۆی زیادبوونی بێکاری و گرانی. بەردەوامی ودەسەلاتی



پاوانخوازەکانی زیادکرد و دەوڵەتەکانی سەرمایەداری لەخزمەت سەرمایەی ماڵی دەستیان کردە دابین کردنی چەك و چول بۆ شەرەکانی داهاتوو.

لە ئاکامی بەردەوام بوونی قەیرانەکان و توونددبوونەوەی دژایەتیەکانی پاوانخوازی، شەری دووهەمی جیهانی خوڵقا.

٩. هەرچەند ئاڵ و گۆری تەکنۆلۆژیك کاریگەری بوو لەسەر گەشەکردنی جیهانی سەرمایەداری ،بۆماوەیەك بەلأم پێك هاتنی دامەزراوەکانی دەوڵەتی تێکرای ئاکامەکانی شەری سارد بۆجیهانی سەرمایەداری، وهەروەها پرۆسەی جیهانی بوونی سەرمایە و بەکۆمەڵ بوونی بەرهەم هیناں بووە هۆی بەردەوامی و توونــد بوونی قەیرانی سەرمایەداری، وەك بەردەوامی قەیرانی دەیەی ٧٠، هەڵگیرسانی شەر لە نێوان ئیمپریالستیەکان و هەروەها پاوانخوازەکان بۆ وە دەست هێنانی بازاری نوێ بەشێوەی شەرەکانی ناوچەیی، نەتەوەیی وهتد.

١٠. ئابووری زانان وزانایانی بۆرژوایی دوای بەردەوامی قەیران وتێك چوونی پاش ماوەکانی قۆناغی داگیرکەری وهتد، بیریان کرد کە میکانیزمی بازار خۆی بە خۆی دەتوانی هاوسەنگی پێویست لە کاروباری سەرمایەداری پێك بینێ.سەرمایەداریکیئازاد کە دەبێ لەسەر ئەساسی یاسای پێشکەش کردن و داواکاری، نرخی چەوساندنەوە و شێوازی وەدەست هێنانی زێدەباری دیاری بکات. دەوڵەت بۆ پێك هێنانی هەڵ و مەرجی گونجاو بەمەبەستی وەگەرخستنی سەرمایە، دانی سەرانەی لەناوبردو هەزینەی دامەزرانی ژێرخانی ئابووری و

کاروباری کۆمەڵایەتی خستە سەرشانی کرێکاران. ئەم سیاسەتە لە هەندێ لە وڵاتان وەک بەریتانیا و ئالمانیا بەڕێوەچوو، ئەم وڵاتانە سەرەرای دەورەیێکی کورت لە گەشەکردن، تووشی قەیرانی ئابووری گەورە بوون. بێکاری و دوور بوونەوەی چینەکان لەیەکتر و هەروەها نەداری لەناو کۆمەڵگا زۆر بوو و زۆربەی کۆمپانیاکانی بچووک نەک نەیانتوانی پەرە بدەنە دامەزراوەکانیان بەڵکۆ لەژێر دەسەڵاتی زاڵبووی پاوانخوازەکان وورد بوون.

١١. پاش شەری جیهانی دووهەم، شەری سارد بوودجەیێکی گەورەی تەرخان دەکرد بۆ چەکسازی وڵاتانی سەرمایەداری گەورە. هاوکات لەگەڵ رووخانی یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی رۆژهەلات و پێک هاتنی بازاری بەربلاوی نوێ لەبەرامبەر سەرمایەداری و دەست پێ کردنی ئاڵ و گۆرە گرنگەکان لە وڵاتانی سەرانسەری جیهان کە نیشانەی لە بەربلاوی سەرمایە و تێک شکانی رەوتەکانی رابردوو بوو. زانایانی سەرمایەداری ناچارکرد بۆلابردنی قەیران و بۆ وەلام دانەوە بە بارو دۆخی نوێ تیئورێکی دیکە لەسەر ئەساسی دیمۆکراتیزا سیون و لابردنی ناوەندگرایی لە ئابووری سەرمایەداری دا بڕێژن. ئەساسی ئەم تیئوریە لە سەر ئەم زەمینەیە دارڕشراوە کە سەرمایەداری لە کۆتایەکانی سەدەی بیستەم دەتوانێت لە رێگای دانی سهام (بەش) کۆمپانیا گەورە تایبەتی-دەوڵەتیەکان بەکرێکارن و فەرمانبەرانی، رۆخساری خەڵکی بەخۆیەوە بگرێت، ئەوان لەسەر ئەو باوەرەن کە سەرمایەداری لە تێ پەربوون لەرەوتی دیمۆکراتیزە بوونی



سەرمایەداری دایە. بەشدارەکانی کارخانەکان و کۆمپانیا گەورەکان (واتا کرێکاران و فەرمانبەرانی لەگەڵ سەرمایەداران) خاوەنی ئەسڵی بنیاتە سەرمایەداریەکان دەبن و بەم شێوە خاوەن مڵکایەتی تایبەتی و پەرینەوە بەرەو کۆمەڵگایەکی هاوبەشی و یەکسان دەست پێ دەکات.
بەلام بەرێوبردنی ئەم پلانەیش (تەرحە) لەوڵاتانی وەک فەرانسە، ئاڵمان و برپتانیا ئاکامی بەپێچەوانەی خۆڵقاند وداهاتەکانی سەرچاوەگرتوو لە فرۆشتنی بەشی بنیاتە گەورەکانی دەوڵەتی و کۆمپانیا گەورەکان تەنیا دەست و باڵی تراستە چەند نەتەوەیەکانی ئاوەلاکرد لە بەکارهێنانی سەرچاوە ماددیەکانی سەرچاوەگرتوو لە کۆکردنەوەی پاش کەوتەکانی بچووک و توووند بوونەوەی چەوساندنەوەی کرێکاران و فەرمانبەران. زیاد بوونی نرخەکان و دابەزینی خزمەتگۆزاری دەوڵەتی، دەرکردن و بێکارکردنی بەربلاو (بۆ وێنە ئاڵمان) ئاکامی ئەم سیاسەتە بوو.

١٢. پاش رووخانی یەکێتی سۆڤیەت و ئۆروپای رۆژهەلات راوێژکارانی بۆرژوایی وایان زانی کەبە شکانی سوسیالیزم ڕوانگەکانی مارکسیستەکان لە سەر رەوتی گەشە سەندنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و تایبەتمەندیەکانی سەرمایەداری وەک ئیمپریالیزم و قەیرانەکانی سەرمایەداری، ناراستی خۆیان پیشان دەدن.

هەڵسەنگاندنی مێژووی پەرە ئەستاندنی سەرمایەداری پێشان دەدات کە ئاڵ وگۆری سەرمایەداری ئەو ڕەوتە تێ پەر دەکات کە

مارکسیستەکان لە ڕێگای هەڵسەنگاندنی زانستی ڕەوتی پەرەسەندنی سەرمایەداری، ڕوونیان کردووەتەوە.

بەتایبەت پێکهاتی پاوانخوازی کە لەلایەن لینینەوە بەشێوەی تیئوری دەرهاتووە و بەهۆی زۆربەی زانایانی بۆرژوایی و ڕەوتی ژیانیش سەلمێندراوە، وەکو یەکێک لە تایبەتمەندیە بنەڕەتیەکانی سەردەمی ئێستا هەروەها بەقوەتی خۆی ماوە. ئەمڕۆکە مرۆڤێک نابینرێت کە تێ‌گەیشتو بێت و حاشا لەزاڵ بوونی دەسەڵاتی پاوانخوازی لەسەر هەموو ژیانی مرۆڤ، بکات. ئەورۆکە کۆکردنەوەی دارایی لە دەستی کەمتر لە چەند سەد کۆمپانیای گەورەی پاوانخواز کەخاوەنی هەزاران و دەیان هەزار کۆمپانیا و بنیاتە بچووک و گەورە لە سەرانسەری دنیادان. ڕوونکەرەوەی ئەم ڕاستیەیە،کە سەرمایەداری ئێستاکە لەگەڵ بەدەستەوەگرتنی کۆڵەکەکانی ئابووری و سیاسی، بازاری جیهانی لە دەست پاوانخوازە گەورەکان، کۆکراوەتەوە، بەجۆرێک کە نەتەنیا لە سەبارەت بە چوارچێوەی پرۆگرام ئابووریە ناوچەیی‌یەکان بڕیاردەدەن، بەڵکو گۆڕانکاریە سیاسی و کەلتوریش دەکێشنە ژێر دەسەڵات و بەرژەوەندیەکانی خۆیان. تەنانەت لەوڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری دەوڵەتەکانی‌تر بەکردەوە بوونەتە بەرێوبەری سەرمایەی جیهانی و ڕەوڵی (دەنگی خەڵکی) و پەرلەمانەکان بۆ یاسادانان و دەست تێ وەردان لەکارو بار،کە نوێنەرانی ئەوان خۆازیارین زۆر بەرتەسک و بەرتەسک تر دەکرێت و بەجۆرێک بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیەکانی پاوانخوازەکان و سەرمایە نێونەتەوەیەکان. پەرلەمانی نەتەوەیی توانای بڕیاردان و نوێنەرایەتی دەنگدەرانیان نە ماوە و خۆیان



دەبنە ئامرازی ڕێک کردنی یاساو سیاسەتەکانی سەرمایەی جیهانی لە پێوەندیەکانی ناوچەیی و پارێزەری سەرمایە لە چوارچێوەیکی دیاری کراودا. پاوانخوازی سەرمایەداری بۆ دەربازبوون لەقەیرانەکانی خۆی و بۆ زیاد کردنی نرخی قازانج نەتەنیا زاڵ بوونی ئابووری لەگەڵ زاڵ بوونی نیزامی تێکەڵ دەکەن و جیهان پڕ دەکەن لە چەکی کۆکوژ. بەڵکو بەداسپاندنی پێشبەرکێ چەکەکانیان، دەست تێ وەردانی نیزامی، هەڵ خڕاندنی کۆدیتای نیزامی، هەڵخڕاندنی شەرە ناوچەیی‌یەکان، هەموو لایەنەکردنی (ناسیونالیزم)، ڕەگەزپەرستی، بەهێزکردنی بزاڤە کۆنەپەرەستە ئائینی‌یەکان، تێ کۆشاون وتێ دەکۆشن و بەوەرگرتنی قازانجی لە ڕادە بەدەرو چەوساندنەوەی چینی کرێکار و تاڵانی کانگاکانی جیهان، وەڵامدەری قەیرانەکانی خۆیان دەبن.

١٣. لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم کە بێکاری، گرانی و هەژاری لە بواری جیهانی کەوتوەتە داوێنی بەمیلیون مرۆڤ، سەرمایە کەهەردەم بە زیاد کردنی نرخی قازانجەکانی ، هۆی قەیرانەکانی خۆی دەخوڵقێنێ. ڕێگایەکی نیە بێجگە لەوەی کە سیستەمێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی نوێ، لە جێگای خۆی دانێ.

لە دەیەکانی دوایی‌دا وڵاتانی گەورەی سەرمایەداری بەشێوازێکی زۆر ئاشکراتر شاهیدی قەیرانێکین کەهێشتا ڕێگای چارەسەری بۆی نەدۆزراوەتەوە. سەرمایەداری بۆ چارەسەری قەیران هەوڵ دەدات بەبەر تەسک کردنەوەی بازار کە بۆ خۆی یەکێک لە هۆیەکانی قەیرانەکانە لە ڕێگای زیادکردنی هەزینەی (سەرمایە) هۆی سەرمایە و کەم کردنەوەی

هەزینەی ئامرازی کار،دەست درێژی بۆ سەر مووچەکان کەم بکاتەوە، بەڵام ئەم بابەتە نەتەنیا بازار چالاك ناکاتەوە بەڵکو مەسرەف کەم دەکاتەوە و بەدابەزینی رادەی فرۆش کۆتایی پێ دێ.

سەرمایە لە رێگای فرۆشتن لەبەرامبەر دانی متمانەکان بەو وڵاتانەی کە لەگەشەکردن دان و فرۆشتنی کارخانە و هەروەها کەل و پەلەکانی مەسرەفی، بەبێ ئەوەی کە بۆرژوازی ئەم وڵاتانە مەجبور بە دانی نرخیان بن، ئەیان کەنە وڵاتانی مەسرەفی کە هەرگیز ناتوانن پارەی (پولی) ئەو کەرەستەو کارخانانەی کە کڕیویانە و هەروەها ئەو متمانانە کە وەریان گرتووە، بدەنەوە.

لەئاکام دا پاوانخوازەکان روو دەکەنە وڵاتانی خاوەن نفووزی رۆژ ئاوا، هەر ئێستا دەوڵەتانی وڵاتە گەورەکانی سەرمایەداری وەك ئەمریکا، فەرنسا، هولندا، سوید، بەلجیك وئەڵمان ملیاردها دۆلار قەرزدارن و چینی کرێکاری ئەم وڵاتانە بۆ دانەوەی قەرزی ئەم دەوڵەتانە مەجبور بەکاری زۆرتر لەبەرامبەر مووچەی کەمتر.

١٤. لەدەیەی ٨٠ ەوە، شەپولی نێولیبرالیزم بەراگەیاندنی سەرفەجوویی لە متمانەکانی گشتی، هێرشی خۆی بۆ سەر هەزینەکانی دەوڵەتی و هەق دەسەکان، دەستی پێ کرد.

بۆ ئەوەی کە خەڵك قەرزەکانی دەوڵەت بدەنەوە، سەرانە لە سەرهەق دەسەکان زیادکرا، بەڵام دیسان بەکەم کردنەوەی توانای کڕین، رادەی مەسرەفیش دابەزی. سەرەرای ئەمە، بەکەم کردنەوەی سەرمایە دانانی دەوڵەتی، وەك نەخۆشخانەکان، قوتابخانەکان، رێگاو بانەکان وهتد...



ئەو ملیاردەها دۆلارەی کە بۆ کرینی کەرەسەکان و دانی هەق دەس سەرف دەبوو، دابەزی و لەئاکام دا نەك بەشی دەوڵەتی بەڵکو سەدان کۆمپانیای گەورە و بچووك کە پلانەکانی ئاوەدان کردنەوەیان جێبەجێ دەکرد، نەیانتوانی چیتر کەسیك لەسەر کار دامەزرێنن و دەستیان دابەدەر کردنی بەربڵاوی کرێکاران و فەرمانبەرانیان.

هەروەها سووڕانی سەرمایە و هەڵهاتنی بەرەو ئەو ناوچانەی کەهەق دەس هەرزانە و هەزینەی گواستنەوە و گەیاندن کەمترە، بوو بە هۆی بێکاری و قەیرانی ئابووری بەر بڵاوتر.

سەرەرای ئەوەی کە سەرمایەکانی پاوانخوازی لە دوورترین شوێنەکانی ئەم جیهانە، بە زۆرتر کردنی چەوساندنەوە، دانی کەمترین هەق دەس و هەروەها خراپترین هەڵ و مەرج و نەبوونی ئیمکاناتی ئاسوودەیی و تەندروستی، خەریکی بەدەست هێنانی زیدەبارین، بەڵام هیچ ئاسۆیکیان بۆ دەرباز بوون لەم قەیرانە نیە.

سەرمایەداری لەم سالانەی سەردەم دا، لەرێگای سوود وەرگرتن لە چارەسەریەکانی (میلتون فریدمان) بووتە هۆی بێکاری و هەژاری ملیونەها نەفەر، تەنیا لە ئوروپادا.

لە سەرەتاکانی دەیەی ٨٠ ەوە، ووتراوە دەبی هەق دەسەکان دابەزێ و قۆناغی سەرفە جوویی تەحەمول بکرێت. گوایە لەگەڵ دابەزینی هەق دەسەکان قازانجی دامەزراوە تایبەتیەکان دەچێتە سەرێ، سەرمایەدانان هان دەدرێ و رادەی دامەزراندن بەرز دەبێتەوە و یارمەتی دەداتە زۆربوونی مەسرەف و گەشەی بەرهەم هێنان، (فیداکاریەکانی ئەمرۆ،

سەرمایەدانانی بەیانی و پیشەکانی دووبەیانی) درۆشمیکە کە دەکرێ بڵین هەموو وڵاتانی گەورەی سەرمایەداری بەتایبەتی پاش هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت، لە سوسیال دیمۆکراسیەوە بگرە تاکو پارێزگارترین باڵی بۆرژوازی، بوونەتەکارگوزاری ئەو.

هێرش بۆ سەرهەق دەسەکان، هاندانی کاری رەش، دامەزراندنی کرێکارانی ئوروپای رۆژهەلات و دانی کەمترین هەق دەس بەوان بەبێ هیچ چەشنە زێدە هەق دەسێك و بەشێوەیەکی نایاسایی، بە مەبەستی سەرفەجوویی لە هەزینەکانی هێزی کار، بەکاردەگیران.

١٥. سەیر نیە، ئەگەر بڵین جیهان بۆ جارێکیتر، بەڵام ئەم جارە لە رادەیەکی زۆر بەر بڵاوتر سەرەتای ساڵەکانی ١٩٢٩–١٩٣٠ تەجرووبە دەکات. تەنیا وڵاتانی لەگەشە کردن نین کەلە چوارچێوەی رینۆینی بانکەکانی جیهانی ژێر رەکیفی پاوانخوازەکان، خەریکی لابردنی سوبسیدەکانی دەوڵەتی، هەزینەی دابین کردنە کۆمەڵایەتیەکان ،کەم کردنی هەق دەسەکان و دەرکردنی بەکۆمەڵن . بەڵکو ئیستا بەهۆی زەختی سەرمایەی پاوانخواز وکاریگەری قەیرانەکانی سەرمایەداری، بێکاری بێوێنەی ملیونەها کەس لە وڵاتانی رۆژئاوا، زیاد بوونی هەژاری، لابردنی زێدە هەق دەسەکان و دابین کردنە کۆمەلایەتیەکان، ئیمکاناتی ئاسوودەیی و تەندروستی و هتد... پەرەی گرتووە و بووەتە هۆی دامەزرانی تاقمەکانی فاشیستی ورەگەز پەرەست و دژی بێگانە و هەر بەکردەوە بارودۆخی پیدابوونی فاشیزم پێك دینێ. سەرمایەداری تێ دەکۆشی کە بەکەڵك وەرگرتن لە



دەزگاکانی راگەیاندنی خۆی، کۆمەڵگا بەو قەناعەتە بگەیەنێ کە بەجێگای دۆزینەوەی هۆیەکانی راستقینەی چەرمە سەریان و خەبات دژی ئەوان، بگەرن بەدوای ئەو گروپە کۆمەڵایەتیانەی کە هەر کامیان لە بواری کەلتوری و نەتەوەیی ورەگەزی جیاوازن و بەم شێوەیە بەرپرسایەتی هەموو گیروگرفت و قەیرانێك بخاتە ئەستۆی ئەوان. ئەم توێژانە لەیەکەم قۆناغ ئەوانن کە کۆچیان کردووەو لەهەموو شوێنێك وەك هۆکارەکانی بێکاری دەکەونە بەر هێرشی تاقمەکانی فاشیستی.

١٦. بەلام سەرمایەداری بەرهەمی پەرەسەندنی درێژخایەن و ئاکامی ئەو ئاڵ و گۆرە گرینگانەیە لە شێوازی بەرهەم هێنان. پەرەسەندنی شێواز و ئامرازەکانی بەرهەم هێنان، پرۆسەی جیهانی بوونی ئەو، چ لەبواری چینەکانی ناوکۆمەڵگا و چ لەبواری شێوەو پێکهاتی هێزەکانی کۆمەڵایەتی، هەندێك ئاڵ و گۆری پێك هێناوە.

بۆرژوازی لەهەر شوێنێك کەزاڵ بووە، هەموو رێ و رەسمەکانی پێش لەخۆی تێکداوە، بۆرژوازی بۆ فرۆشتنی کەل و پەلی بەرهەم هاتووی کەهەردەم زۆر دەبیتەوە، بەرەولای بازارەکانی نوێ دەچێ و بەکەڵك وەرگرتن لە بازاری جیهانی، وڵاتانی جیهان بەدووبەشی مەسرەفی و بەرهەم هێنەر دابەش دەکات. ئەم بابەتە بە تایبەت لە سەرەتای ئەم سەدەیە و پیدابوونی پاوانخوازەکان و ناردنی سەرمایە زۆر بووە و لە دەیەکانی سەردەم دا لەگەڵ شۆرشی بەردەوام لە تەکنولوژی و

ئەنفورماتیک و پەرەسەندنی بەردەوامی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان بەشێوەیەکی راستەقینە سنورەکانی نەتەوایەتی بەزاندووە.
جیهای بوونی سەرمایە کە لەرێگای ناوچەیی بوون بەرەوپێش دەچێ، بوژانەوەی ئامرازەکانی پەیوەندی گرتن و زانیاری وهتد... هەموو نەتەوەکان لە سەرانسەری جیهان دەباتەژێر رەکیفی سەرمایەداری.
بۆرژوازی هەموو دیوارەکانی رووخاندووە و بووتە هۆی پەیوەندیی نەتەوەکان و سنورەکانی نەتەوایەتی بەزاندووە و ژیانی هەموو خەڵکی جیهان پێکەوە گرێ داوە. ودەبێتە هۆی هاوکاتی و هاوسەنگی زۆرتری گیروگرفت و خەباتی ئەوان.
هەروەها قەیرانی سەرمایەداری، تێگەیشتن، رێکخستن و داخوازیەکانی چینی کرێکاریش لە سەرانسەری جیهان پێکەوە نزیک دەکات و زەمینەی یەکگرتووی و یەکێتی ئەو زیادتر لەپێش، پێک دێنێ.

## فەسڵیچوارەم:

## سوسیالیزم

١. قۆناغی یەکەم:پاش گەشەکردنی سەرمایەداری و سەرکەوتنەکانی بە سەر سیستەمە دەرەبەگایەتیەکان، چینی کرێکار لە سالی ١٨٤٨ یەکەم هەنگاوی خوی بە مەبەستی رێکخستنی حێزبی هەڵگرت. لە گەل دامە زرانی یەکێتی کۆمۆنیستەکان و نووسینی مانیفستی کۆمۆنیست وەک پروگرامی حێزبی کۆمۆنیست، رایان گەیاند کە چینی کریکار هەڵگری چارەسەری



مێژوویی دژایەتیەکانی ناوخۆیی سەرمایە داریە. بەڵام شکستی خەباتی کریکاران لە مەودای ئەوسالانە و سەرکەوتنی سەرمایەداری بە سەر راپەرینی چینی کرێکار نیشانی دا کە بارو دۆخەکە بۆ شۆرشی سوسیالیستی ئامادە نەبو.
٢. شکستی بزووتنەوەی چینی کریکار کە هاوکات بوو لە گەل قۆناغی بوژانەوەی سەرمایەداری، کۆمۆنیستەکان و بە تایبەت ئەندامانی یەکێتی کۆمۆنیستەکانی هان دا کە ئەم شکستەیان هەڵسەنگێنن.
بەلام لە ساڵی ١٨٦٤ و بە پێک هاتنی ئەنترناسیونالی یەکەم و هاوکاتی ئەو لە گەل بوژانەوەو پەرەسەندنی سەرمایەداری، چینی کریکاریش بەربڵاوتر و لە باری چۆنیە تی بە هێز تر لە پێش هاتە ناو گۆرەپانی خەباتی ئابووری و بە دامەزراندنی ئەنترناسیونالی یەکەم کە بیری کریکارانی فەرنسا و بەریتانیا بوو، هەزاران کرێکار لە ولاتانی جۆراو جۆری سەرمایەداری بەرەولای خۆی راکێشا.
بەلام خەباتی کریکاران هاوکات لە گەل پەرەسەندنی سەرمایەداری هێشتا خەباتێکی ئابووری بوو. بوونی مارکس وئە ندامانی یەکێتی، بوو بە هۆی پەرەگرتنی روانگەکانی مارکس لە ناو ریزەکانی کریکاران و دەرخستنی خالێ جیاوازی خۆی لە گەل تەوژمەکانی فاشیستی.
٣. دەرکەوتنیقەیرانی ١٨٧٠ و شەری فەرنسا و پروس و هەروەها شکستی ئیمپراتوری دووهەم، بۆ خەلکی کریکار و زەحمەتکێشی پاریس کە ئەو کاتە لە ژێر گەمارۆی هێزەکانی بسمارک بوون، شتێک جگە لە بێکاری و هەژاری و برسێەتی ،بە دیاری نە هێنا. راپەرینی چەکدارانەی کرێکارانی

پاریس بووە هۆی دامەزراندنی کورت خایەنی کۆمۆنی پاریس، کۆمۆنی پاریس کە ئاکامی یەکەم هێرشی راستەوخۆی پرۆلیتاریا دژی سەرمایەداری دەژمێردرێ، ئەزموون و ئامووزشی زۆری لەخۆی بەجێ هێشت، بەلام لەگەڵ شکستی خوێناوی کۆمۆنی پاریس و قەتڵ وعام کردنی کۆمۆناردەکان لە لایەن بۆرژوازی کە هاوکات بوو لەگەڵ قۆناغێکی تری گەشە سەندنی ئابووری خۆی، بووە هۆی لە ناوچوونی ئەنترناسیونالی یەکەم و داسەپاندنی دەورەیک لە راوەستانی رێژەیی بەسەر بزوتنەوەی کرێکاری.

٤. هاوکات لەگەڵ قوناغی تازە لەگەشەی سەرمایەداری، چینی کرێکاریش، دوای شکستی قورسی کۆمۆنی پاریس و تێک چوونی ئەنترناسیونالی یەکەم، توانی خوی کۆ بکات و بۆ خەبات دژی سەرمایەداری خۆی رێک بخات و دەست بداتە پێک هێنانی یەکێتی و سندوقەکانی بێکاری وهتد...، لەم قۆناغەدا، یەکیەتیەکان و ئەحزابی سیاسی چینی کرێکار لە سەر زەمینەی گەشەی سەرمایەداریک پێک دەهات کە زۆرینەی قازانجی خۆی لە بازارەکانی ناوخۆ و دەرەوە بەدەست دەهێنا.

لەم هەڵ و مەرجەدا خەبات بۆ وەدەست هێنانی داخوازیەکانی ئاسوودەیی، وەک کەم کردنەوەی سەعاتەکانی کارکردن، مافی رێکخراو، زۆرتر کردنی هەق دەسەکان، ئاکامی دڵخوازی بۆچینی کرێکار بەدوادا بوو.



بەم شێوەیە، داسەپاندنی هەندێک رێفورم بەسەر بۆرژوازی (کە سەرکەوتنێکی گەورە بۆچینی کرێکار بوو لە باری بەدەست هێنانی داخوازیە سینفی و ئابووریەکانی) رێگای خۆش دەکرد بۆ هەندێک لادانەوە لە ناوبزووتنەوەی کرێکاری.

گومان وابوو کە بەم شێوەیە بارو دۆخی گەشەی بەرەبەرەی سەرمایەداری بەرەو سوسیالیزم پێک هاتووەو... کە ئەمەش بووە هۆی لادانەوەکانی دوایی لە نا و ئەنترناسیونالی دووهەم و ئەحزابی سوسیال دیمۆکرات.

٥. دوای لە ناو چوونی ئەنترناسیونالی یەکەم کەبیرو بۆچوونی جۆراوجۆری فیکری لە خۆیدا کۆ کردبوو، حێزبی سوسیال دیمۆکرات بەبیرو بۆچوونی مارکسیستی، بەریبەری لیبکنشت و ببل دامەزرا، و لەگەڵ بوژانەوەی سەرمایەداری لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم ئیمکان و پێویستی پێک هێنانی ئەحزاب و رێکخراوە پرولەتریەکان، بۆ جارێکیتر کەوتە بەردەستور و بەم شێوەیە لە سەرزەمینەی بوژانەوەی سەرمایەداری، پرۆسەی دامەزراندنی ئەحزاب لە ولاتانی سەنعەتی دەستی پێ کردو بووە هۆی دامەزرانی ئەنترناسیونالی دووهەم لە ساڵی ١٨٨٩ .

٦. ئەنتەرناسیونالی دووهەم کە لەپێش دا لە یەکگرتنی رەوتە مارکسیستەکان و لایەنگرانی مانیفێست پێک هاتبوو، بەرەو رێفۆرم ولارێ دا رۆێشت وبووە هۆی گەشەکردنی سەرمایەداری و سەرکەوتنی رێفۆرم ،لە راستی دا سەرکەوتنی بۆرژوازی و زاڵ بوونی ناسیۆنالیزم، نیشتمان پەرەستی لەپێک هاتە خەلکێەکانی چینی کرێکار بوو.

بەلەناو چوونی ئەنتەرناسیۆناڵی دووهەم لەگەڵ تێ پەرینی سەرمایەداری بەرەو دەورانی ئیمپریالیزم وپاوانخوازی بەرەورووو بوو. بەزیاد بوونەوەی دژایەتیەکانی ئیمپریالیستی پەرەگرتنی بایەخەکانی بۆرژوایی، وەک نیشتمان پەرستی و ناسیونالیزم، گرایشی چینی کرێکاری بۆ بەسیج بوون بەرەو بەرەکانی شەروبوون بە گۆشتی دەمی تۆپی بۆرژوازی ئیمپریالیستی، پەرەی سەند.

باسە تیئوریکەکان لەئەنتەرناسیوناڵی دووهەم، لەسەر وشیاری پرۆلتاریا و بارو دۆخی نوێ. دامەزرانی ئەحزابی چینایەتی پرولتری هێنایەکایەوە. رێکخراوە کریکاریەکان، پێش لە پاوانخوازیەکان وەک ئەحزابی ئەنتەرناسیوناڵی دووهەم کە لەگەڵ کەوتنەداوێنی بۆرژوایی دەستکەوتی تیئوری و زانستی زۆریان بوو. توانای وەلامدانەوەی بابەتەکانی نوێ و پێویستی بۆ خەباتی چینایەتی ئەم هە لٚ و مەرجەیان نەبوو.

ئەحزابی کۆمۆنیست دەبوا لەدەورانی رووخانی بۆرژوازی بە بابەتە سەرەکیەکانی شۆرشی کۆمەلایەتی. بەدەست گرتنی دەسەلاتی سیاسی لەلایەن چینی کرێکارو بیناتنانی سوسیالیزم، وەلامدەربن.

ئەنتەرناسیوناڵی سێهەم: بەوەفاداری بەمارکسیەت لە دەوری کەمایەتیە نەزەریەکان لە دژی خەیانەتی سوسیال دیموکراسی خەباتیان کرد بوو پێک هات و سەرئەنجام حێزبی بلشویک بوو ە جەمسەرێک کە ئەنتەرناسیوناڵی سێهەم بەدەوری ئەودا پێک هات.

توونـد بوونـەوەی دژایەتیەکانی ئیمپریالیزم، بوو بەهۆی هەلگیرسانی یەکەمین شەری جیهانی، لەکاتێک دا ئەنتەرناسیونالٚ لەگەڵ بورژوایی



بەپروپاگەندەی ناسیونالیزمی و نیشتمان پەرەستی، چینی کرێکاری بەرەو بەرەکانی شەرکۆدەکردەوە، ئەحزابی کۆمۆنیستی وەک حێزبی بلشویک لە روسیا لە رێگای بەسیج، رێکخستن و فێرکردنی چینی کرێکار بۆ رووخانی بۆرژوایی تێ دەکۆشا، ئەم هەولانە لە رێکخستن و رێیەری شۆرشی ئۆکتۆبەر لە روسیا بەئاکام گەیشت.

شۆرشی ئۆکتۆبەر لە بواری مێژوویی خاڵی دەست پێ کردنی گەورەترین ئاڵ و گۆر بوو کە مێژووی مرۆڤایەتی بۆ یەکەم جار تەجرۆبەی کرد. لەگەڵ شۆرشی ئۆکتۆبەر دەورانی رووخانی سەرمایەداری و سەرکەوتنی شۆرشە کۆمەلایەتیەکان دەستی پێ‌کرد. پێش لە شۆرشی ئۆکتۆبەر چینی کرێکار وەک چینی دەسەلات دار لەولاتێکدا دەسەلاتی سیاسی بەدەست نەهێنابوو و لەگەڵ بەرەێک لە دۆژمنانی جۆری چینایەتی خۆی بەشەر نەهاتبوو، لەگەڵ شۆرشی ئۆکتۆبەر مرۆڤایەتی بەگۆرانی سیستەمی ئابووری کۆمەلایەتی دەسەلات دا، پێک هێنانی کۆمەڵگایەکی بێ ستەم و چەوساندنەوە، باوەری هێنا.

لەگەڵ سەرکەوتنی شۆرشی ئۆکتۆبەر دەورانی شۆرشە کرێکاریەکان وتێ پەرینی سەرمایەداری بەرەو سوسیالیزم و دەورانی سەرکەوتنی مرۆڤایەتی بەسەر چەوساندنەوەو داگیر کەری و سەرکەوتن بەسەر جەهل و نەزانی و چارەرەشی، دەستی پێ کرد.

سەرکەوتنی شۆرشی ئۆکتۆبەر نەتەنیا گیانێکی تازەی بەبزووتنەوەی کرێکاری لە جیهان دابەخشی، بەلکو کۆمەلانی گەورەی لە توێژەکانی ژێر چەوساندنەوە، خەلکانی ژێر ستەم و دیلی ئیمپریالیزم و داگیرکەرانی

گەیاندە كۆری خەباتەوە و ئایدئۆلۆژی ماركسیستی، تیئوری و تاكتیكەكانی شۆرشی پرۆلتری و لینینزم بەخێرای لە پێنج قارەی جیهان پەرەی سەند.

شۆرشی ئۆكتۆبەر لە هەمان كات دا كە سەركەوتنەكانی بۆ مرۆڤایەتی وەدی هێنا، سەرەتای شۆرشی گەورەی فیكری كۆمەڵگای مرۆڤایەتی بوو.

٧. شۆرشی ئۆكتۆبەر بازاری تاقانەو جیهانی سەرمایەداری و زەنجیری ئیمپریالیزمی پساندو سەرەتای بێ گەرانەوەی قەیرانی گشتی سەرمایەداری كە بەشەری جیهانی یەكەم دەستی پێ كردبوو. وەدرخست.

٨. بەسەركەوتنی شۆرشی ئۆكتۆبەر قەیرانی گشتی سیستەمی سەرمایەداری، دیسان توند بووەو شەری دووهەمی جیهانی، بەواتای دووهەمین ئاشكرا بوونی گەورەی ئەم قەیرانە چارەسەرنەكراوەبوو.

٩. شەری دووهەمی جیهای شەرێكی بەتەواومانا بوو دژ بەیەكێتی سوڤیەت و سوسیالیزم و شۆرشی كرێكاری، ئەم شەرە نەك نەیتوانی ببیتە هۆی چارەسەرە قەیرانی گشتی و بێ گەرانەوەی سەرمایەداری، بەڵكو بووە هۆی سەركەوتنی یەك بەدوای یەكی شۆرشە كرێكاریەكان و بووە رزگاریدەری وڵاتانی جۆراو جۆر.

چینی كرێكاریش توانی لە وڵاتانی سەرمایەداری پێشكە وتوو بە هۆی خەباتی خۆی دەستكەوتێكی زۆر بەدەست بێنی بەڵام لە مەودای بنیات نانی سوسیالیزم هندێك هۆكاری عەینی و فیكری بووە هۆی ئەوئاڵ و گۆرانەیكە زێندوو بوونەوەی سەرمایەداری لەسوڤیەت و پاشان رووخانی ئەوی مسۆگەركرد.



١٠. بە پێچەوانەی یەكەمین بەراوردەكانی ماركس، یەكەمین شۆرشی كرێكاری نەك لە وڵاتانی پێشكەوتوی سەرمایەداری بەڵكو لە وڵاتانەی سەركەوتوو بووكە سەرمایەداری تا رادەیەكی مام ناوەندی گەشەی كردبوو.

سەرەرای ئەو، سەرمایەی جیهانی هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ پێك هێنانی بەرەیێكی یەكگرتوو لە هندێك لە وڵاتانی سەرمایەداری ئیمپریالیستی، ئەو وڵاتانەی كە شۆرشی كرێكاری لەوێدا سەركەوتوو بوون دایە بەر هێرشی شەری ناوخۆیی و بەدوای ئەو شەری دووهەمی جیهانی و شەری سارد و سەدان پیلانگیریی گەورە و بچووكیتر، كاریگەری زۆر وێرانكەری هەبوو لە سەر هەموو قۆناغەكانی سیاسی و ئابووری دامەزرانی سوسیالیزم.

١١. ئەگەر چی لەناوبردنی مڵكایەتی تایبەتی لەسەر ئامرازی بەرهەم هێنان و دامەزراندنی مڵكایەتی بەكۆمەڵ لەسەر ئامرازەكانی بەرهەم هێنان و دابەش كردن، پەرەسەندنی پروگرامی ئابووری، ئەنجام دانی شۆرشی فەرهەنگی، لابردنی ستەمی چینایەتی، نەتەوەیی و هتد بەشێك لە پروگرامی كاری یەكەمین دەوڵەتی كرێكاری بۆ تێ پەربوون لە سیستەمی سەرمایەداری بەرەو سوسیالیزم بوو، بەڵام ئەزموونی مێژوویی نیشانی دا كەبابەتی بنیات نانی سوسیالیزم و تێ پەربوون بەرەو كۆمۆنیزم، زۆر لەوەی كە لەسەرەتاوە چاوەروان دەكرا دژوارترە.

١٢. جگە لە هۆیەكانی دەرەوە، دەبێ هۆی سەرەكی تێك چوونی سوڤیەت لەناو مێژووی شۆرشی كرێكاری سۆڤیەت بدوزینەوە.

ئەگەر لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی سوسیالیستی ئۆکتۆبەر (جگە لە قۆناغەکانی جیاواز وەك نموونە) هەموو خەباتی سیاسی بریتی بووە لە شەر بۆبە دەست هێنانی دەسەڵات لەنێوان پرولەتاریاو بۆرژوازی، کەئەم شەرە هێزی سەرەکی جوولانەوەیە لە مێژووی هاوچەرخ.

دەبینین کە زۆر سروشتیە کە لەسوڤیەتیش کە ئەوکات قۆناغی تێ پەرینی بەسەر دەکرد، ئەم شەرە چینایەتیە بەردەوام بوو لەنێوان بورژوایك کە رووخابوو و هێشتا هێوای بۆ گەرانەوە بەسەر دەسەڵات هەبوو، و چینی کرێکاریك کە دەسەڵاتی سیاسی بەدەست هێنابوو، بەڵام هێشتا ئامانجە ئابووری-کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکانی خۆی بەتەواوی دانەمەزراندبوو.

ئاکامی شەر لە نێوان ئەم هۆکارە ئابووریانە بەهۆی هەڵەولادانەوەکانی حێزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت، بۆ نموونە، پێك هاتنی بۆرۆکراسی، راگەیاندنی لەناوچوونی چینەکان و پێویست نەبوونی خەباتی چینایەتی و سنووردارکردنی رەولی شووراکان و ئازادیەکانی سیاسی و هەروەها گومان لەوەی کە کۆمەڵگا بەرەو قۆناغی کۆمۆنیزمی پێشکەوتوو تێ پەریوە وهتد... سوسیالیزمی لەرەوتی مێژوویی خۆی بەلاریێ بردو تووشی کۆسپ و گیروگرفتی کرد و بووە هۆی ئەوەی کە رێگاخۆش بکرێ بۆ دەست پێ‌کردنی پرۆسەی گەرانەوی سەرمایەداری.

۱۳. لەگەڵ تێك چوونی یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی ئوروپای رۆژ هەڵات، هاواری مردنی کۆمۆنیزم لەناو زۆرناکانی راگەیاندنی سەرمایەداری جیهانی بەرزەو بوو. سەرکەوتنی سیستمی سەرمایەداری بەسەر سوسیالیزم و دامەزرانی (سیستەمی نوێی جیهانی) لەلایەن بەهێزترین وڵاتانی



سەرمایەداری (ئەمپریالیزمی ئەمریکا) راگەیاندرا و دەورەیکی کورت خایەن کە هاوکات لەگەڵ خەیانەت وپاکانەی زۆربەی سوسیالیستەکانی تەنیا بە قسە، بەسەر بزووتنەوەی کرێکاری کۆمۆنیستی داسەپا.

١٤. بەردەوامی قەیرانی سەرمایەداری، سەرەرای (چارەسەرەکانی) نیولیبرالیزم، و جهانی بوونی هەر چی زورتری سەرمایەداری، و کاریگەری کۆمپانیاکانی چەند نەتەوەیی، چینی کرێکار و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگای بەنیسبەت ئەو پرو پاگەندانەی کە گوایە (سیستەمی نوێ) زۆر شتێکی باشی هەیە، زۆرتر لە جاران وریاکرد و لە گەڵ لاچوونی ئاسەواری ئەم پروپاگەندانە، بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی بۆ جارێکی تر سەری هەڵدا و ئاسایشی لە سەرمایەداری ئە ستاند.

١٥. "سیبەری کۆمۆنیزم" ئەم جارە لەسەر زەمینەی بوژانەوەی هەموو لایەنەی هێزەکانی بەرهەم هێنەر، پەرەگرتنی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان، شۆرشی مەزنی تەکنولوژیك و ئەنفورماتیك و هەروەها بوژانەوەو بەرزبوونەوەی رادەی زانیاری و یەکگرتووی چینی کریکار لەسەرانسەری جیهان و لەسەر زەمینەی شەری گەورەی زورینەی کۆمەڵگا دژی ستەم و چەوساندنەوەی سەرمایەداری، خەریکە دەسووری.

۱۶.پێشرەوانی چینی کرێکار، ئەحزاب، کەسایەتی و تەوژمەکانی کۆمۆنیستی لەگەڵ پیداچوونەوەو رەخنە و کۆکردنەوەی هەڵە و سەرکەوتنەکان، لەرێگای چاکسازی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و رێکخستنی ئەحزابی چینایەتی هەنگاو هەڵدەگرن.

١٧ .سـەدەی بیسـت و یەکـەم ئـیمکاناتی ماددی و مەعنەوی زیاتری بۆ دامـەزرانی سوسـیالیزم پێك هێناوه. خەباتی چینایەتی لە سەدەی بیست و یەکەم هەلْ و مەرجیکی جیاوازی هەیە لەگەلْ دەورەی سەرکەوتنی شۆرشی ئوکـتۆبەر. بوژانـەوه و پەرەسـەندنی بـێ وێـنەی تەکـنولوژی، پەرەگرتنی گـەورەی بازرگـانی و بەکارهێـنانی پێشـکەوتوترین ئامرازەکانی پەیوەندی گشـتی و گۆرینی زانیاریەکان بەکەرەسته، بەرزبوونەوەی رادەی زانست و پسـپۆری و ئامووزشـی پـرولەتاریا، پەرەسـەندنی دەزگـا و ئامـرازەکانی کۆمپـیوتەری، بەکارهێـــنانی روبووتـــەکان، پروســـەی جـیهانی بوونـــی سـەرمایەداری و دەسـەلآتداری سـەرمایەداری لـە دوورتـرین شوێنەکانی جـیهان، لاواز بوونی بابەته نەتەوایەتی و داگیرکەرانه وهتد...  پەرەگرتنی بزووتـنەوەی کـرێکاری لـەولآتانی دەولّـە مـە نـد و هـەژار، پێشـکەوتوو و خەریکی پەرەسەندن، هاوسەنگی هەلْ و مەرجی ژیان، ئەزموون و داخوازی و خەباتـەکان، هـەموو و هـەموویان نەتەنـیا دامـەزران و چاکسـازی و سـەرلەنۆی دروست بوونی ئەحزابی کۆمۆنیست لەسەر ئەساسی پروگرام و ئامانجـەکانی چینایەتی پـێك دێـنی، بەلّگو دەبێته هۆی ئەوەی کە ئەوان لـەرادەی جـیهانی لەسـەر ئەساسی رادەیکی زور پێشکەوتووتر لەپروگرام و داخوازیـەکانی نـوێ پـێك بـێن، نـەك لەسـەر ئەساسـی کاریگـەری ئـەم جەمسەریان ئەوجەمسەری جیهانی.

١٨.هـەموو گورانکاری، رووداو و یەکگرتنەکان، چ لە چوارچێوەی ولآتیك و چ لـەرادەی جـیهانی، بەشـوێن دابـین کردنی ئامانجی سەرەوەیە و هەلْ ومـەرجی سەردەمی هەزارەی سێهەم و هەروەها بارودۆخی بەرچاوی جیهان



ئەم جوره جەمسەرانەی پێك هێناوه بۆ دامەزراندنی ئەحزابی کۆمۆنیست، پـێك هاتـنی بزووتنەوەی جیهانی کۆمۆنیستی و بەئەنجام گەیشتنی شۆرشی کۆمەلآیەتی چینی کرێکار.

## فەسلّی پێنجەم:

## رۆخساری گشتی سەرمایەداری لە ئێران لە سەرەتای سەدەدا

١. ٍهاوکـات لـە گـەلْ گەیشـتنی سـەرمایەداری بـە قۆنـاغی ئیمپریالـیزم سـەیتەرەی سـەرمایەی مـالّی، زەمیـنەکانی گەشـەکردنی شێوازی بەرهەم هێـنانی بورژوایـی لـە ئـێران رەخسا، رۆلّی ئیمپریالیزمی روسیا لە باکوور و بریتانیا لە باشوور و هەروەها ناکۆکی و دەرگیری نێوان ئەوان، بۆزالْ بوون لەسـەر سەرچـاوەکانی کەرەسـتەی خاو، بازاری کاری هەرزان، لەقەواره و شـێوازی گەشـەکردنی سیسـتەمی سـەرمایەداری لـە ئیران رولّێکی گرنگی هـەبووه رێکەوتـنەکانی ١٨٦٢-١٨٦٥-١٨٧٢-سەبارەت بە هێلەکانی تیلگراف ١٨٨٨، جـادەی خـێز، رێکەوتنەکانی سەبارەت بە وەرگرتنی وام و ئیمتیازی توتـون، ئیمتـیازی شـیلات (راوه ماسـی) دابـین کـردن (بیمە)، گۆاستنەوەی دەریـایی، زەوینی ١٩٠٠ و ١٩٠٢ گرتنی وامەکانی جیْ متمانه لە روسیا، بلجیك، بریتانیا و دەیان رێککەوتنی ورد و گەورەی تر لەم دەورەدا، بارودۆخ و ژێر

خانەکانی بووژانەوەی سەرمایەداری لە ئیران و شێواز و مەبەستەکانی ئەوی دیاری کرد.

٢. شۆڕشی مەشروتە خوازی: گەشە کردنی کۆمەڵگا لە فیئودالیزم (دەربەگایەتی) بەرەو سەرمایەداری کە لەگەڵ بەربەرەکانی دواکەوتوویی ناوخۆیی وڵات روو بەروە بووەو. قۆناغەکانی زۆر دژواری تێ پەڕکرد لەگەڵ شۆڕش و راپەڕێنەکانی یەک لە دوای یەک بوو. وەکو شۆڕشی مەشروتەخۆازی کە نەیتوانی ڕێ بووژانەوەی سەربە خۆی ئێران لە گۆڕین بە وڵاتێکی پێشکەوتووی سەنعەتی، بکاتەوە، لەوە بەدوا گەشە کردنی سەرمایەداری لە ئێران نەبەدابین بوونی دیمۆکراسیەت و ئازادیە سیاسیەکان و شارستانیەت، بەڵکو لە ڕێگای کۆبوونی دەسەڵات لەگەڵ خەباتی خۆیان لە ئازادی و سەربەخۆیی تارادەیەک کەم بەهرە مەند بن.

٣. کودیتای ١٢٩٩- کە بووە هۆی بە تەخت و تاج دانانی رەزاخان، گەرانەوەی وڵات بەرەو دیکتاتوریەت و کۆبوونی دەسەڵات و گەشەکردنی مودێر نیزاسیون لە کۆمەڵگا لەم چوارچێوەدا، یەکلاکردەوە.

٤. لە ژێر کاریگەری شەری جیهانی دووهەم و دەورەیێک لە ئازادیە سیاسیەکانی دوای شەر، ئیمکانی بووژانەوە و گەشەکردنی بورژوازی میللی لە ئێران پێک هات، کە لەرووداوەکانیئەم دەورەدا وەک بزووتنەوەی میللی کردنی نەوت.ورەنگدانەوەی سیاسی هەبوو. بەڵام لەگەڵ کودێتای ٢٨ گەلاوێژی (١٣٣٢) کۆکردنەوەی پێشۆی هێز دیسان سەر لەنوێ هاتەکایەوەو ئەم جارە ئێران بە تەواوی کەوتە ژێر رەکیفی ئیمپریالیزمی



ئەمریکاوە و بەهۆی موستە شارە نیزامی، ئابووری و... ئەمریکا بەڕێوە دەچوو.

٥. لەسەر بنەمای گەشەکردنی بەرە بەرەی ڕێوو رەسمەکانی بورژوایی لەناو جەرگەی سیستەمی نیوە دەرەبەگایەتی ئێران، ڕێفورمەکانی ئەرزی و هەندێک ڕێفورمی دیکە بۆ ئاسوودەی و ئاسان کردنی سەێتەرەی تەواوی سەرمایەداری لە دەیەی چل، بەئەنجام گەیشت.

شکستی دەرە بەگایەتی و پەرەپێدانی ڕێورەسمەکانی سەرمایەداری لە درێژەی دەورەی سێهەمی شکانی گەشەکردنی سەرمایەداری بە ئەنجام گەیشت، ئەم شۆڕشە بەهۆی کۆمەڵانیژێر دەستە نەبوو کە سیستەمی ئانما دەرەبەگایەتی تێک شکاندو ڕێورەسمەکانی سەرمایەداری زاڵ کرد، بەڵکو بەهۆی ئەوڕێفورمانەی کە ئیمپریالیزمی ئەمریکا دایڕشتبو لەلایەن شاو حکومەتەکەی بەڕێودەچو بە ئامانج گەیشت.

گەشە سەندنی سەرمایەداری لە ئێران نە بەهۆی بزوێنەری ناوخۆیی بەڵکو بۆ وەڵام دانەوە بەقەیرانی کۆکردنەوە وزیادکردنی سەرمایە لەگۆرەپانی جیهانی بەئەنجام گەیشت. هەر بۆیە نەتەنیا فێرکردن و ئاڵ و گۆری سیاسی بەرەو ئازادیە دیمۆکراتیەکان پێک نەهات. بەڵکو لەلایەن ئابووریشەوە، بەپاڵ دانەوە بەداهاتی نەوت، کۆبوونی پاوانخۆاری دەوڵەت لە جێ خۆی مایەوە. لەرەوتی ئەم ئاڵ و گۆرانەی بۆرژوایی گەورە، دەرەبەگایەتی بۆرژوا بوو بە بۆرژوایی مام ناوەندی، لەژێر چەتری کۆمپانیاو بنیاتە ماڵی و پیشەیی یەگەورەکان لە شارەکان و زەویەکانی میکانیزەی گەورە وپیشەسازی و کۆمپانیاکانی هاوبەشی کشت وکاڵی وهتد

لادێیەکان یەکگرتوو بوون وجووتیاران لەبەرەو ڕووبوونەوە لەگەڵ دامەزراندنی نوێ کەپێک دەهات، بەرەو شارەکان دەهاتن و بەئەم شێوەیە ریۆ رەسمەکانی سەرمایەداری لە لادێیەکانی ئێرانیش دامەزران.

٦. پێک هاتەکانی پاوانخوازەکانی بۆروکراتیک و دواکە وتوویی دەوڵەتی وەک بەڕێوبەری ڕێفورمەکان، ئەم پرۆسەی لەگەڵ دەردو رەنجی زۆر تێکەڵ کرد کە لەپێش دا بەمیلیون جووتیار و هەژاری دوای پاڵۆتن لەلایەن ڕێفورمەکانی بورژوایی، دورخستنەوەیان بەرەو شارەکان پێش لەوەی کە مەجالێ تێکەڵ بوون بە سیستەمی سەرمایەداری بە دەست بێنن لەگەڵ ئاکامەکانی نالەباری ڕێفورمەکان بە سەر ژیانی خۆیان روو بەروو بوون.

دووهەم ئەوەی کە خەێرایی ڕێفورمەکان بە پاڵپشتی لە سەرداهاتی نەوت، لە چوارچێوەی دەسەڵاتی سیاسی کە هیچ چەشنە ئاڵ و گۆڕێکی بنیاتی لەوێ رووی نەدابوو هەروەها لە چوارچێوەی بنەمای چەند پێکهاتی ئێران مابوو بەهۆی ئەوەی کە لە مەودای کۆرت وردە بورژوایی کۆن و وردە بورژوایی شاری خۆیان لەتەنگەژەی لەدەست دانی بەشی خۆیان بینین، لەم نێوەدا کۆمەڵێکی گەورە لەجووتیاران کە بەسەرمایەداریەوە تێکەڵ بوون و لەکارگەکان وکارخانەکان خەریکی کرێکاری بوون، هەرچەند کە لەبواری بارودۆخی کۆمەڵایەتی و پێوەندیان لەگەڵ ئامرازی بەرهەم هێنان، گورانکاری پێک هاتبوو، بەڵام لەبواری فیکریەوە بیروباوەرە ئایدئۆلوژیەکان ودەروون ناسی کۆمەڵایەتی کۆن مانەوە وبە وتەێکیتر لایەکیان لەشارو لایێکی دێکەیان لە لادێ مابووەو.



٧. توێژەکانی فراوانی وردە بورژایی نوێ پێ بەپێ ڕێفۆرمەکانی بۆرژوایی لە ڕێو رەسمەکانی بەرهەم هێنانی نوێ، تێکەڵ بوون و لەسەرەتاوە خوازیاری ئاکامەکانی باشی وەکو پێک هاتنی کاری نوێ، پەرەگرتنی زانکۆکان و قوتابخانەکانی باڵا، زیادبوونی داهاتەکان وهتد... بوون. بەڵام کاتێک کە پەرەسەندنی سەرمایەداری لایەنەخراپەکانی خۆی وەدەرخست، هاتنەخوارەوەی نرخی نەوت و تووندبوونی قەیرانی ئابووری، ئەم توێژانەی فراوانی کۆمەڵایەتیە بەرەو دژایەتی برد و لەکۆی ئەوانە هەل و مەرجی لەبار بۆجوولانەوەی گەورەی خەڵکی پێک هات و بوو بە هۆی ڕاپەرینی ١٣٥٧ و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران.

٨. شۆرشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی ئێران یەکێک لە گرنگترین ئاڵ و گۆڕەکانی مێژووی سەدساڵەی ئێران دەژمێردرێت. شۆرشی ئێران هەر چەند ویستەکانی کۆمەڵانی راپەریوی لە سەر بنەمای ئازادی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بەئەنجام نەگەیاندو لەو پێوەندیەدا ڕاپەرێنی خەڵکی لەگەڵ شکست روو بەروو کردەوە، لەگەڵ ئەوەش. لە بواری پرۆسەی بووژانەوەی سەرمایەداری لە ئێران لە دەورانی مەشروتە خوازی بەم لاوە، لەگەڵ پاراستنی سیستەمی ناوندگرایی دەوڵەتی کە لەوێ ویلایەتی فەقی بەجێ شاو ئیسلام بەجێ ناسیونالیزمی پێشکەوتنخوازی ئێرانی سەقامگیربوو. بەڵام ئاڵ و گۆڕەکانی گرنگ لە پێک هاتەکانی ئابووری ئێران لەدرێژەی نێزیک بەبیست ساڵی رابردوودا پێک هێناوە. زۆربەی ئەم ئاڵ و گۆرانە، وەکو ئامانجەکانی مەشروتە خۆازی وبزوتنەوەکانی بۆرژوایی و وورده بۆرژوایی ،کە بەدوای ئەودا بوون.

٩. شۆڕشی ١٣٥٧ ڕێژیمی سەڵتەنەتی لە ئێرانی ڕووخاندو بۆرژوایی ناسراو بەکۆمپرادوری لە دەسەڵات خست یەکێک لە پێ گەکانی سەرمایەی جیهانی لەناوبرد، سەربەخۆیی سیاسی ئێران تارادەیێکی کەپێویستە بۆ جیهانی سەرمایەداری دابین کردو زوربەی درۆشمە خەڵکیەکان وەک. میللی کردنی بانکەکان، سەنعەتە گەورەکان، یاسای ڕێفورمەکانی زەری و... هەر لەسەرەتاوە هێنا گۆڕێ و دەستی پێ کرد. وهەموو ئەو سبەبانەی دوایی بوونە هۆی گەشەکردنی بۆرژوایی و چینەکانی نێو کۆمەڵگای ئێرانی بەئاسانی دیاری کرد.

١٠. ململانی لەگەڵ ئەمریکا، شەری ئێران و عێراق، ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و پێک هاتنی بازارەکانی نوێ لە ئاسیای نێوەراست، بەجێ گەیاندنی هەندێک ڕێفورمی بۆرژوایی لە چوارچێوەی ئەو زەویانەی کەپێشتر بە شێوازی دەرەبەگایەتی بەڕێوەدەچوون و یان لەگەڵ پاشماوەکانی دەرەبەگایەتی بوون. لەگەڵ پەرەگرتنی زانکۆکان، قوتابخانەکانی باڵاو... بوونە هۆکارەکانی هەل و مەرجی لەباربۆ گەشەکردنی سەرمایەداری بڵاو لە م ساڵانەی دواییدا.

١١. سەرمایەداری ئێران لە ڕێگای سەرخانی ئائینی هەموو نەیارانی خۆی سەرکوت کرد و لەگۆرەپان وەدەرناو بوماوەیێکی دورودرێژ خایەن گۆمانی خستە دڵ کۆمەڵانی خەڵک بەنیسبەت کردەوەکانی خۆی لە پرۆسەی پەرەپێدانی خۆی ئاڵ و گۆڕێک لەسەرخانی سیاسی خۆازیاری بوو.

١٢. گەشەکردنی سەرمایەداری لە ساڵانی دوایی و پەرەگرتنی لەلایەکەوە، سەرکوتی سەرەتایی ترین ئازادیە سیاسی و مەدەنیەکان لەڕەوتی ئەم



بیست ساڵەدا لەلایێکی دیکەوە، بووتە هۆی ئەوەیکە سەرمایەی جیهانی لەوەلامدانەوە بە پێویستیەکانی خۆی مەسەلەی ئازادیە سیاسیەکان و دابین کردنی کۆمەڵگای مەدەنی لە تاقمە کۆمەلایەتیە جۆراو جۆرەکان بخرێتە بەرباس کە خۆی بێجگە لە گەشەکردن و پەرەگرتنی خەباتی خەڵک، رادەیەک لە بوژانەوەی ری ّو رەسمەکانی سەرمایەداری و پەرەسەندنی هێزە بەرهەم هێنەرەکان لە ئێران وەبەر دەگرێت.

## فەسڵی شەشەم:

## ڕۆخساری گشتی سوسیالیزم لە ئێران

١. تێکۆشانی سوسیال دیمۆکراتیک و کۆمۆنیستی لە ئێران لە سەرەتای شۆڕشی مەشروتە خۆازی دەستی پێ کردو لەرەوتی خەبات بۆ پێک هێنانی گروپەکانی سۆسیال دیمۆکرات (کە لەژێر کاریگەری شۆڕشی ١٩٠٥ روسیە دابوو) لەگەڵ پروگرامێکی- بۆرژوا- دیمۆکراتیک بەرەوروبوو. لەگەڵ ەستکەوتە باشەکانی سۆسیال دیمۆکراتەکان لە شۆڕشی مەشروتە خۆازی و راپەرینەکانی پاش ئەو بەهۆی پەرە نەستاندنی چینی کرێکارو شارەزا نەبوونی ئەم چینە لە تایبەتمەندیەکانی ئیمپریالیزم و هۆکارەکانیتر. لەبە ئەنجام گەیاندنی رەۆڵی مێژوویی خۆی راوەستا و شکانی شۆڕشی مەشروتیەت و هاتنە گۆری ناڵە باریک تاپێک هێنانی حێزبی عیداڵەت و

بەدوای‌دا دامەزراندنی حێزبی کۆمۆنیست، چالاکیە کارێگەرەکانی سوسیال دیمۆکراتیک لە ئێران بەرەولاوازی رۆیشت.

٢. بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری روسیا رەولیٚ گرنگی لە پێک هێنانی زانیاری کۆمۆنیستی و سۆسیال دیمۆکراتیک لە بزووتنەوەی کرێکاری ئێران بوو. پێک هاتنی یەکەمین ناوەندەکانی سۆسیال دیمۆکراتیک لەناو کرێکارانی کۆچ کردوو، و پەرەسەندنی لە ئێران، باسەکان و جیاوازی بیرورای بزووتنەوەی سۆسیال دیمۆکراسی روسیای لەخودا گرتەبەر و ئەم پەیوەندیە سالانێک دوور و درێژ ڕەولی لەبزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران دا نواند. یەکەمین جیاوازی بیرورای ئیستراتژیی سەبارەت بە شۆرشی ئێران رەنگ دانەوەیەک بوو لە هەلویستی بلشویکەکان و منشویکەکان.

٣. یەکەمین پروگرامی سۆسیال دیمۆکراسی بۆ شۆرشی ئێران بریتی بوو لە، زەوت کردنی هەموو زەویەکان، دەولەتی یان دەرەبەگەکان و خاوەن زەویەکان و دابەش کردنیان لە نێوان جووتیاران، ئازادی بلاوکراوەکان، ئازادی دەربرینی بیرورا لەلایەن کورو کومەلیٚ، کەسایەتیەکان و ئەحزاب، ئازادی مانگرتن، ڕێکخراو، پەروەردەو فیرکردنی گشتی ،گۆرینی سیستەمی سەرانە، سەرانەی ڕێژەیی (تەساعودی) لەسەرداهات، مافی هەلبژاردنی گشتی لەگەلیٚ دەنگ دانی یەکسان، نهێنی و راستەوخۆ، وداخوازیەکانی تری بۆرژوا- دیمۆکراتیک.

٤. حێزبی عیدالەت بەرهەمی پەرەسەندنی گروپەکانی سۆسیال دیمۆکراتیک بوو، ولەگەلیٚ پەرەسەندنی خەباتی چینایەتی لە روسیا و سەرکەوتنی شۆرشی ئۆکتۆبەر، حێزبی عیدالەت پەرەی ئەستاندو بوو بە



حێزبی کۆمۆنیستی ئێران. حێزبی کۆمۆنیستی ئێران بەرهەمی لێکدانەوە و تێکەلاوی و پەرە ئەستاندنی گروپەکانی سۆسیال دیمۆکرات لە دوبالی سۆسیال دیمۆکراسی و کۆمۆنیستی بوو بەواتایکی‌تر بلشویزم و منشویزم. (بۆ زانیاری زۆرتر بروانە کۆبوونەوەی ٣٠ کەس لە سۆسیال دیمۆکراتەکانی تەبریز و ناکۆکی لە سەر هەل و مەرجی عەینی شۆرش).

٥. لە ئاکامی شەرو سەرکەوتنی شۆرشی ئۆکتۆبەر لە روسیا، مالکان و سەرمایەدارانی گەورە هەلاتن و یان بیٚ دەسەلات بوون و ئەم بابەتە بوو بە هۆی کەمبوونی کە ل و پەل ، بۆیە پیشەسازی بچووکی نێو خۆیی ولات پەرەی ئەستاند و پیشەسازی میللی لە دابین کردنی پێداویستیەکانی نێو خۆیی ولات گەشەی سەند. لە ئاکامی بەهێز بوونی بارودۆخی بورژوایی نێو خۆیی و چینی کرێکار، خەبات دژی داگیرکەری بێگانە و دژی دەرەبەگایەتی سەلتەنەتی، گیانیگی تازەی گرت، لە ژێر کاریگەری شۆرشی ئۆکتۆبەر، شەپۆلەکانی نویٚ ڕاپەرین وەکو پێک هاتنی دەولەتی (شوورایی) بەرەی گیلان، دەستی پیٚکرد.

٦. هەلویست بەنیسبەت رێککەوتنی رەزا خان- سەید زیا نەک بوو بەهۆی ناکۆکی لە یەکەمین کۆنگرەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بەلکو لە ناوحێزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەتیش کە رووداوەکانی ئێرانی لە ژێر چاوەدێری گرتبوو ناکۆکی خۆلقاند، کۆنگرەی حێزبی کۆمۆنیستیئێران لە ٢٣ ژوئیە ١٩٢٠ بەسترا. ناکۆکیەکان (لەسەر شۆرشگێربوون و میللی زانینی ئەم رێککەوتنە یان دژی شۆرش زانینی ئەو بوو).

٧. له پلونومی دووهەم کەهاوکات لەگەڵ پێک هاتنی کۆمینترن (ئەنترناسیونالی سێهەم)و باسەکانی نێو خویی ئەو سەبارەت بە هەڵوێست بەنسبەت جوولانەوە رزگاری دەرەکان و رەولێ بۆرژوایی میللی لە ئەوان پێک هاتبوو، تزە ناسراوەکانی حیدەرخان پەسندکراو بەکردەوە حێزب بەدوو بۆ چوونی بەپروگرامی جیاواز دابەش بوو (پروگرامی حێزبی کۆمۆنیست، بوزانیاری بروانە شۆرشی ئێران ئەرکەکانی پرولتاریا، لاپەرە ١٣٥ و یان بەڵگەکانی تر سەبارەت بەم بابەتە).

٨. لەگەڵ سەرکەوتنی بیرو بۆچوون و رێبازی شۆرشگیرانە، حیزبی کۆمۆنیست بە پەرە پیٚدانی رێکخستنەکانی خۆی لە ناوخۆ و بەشداری لە خەبات رەوڵێکی گرنگی هەبوو لە بوژانەوەی زانیاری ورێکخستنی چینی کریٚکاری ئێران، پێک هێنانی یەکیەتیەکان، سەندیکاکان ورێکخستنی مانگرتنەکان لە سەرانسەری وڵات لە چالاکیەکانی حێزبی کۆمۆنیست بوو.

٩. بۆرژوازی میللی پێ بەپێ وردە بورژوایی دەولەمەند و توێژەکانی جۆربەجۆری کۆمەڵگای رۆشنبیری ئێران کە لە بزووتنەوەی دەورانی مەشروتە خۆازی بەشداریان هەبوو لە مەترسی قوول بوونەوەی جوولانەوەی خەڵکی و بەمەبەستی بشداربوون لە دەسەڵاتی سیاسی بەشوێن رەزخان کەوتن، لەم کاتەدا بەشێک لە رێبەرایەتی حێزبی کۆمۆنیستیش کەوتنەداوی فریوکاری ئیمپریالیزمی بریتانیا و بەکرێ گیراوانی ئەوان. ئەوان رەزا خان وەکو کەسێکی دیمۆکرات و میللی چاولێ دەکرد کە بەمەبەستی بەدەست هێنانی سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری و بانگی کۆماری خوازی هاتووەتە ناو گۆرەپانی سیاسی. باڵی ئۆپورتونیست



(یان هەل پەرست) باوەری ئەوە بوو کە بە بوونی دەوڵەتی رەزا خان بە پشتگری پرولتاریا و حێزبی کۆمۆنیست. نەتەنیا خەبات دژی ئیمپریالیزم بەرەوپێش دەچێت، بەڵکو تێ پەرینی ئاشتی خۆازانە بەرە و سوسیالیزم بە ئەنجام دەگات بیروبۆچونێک کە لەهەمان کات دا لەحێزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت پێک هاتبوو. ولەکومینترن باسی لە سە ر کرا.

١٠. کۆنگرەی دووهەمی حیزبی کۆمۆنیست لە ساڵی ١٣٠٦ (١٩٤٧) بەسترا، درێژەکیشانی باسەکان لە کۆمینترن کە لەوێ سەبارەت بە بزوتنەوەکانی بورژوا میللی هەڵویستی رادیکالیان گرت، ولەلایەکی دیکەوە تاج دانانی رەزاخان و بوونی ئەو بەگەورەترین دەرەبەگی ئەوکات، پەرەگرتنی سەرکوت و ...، بووبە هۆی سەقامگیر بوونی پێگەی کۆمۆنیستەکان لە کۆنگرە و سنوردانانیان بەنیسبەت بەلاریٚ چوونەکانی رابردوو . حیزب لەم کاتە دا، بە پێک هێنانی رێکخستنەکانی خەڵکی کریٚکاران و رێکخستنی تاقمەکانی حێزبی لە ناوچەکانی کریٚکاری رەولێکی زۆر گرنگ لە ئاڵو گۆرەکانی وڵات دەبینی.

١١. بەڵام رەزا شا بە کۆکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی دەستی کرد بە سەرکوتی وەحشیانەی بزووتنەوەکانی کریٚکاری و پێشکەوٚتن خوازو پەسەندکردنی یاسای رەش ١٣١٠ (١٩٣١) دەستیدایە سەرکوتی حێزبی کۆمۆنیست و رێکخستنە کریٚکاریەکان . چالاکی کۆمۆنیستەکان تاکو ساڵی ١٣٢٠ (١٩٤١) بەتەواوی قەدەغەکرا، ئەم کارە هاوکات بوو لەگەڵ بەلاری چوونی حێزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت.

١٢. شەری دووهەمی جیهانیو هاتنی ولآتانی هاوپەیمان بۆ ئێران، سەرەرای کاریگەری خراپی، کاریگەری دیکەش لە پێکهاتی ئابووری و کۆمەلآیەتی ئێران دانا. گەشە کردنی سەنعەتەکانی ناوخۆیی لەمەودای ئەم دەورەیە بوو بە هۆی پەرەسەندن و سەقامگیربوونی بۆرژوازی میللی لەلایەکەوەو چینی کرێکار لەلایەکی دیکەوە. لەوکاتە (١٩٢٠) کە دەسەلآتی رەزاخان سەقەت بوو، بۆماوەی چەندساڵ کەش و هەوائێکی کراوە لە باری سیاسی خوڵقا کەبووە هۆی پێک هاتنی ئەحزاب، یەکیەتیەکانی کرێکاری و پەرە گرتنی خەباتی چینایەتی و میللی و هتد، لەسەر بارودوخێکی ئاوەها حێزبی توودەی ئێران دامەزرا.

١٣. حێزبی توودە نەک بەرهەمی بزاڤی شۆرشگێرانە و پەرەسەندنی رێکخراوە مارکسیستیەکان، بەڵکو ئاکامێکی تایبەتی لە بارودۆخی ناوخۆیی و نێودەولەتی و هەروەها بەرهەمی کۆمەڵێک بوو لەکەسایەتی و ئەفرادی جۆربەجۆر کەهەرکامیان خاوەن ئایدئولوژی، تایبەتمەندی و ناوەرۆکی چینایەتی و ئامانجی خەباتی جیاواز لەیەکتربوون. لەوە گرنگ تر ئەوەی کە ئەو حێزبە بەمەبەستی وەلآمدانەوەی پێویستی بەرەکانی دژی فاشیستی و کاریگەری سیاسەتی حێزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بۆ ئەو مەبەستە دامەزراو پروگرامی ئەو لەسەرەتای دامەزراندنی لەپروگرامی یەکەمین گروپەکانی سۆسیال دیمۆکراتیش دواکەوتووتر بوو.

١٤. لەم قۆناغەدا حێزبی توودە بووە گەورەترین حێزبی سیاسی ئێران و رۆژهەلآتی ناوەراست. بەلآم زەق بوونی ئایدئولوژی تێکەلآو، بەکارهێنانی شێوازی مەتافیزیکی لە هەموو زەمینەیەک و رەنگدانەوەی ئەو لەپروگرامو



تاکتیکەکان، بووە هۆی ئەوەی کە رێبەرایەتی حێزب لەبەرامبەر رووداو و رەوتەکانی رۆژانە بێدەسەلآت بکرێ وبەدوایان دابروات.

١٥. کودەتای ٢٨ گەلاوێژی ١٣٣٢، دامەزرانی سەرلەنوێ پێکهاتی ناوەندگرای پاوانخوازی دەولەتی کە هاوکات بوو لەگەل سەرکوتی خوێناوی بزاڤی کرێکاری و پێشکەوتنخواز، بوونە هۆی ئەوەی کە بزووتنەوەی کرێکاری بۆ دەورەیکی درێژ خایەن راوە ستێ.

سەرەرای ئەو زۆربوونی بەلاری چوونەکان و سەقامگیری بۆروکراسی لە یەکێتی سۆڤیەت، کاریگەری خراپی خۆی بەسەر بزاڤی کرێکاری ئێران بەجێ هێشت و رەولێکی گەورەی بینی لەشکستی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە و کرێکاری لەم قۆناغەدا و هەروەها خوڵقاندنی دەورەیک لە راوەستان و پچرانی بیست ساڵە.

١٦. تاکو کۆتایی دەیەی ٤٠ (٦٠ زائینی) لەسەر زەمینەی رێفورمەکانی زەوی وزەق بوونەوەی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری، سەرەرای بوونی دیکتاتوری، بزووتنەوەی کرێکاری درێژەی بەخەباتی خۆیدا و هندێک جاریش دەستکەوتی هەبوو.

١٧. لەئاکامی بوژانەوەی سەرمایەداری و هەروەها رێفورمەکانی سەرەوە لەلایەن دەولەت لە دەیەی چل و هاتنی ملیونەها جووتیار بۆشارەکان و دامەزرانی بەشێکی زۆر لەوان لە پیشەکانی کرێکاری، هۆکارێکیتر بوو تاکو فیکریەتی وردە بورژوازی کۆن و بیروبۆچوونیک جیاواز لە بیروبۆچوونی ماتریالیستی و چینایەتی لەناو کرێکاران پەرەبستینێ، چینی کرێکار نە تە نیا کەوتە بەر هێرشی ئایدولوژیای جیاواز لە ئایدولوژیای مارکسیستی

ئەحزابی ئۆپورتونیست ،بەڵکو باوەڕە کۆنەکانی جووتیاری لەگەڵ هەموو کاریگەری خۆی بەهۆی کۆمەڵێکی زۆر لەجووتیارانی تازە پرولەتر هاتە ناو چینی کرێکار و کۆسپیکی گەورەی لە بەرامبەر بەرزبوونەوەی رادەی تێگەیشتنی چینایەتی کرێکاران، خوڵقاند.

١٨. پێدابوونی ناکۆکی لەناو بزووتنەوەی جیهانی کۆمۆنیستی، ناکۆکی نێوان چین و سۆڤیەت، بێ دەسەڵاتی ئەحزابی سەر بە جەمسەرەکانی ئوردوگایی لەوەلا مدانەوە بەوبابەتانەی کە بوژانەوەی خێرای سەرمایەداری لەدەیەی ٤٠ هێنایە ئاراوە، پەرەسەندنی پیشەسازیەکان و بەدوای ئەودا زۆر بوونی رادەی چینی کرێکار، چارە سەرکردنی هەندێک بابەت کەپێش لە دەسەڵاتداری سیستەمی سەرمایەداری بوون، هەموو وهەموویان ئەوزەمینە عەینیانەی بوون کە جگە لە خوڵقاندنی جیابوونەوەکانی یەک بە دوای یەکی ئەحزابی کۆن، بوونە هۆی پێک هاتنی ئەحزاب و رێکخراوەکانی نوێ.

١٩. پێک هینانی رێکخراوەکانی وەک چریکەکانی فیدایی گەلی ئیران و گروپ و ئەحزابەکانی تری وەک ئەو بۆ وەڵامدانەوە بەم پێویستیانە بوو کە لەگەڵ بوژانەوەو پەرەسەندنی خیرای سیستەمی سەرمایەداری بوونە پێویستیکی عەینی.

رێکخراوی فیدایی سەرەرای ئەوەی کە بۆ وەلامدانەوە بەپێویستی بزووتنەوەی چینایەتی و بەئامانجی سوسیالیزم دامەزرا و لەمەودای هەشت ساڵ خەباتی خوینێاوی توانی پشتیوانی چینی کرێکارو کۆمەلانی خەڵک بەدەست بێنێ، بەلام بە هۆیەکانی جۆربەجۆر،وەک پێکهاتی عەینی



کۆمەڵایەتی و رادەی پەرەسەندنی کۆمەڵگا، بوونی دیکتاتوری، پێک هاتێکی زۆرتر رۆشنبیری و نەبوونی پروگرامیەکی پرولەتری وهتد... بەکردەوە بووە شوینی کۆمەڵە کەسانێک جۆربەجۆر لەبواری کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئامانج و روانگەی جیاواز و نادیار، کەبەبوونی ئەم پێک هاتە و ئامانجەکانی هەموو لایەنەی خەڵکی، تەنیا لە هەل و مەرجی راوەستانی خەباتی چینایەتی دەتوانی درێژە بەژیانی خۆی بدات.

٢٠. خیرابوونی خەباتی چینایەتی و نەمانی رەوتی پوپولیستی لەمەودای راپەرین و پاش ئەو، ورەنگدانەوەی خەباتی چینایەتی لەناو ئەحزاب ورەوتەکانی سیاسی، رێکخراوی فیدائیش دابەش کردە نیوان بەشەکانی پێک هێنەری خۆی و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کە ئیمکانی پەیوەندی ئورگانیک لەگەڵ چینی کرێکارو دامەزراندنی حێزبی بۆرەخسابوو. تووشی ناکۆکی ناوخویی بوو، بەشێکی بەلایەنگری لەدەسەڵاتداران بەتەواوی دووریان کرد لە هەڵوێستی چینایەتی و شۆرشگێرانەیان. بە شیکیتر لەم رێکخراوانە لەکاتیدا کە بلاوبوون، کەوتنە بەر هێرش و سەرکوتی رژیم و پاش پاشەکشە و جیابوونەوەی یەک بەدوای یەک زۆربەیان لەدەرەوەی ولات درێژە بە ژیانی خۆیان ئەدەن.

٢١. پاش لەناو چوونی ئاسەواری رووخانی یەکێتی سۆڤیەت، کۆمۆنیزمی رەخنەگر لە جیهان سەری هەڵداو جارێکیتر سیبەری کۆمۆنیزم، ئەوکۆمۆنیزمەی کە لە شکست و سەرکەوتنەکانی ئەزموونێکی زۆری وەرگرتووە، خەوٚنی لە چاوانی سەرمایەداری گرتووە.

ئەم کۆمۆنیزمە لە وڵاتی ئێمەیش بەرەخنەگرتن لەرابردووی خۆی هنگاو هەڵدەگریت بەرەو قۆناغی پێشکە وتنی.

پێک هێنەرانی ئەو لەناو پێشرەوانی بزاڤی کرێکاری و هەڵسوراوانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستین بەبێ لەبەرچاوگرتنی پەیوەندی تەشکیلاتیان. پەیوەندی بەشەکان و ئەفرادی ئەم بزاڤە فیکریە و پەرەگرتنی بەتایبەت لەناو بزووتنەوەی کرێکاری، زەمینە خۆش کەری یەکگرتووی بزاڤی کۆمۆنیستی شۆرشگێڕە.

## پێکهاتی چینایەتی کۆمەڵگا دوای ڕاپەرینی ١٣٥٧ (١٩٧٨)

بە دوای راپەرینی رێبەندانی ١٣٥٧ (١٩٧٨) ئاڵ و گۆڕیکی گرینگ لە چوارچێوەی چینایەتی کۆمەڵگای ئێران هاتە کایەوە، رووخانی کاتی بۆرژوایی گەورە، ناسراو بە (کۆمپرادور) لە دەسەڵاتی سیاسی، بە هێز بوونی بورژوازی بازرگانی و مام ناوەندی، پێکەوەنانی چوارچێوەی ئائینی سیاسی لە سەر رەوتی سیستەمی سەرمایەداری ئێران، هۆکارەکانی وەک پچڕانی پەیوەندی لە گەڵ ئەمەریکا، سەر بەخۆیی سیاسی، شەری هەشت ساڵە، پەرەسەندنی بازرگانی ئاسیای ناوەراست بۆ ناردراوکانی ئێران، پەرە سەندنی سەنعەتی ناوخۆیی و ناردنی بەرهەمەکانی کشت و کاڵی و سەنعە تی، دامەزراندنی کارگەکانی بچووک لە رادەیەکی بەربلاو بۆ وەلامدانەوە بە پێداویستیکانی شەڕ و وەگەر خستنەوەی سەنعەتەکانی پێوەندی دار لە گەل شەر، جێ پێ بۆرژوایی قایم کرد و بەم شێوەیە پرۆسەیەک کە لەکاتی دەسەلاتداری رەزاخان بە کۆکردنی دەسەلات لە سیستەمی سەڵتەنەتی ئەو دەستی پێ کردەبوو، ئەمجار بەکۆکردنی دەسەڵات



لەدەزگای دەوڵەتی ئائینی بەپاڵپشتی وەلایەتی فەقی، درێژەیبە پەرەسەندنی خۆیدا.

لەماوەدای دە ساڵ رابردوو وەکو لەرەوتی پروگرامی ٥ ساڵەی رەفسنجانی و سیاسەتی تایبەتی کردنی ئەو بۆگەشەکردنی بۆرژوایی مام ناوەندی ئیمکاناتیکی زۆرتر پێک هات، پەرەگرتنی زانکۆکان و قوتابخانەکانی باڵا، دانی پرۆژەی سەرلەنوێ بوژانەوەی سەنعەتی ناوخۆیی و کشت و کاڵ مۆدێرنیزە بەئەستوی تەکنوکراتەکان و دەرچووانی زانکۆکان، توێژیکی بەربلاو لە تەکنوکراتەکان و مۆدیران و بەرێوەبەرانی سەنعەتەکان و کۆمپانیاکانی تایبەتی کراو یان لە بوژانەوە و رێکخستنەوەی، هێنایەکایەوە. ئەمە نەک تەنیا سنووری دەسەڵاتی ئابووری بۆرژوایی مام ناوەندی زۆرتر دەکرد بەڵکو کاریگەری بوو لەسەر پێ گەی چینایەتی و دەسەڵاتی سیاسی ئەوی زیاد دەکرد. کە بۆرژوایی مام ناوەندی بەهاودەنگی لەگەڵ بۆرژوایی گەورەی سەنعەتی و تۆجاری و بازرگانی پێشکەوتوو (مۆدێرن)، خوازیاری هەندێک رێفورم بوون لە چوارچێوەی ئابووری و سیاسی بۆ هاوئاهەنگی لەگەڵ پرۆسەی جیهانیتر بوونی سەرمایە و پێویستی بەشداری و یارمەتی سەرمایەی جیهانی لە پرۆسەی گۆرانکاری ئابووری ئێران و دەرچوونی ئەو لەقەێران.

## کشت و کاڵ

بەر لەشۆرش بەهۆی رێفورمەکانی شا و بوونی زەویەکان لە کۆمپانیاکانی کشت وکاڵی و کشت و سەنعەت، هەل و مەرجی بوژانەوەی بۆرژوایی

لەدێهات پێک هاتبوو کە لەبنەمادا لەپێکهاتی چینایەتی دێهات و داخوازیەکانی ئەوان ئاڵ و گۆڕی گرنگ پێک هێنابوو. ئەم ڕەوتە دوای شۆڕش لەگەڵ هیرشی جووتیاران بۆ سەر زەویەکان و پاشماوەی فئودالیزم (دەرەبەگایەتی) و دووایی ڕیفۆرمەکانی زەوی ڕژیم لەسەر بزووتنەوەکانی جووتیاری ئیمکانی گەشەسەندنی دەدا بە وردە مڵکایەتی.

لەئاکامی پەرەسەندنی سەنعەت و بەکارهێنانی بەردەوامی سەنعەت لەکشت و کاڵ و بێدەسەلاتی وردە موڵکدارەکان لە بەڕێوەبردنی زەویەکان و بەبەرهەم نەهاتنی بەرهەمی زەویەکان، بەشێکی زۆر لە وردە موڵکدارەکان کە لەرەوتی شۆڕش و بەدوای ئەو دا بوونە خاوەن زەوی، زەویەکانی خۆیان ڕاسپاردنە موڵکدارانی گەورەتر واتە بۆرژوایی دێهات و خۆیان بۆ کارکردن بە رەو شارەکان بەرێ کەوتن، بەڕێوەبەرانی ئەم زەویانە کە درابوو بە بۆرژوایی دێهات و هەروەها زەویەکانی گەورەی کشت و کاڵی (کشت و سەنعەتیەکان، تەعاونیەکان و کۆمپانیاکانی ئاوەدان کردنەوەی کشت و کاڵی) بەشێوازی سەرمایەداری لەگەڵ پەرەسەندنی بۆرژوایی لادێ بوو بەهۆی پەرەسەندنی سەرمایەداری و بەم جورە دژایەتی کارو سەرمایە لەگۆڕەپانی لادێیەکان بووە دژایە تیکی سەرەکی.

## وردە بۆرژوایی

وردە بۆرژوایی لەئێران وەک هەموو ئەو وڵاتانەی کەسەرمایەداری لەوان لەقۆناغی پەرەسەندنە، توێژەکانی بەربڵاو پێک دێنێ. ڕەوڵێ وردە بۆرژوایی لەرەوتی ڕاپەرینی ڕێبەندان، کەڵک وەرگرتن لەو لەناودەزگای



ناوەندگرای دەوڵەتی لەسەرئەساسی وەلایەتی فەقی و پەرەسەندنی گەورەی بۆرۆکراسی، خزمەتگوزاریەکان، فێرگەکان و ... نیشان دەری ڕەوڵی گرنگی ئەم هێزە کۆمەڵایەتیەیە لە گۆڕانکاریەکانی سیاسی و ئابووری.

بوژانەوەی تەکنولوژی و سەنعەت و شۆڕشی مەزن لە ئامرازەکانی بەرهەم هێنان، کاریگەری دەکاتە سەر تەوژمی بەربڵاوی وردەبۆرژوایی و بەشێکی گەورە لەوان بەرەو هەڵوێستی پرولتاریا نێزیک دەکاتەوە. لەهەمان کات دا گروپەکانی جۆراوجۆر لە توێژەکانی سەرەوە و ئاسوودەی ئەو لەبەرامبەر داخوازی و خواستەکانی رادیکاڵ ڕادەوستن.

توێژەکانی خوارەوەی وردە بۆرژوایی کەهێزێکی گەورەیان پێک هێناوە لەبەرامبەر سەرکوت وزەختەکانی ئابووری سەرمایەداری تێکەڵ بەدەسەلاتی کۆماری ئیسلامی دەکەونە دژایەتی و خەبات دژی سەرمایە.

ئەمە سەرەرای ئەوەیە کە توێژەکانی لۆمپێن پرۆلتاریا لەسەر ئەساسی بارودۆخی کاتی ئابووری خۆیان و هەروەها باوەرەکانی ئائینی، هێشتا دەتوانن ببنە خزمەتکاری دواکەوتوویی و هێزەکانی سەرکوتگەری سەرمایە دژ بە بزووتنەوەی کرێکاری.

## چینی کرێکار

کرێکارانی ئێران بەکەڵک وەرگرتن لە پێگە و متمانەی خۆیان کە ڕەوڵی بەرچاویان لەسەر کەوتنی ڕاپەرینی ڕێبەندانی ١٣٥٧ (١٩٧٨) بوو، دەستیان دایە پێک هێنانی شووراکان و کۆنترۆلی بەرهەم هێنان، خۆازیاری بەردەوام

بوونی شۆرش تاکو بەئەنجام گەیشتنی ئامانجەکانی ئەو لەبوارەکانی ئازادی و عەدالەتی کۆمەلایەتی بوون. خەباتە پرشنگدارەکانی چینی کرێکار لەم دەورەیە لەژێر تیشکی ئازادیەکانی بەدەست هاتوو و هەروەها چالاکی بەردەوامی ئەحزاب و گروپەکانی لایەنگری بەرژەوەندی چینی کرێکار، بوژانەوەی بیروڕای سوسیالیستی و بەرزبوونەوەی زانیاری چینایەتی کرێکاران، بووە خاوەن چۆنیە تیکی نوێ.

بەڵام پیلانگیری بۆرژوایی ناوخویی و جیهانی ئاوەها دەرفەتێک بو چینی کرێکار نەرەخساند تائەم زانیاریەی خۆی تاکو پێک هێنان و سەقامیگیربوونی رێکخستنەکانی سەربەخۆی سینفی و سیاسی خۆی پەرە پێ بدات و نەتوانی لەبەرامبەر بۆرژوازی کە بەبیانوکی مەزهەبی، سەرنجی کۆمەلانی خەڵک و بەشێکی بەرچاو لەچینی کرێکار بەرەولای خۆی راکێشابوو، ریزی یەکگرتووی خۆی پێک بێنێ. لەئاکام دا بۆرژوازی ئیران بەیەکگرتوویی لەگەڵ توێژەکانی وردەبۆژوایی، چینی کرێکار و رێکخراوەکانی سینفی و سیاسی تازەکاری ئەوی دایە بەر هێرش.

لەگەڵ دەست پێکردنی شەری ئیران و عیراق و تێک چوونی بناغەی سەنعەتە گرینگەکان لەوناو چانەی کە تووشی شەر بوون، خەباتی کرێکاران سەرەرای بەردەوام بوونی، بە شێکیان، دروشمەکانی ناسیونالیستی و نیشتمان پەرەستانە کاریگەری لەسەریان کردو روویان کردە بەرەکانی شەڕ و بەشێکی دیکەیان بەهۆی بەربلاوی و ئاوارەیی، یەک ریزی و توانای پێشووی خۆیان لەدەست دان، سەنعەتەکانی وەک پالێوگەکانی نەوت، سەنعەتەکانی پتروشیمی و پاشکۆکانی ئەو، بەندەرەکان و ناوەندەکانی



دیکەی کرێکاری خاوەن ئەزموون و کاریگەر لەسەر بزووتنەوەی چینی کرێکار کە پروگرامدانەری داخوازیە رادیکاڵەکانی ئەو لە دەورانی ڕاپەرین بوون، لەیەک بلاوەبوون و گوێزانەوە ناوچەکانی جۆراوجۆری وڵات یان لەسەر کارەکانیتر دامەزران. لەلایکی دیکەوە هاوکات لەگەڵ دابین کردنی پێداویستیەکانی ماشینی شەرکەری رژیم، سەنعەتەکانی بچووک وەک دروست کردنی ماشین، فلیزکاری، گواستنەوە وهتد... پەرەی سەند. لەگەڵ بوژانەوەی بەرهەمەکانی ناوخۆیی ژمارەی کرێکاران زیادبوو، وئێستا ملیونەها کەس لەکارگەکانی گەورە و بچووک ولەبەشی کشت وکاڵ و کانگەکان و خزمەتگوزاریەکان خەریکی کارکردنن. ولەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕ، و دەست بەکاربوونی سەنعەتەکانی نەوت و پترۆشیمی وهتد... چەنیەتی و چۆنیەتی چینی کرێکار زیاتر بوو.

لەباری چۆنیەتی، چینی کرێکاری ئیران لەمەودای ئەم بیست ساڵە پێ ناوەتە ناویەکیک لە چالاکترین قۆناغەکانی ژیانی خۆی، لەمەودای دەساڵی رابردوودا دەیان مانگرتن و خۆپیشاندان دژی سیستەمی سەرمایەداری و دەسەڵاتی دا سەپاو پێک هاتووە.

سەرەرای ئەوەی کە کرێکارانی ئیران لەباری رادەی زانیاری چینایەتی و سوسیالیستی لە رادەیکی نزمن و بەشێکی زۆر لەبەرچاوی ئەوان هێشتا گیرودەی بیرو بۆچوونی مەزهەبی و داب و نەریتی دواکەوتووانەی هەزاران ساڵەن، بەڵام کرێکارانی ئیران بەنیسبەت قۆناغی پێش لەراپەرین، چ لە باری رادەی فیربوون و چ لەباری رادەی زانیاری، لەگەشەکردنیکی بەرچاو بەهرەمەند بوونەتەوە.

لەژێـر تیشکی گەشەکردنی شۆرشی زانستی-تەکنیکی، بوژانەوەی تەکنیک، کۆمپـیوتەر کەهاوکات لە سەنعەتەکانی ئیرانیش لەرادەیکی بەربلاو کەڵکی لی وەردەگـرن و بەلەبـەر چاوگرتنی پرۆسەی جیهانی بوونی سەرمایە دەبێ کەڵکی لێ وەربگرن، (بروانە سەر ژمێریەکان). ئەگەر لەرابردوودا ناسین و زانـیاری لەناو چینی کرێکار رەوێنیکی هەڵکەوتوو بوو، ئەمڕۆ بەهۆی گەشەی رادەی زانسـتی، بـەرزبوونی رادەی زانیاری بەشێک لە چینی کرێکار شتیکی سروشتیە.

بـەم شـێوەیە ئەگەر تایبەتمەندی کرێکارانی ئیران لە دەیەی (٥٠ ،٧٠ زائینی) رادەی نـزمی زانیاری، نەخوێندەواری و پەیوەندی بەدێهاتەکان و نەریت و کەلـتوری دێهـاتی، نـەبوونی ئـەزموونی خەباتگێرانـە، بوو. بەڵام لەدەیەی هەشـتا ولەسـەرەتای سـەدەی بیسـت و یەکـەم دەسـت کەوتە زانستی و تەکنـیکیەکان هەل و مەرجیکی خوڵقاندووە کە وەک هەموو وڵاتانی جیهان لەئیرانـیش چـینی کرێکار لەرادەی فێربوونی بەرز بەنیسبەتی دەیەی ٥٠ ،٧٠ زائیـنی) بەهـرەمەندە و خواسـتەکان و داخوازیـەکانی ئـەو هاوکات لەگەڵ خواسـت و داخوازیەکانی پێشکەوتووترین وڵاتانی سەرمایەداری لە ئاستێکی بەرزە .

لـەم پرۆسـەیە هندێک جیاوازی خوڵقاوە و زەق ترینی ئەوان رێک نەبوونی هـەق دەسـەکان، نالەباریلەئاسـتی فیرکـردن، رەول و دەس تـێوەردان لە پرۆسـەی بەرهـەم هێـنان ولـە کۆتاییدا پێ گەی کۆمەلایەتی جیاوازێکە کە بەشـێک لـە چـینی کـرێکار لـە ئاکامی بێ دەسەلاتی لەکێ بەرکێ و رادەی



نـزمی فێربـوون، کـارو پـێ گەی خویان لە دەست دەدەن و لەریزی بەشی گەورەی کرێکارانی بێکار کەئیستا بریتیە لە ملیونەها نەفەر، دادەنرێن.

## بێکاری

بـەردەوامی قەیـرانی ئـابووری، هاتـنەخواری رادەی سەرچـاوەکانی داهاتی ماڵی دەوڵەت، سیاسەتی هاوسەنگی ئابووری کە بۆ کەم کردنی هێزی کارو تایـبەتی کـردن تێکەڵ بووە لە لایەکەوەوە وزۆربوونەوەی حەشیمەتی وڵات لـە لایـەکی دیکەوە میلیونە ها کرێکاری تووشی بێکاری کردووە و بەمیلیون نەفـەر بێکـارو ئەوانـەی بـەدوای دۆزیـنی کارن، بووەتە گرفتێکی گەورەی سـەرەکی لـە ئـیران دا. بـە لەبـەر چاوگرتنی ئەوەی کەدەوڵەت سەرەرای بەکارهێنانی سیاسەتی سەرکوت توانای جێ بەجێ کردن و خوڵقاندنی کاری گونجـاو لەگـەڵ رادەی زۆر بوونـی حەشـیمەتی نیـیە، خـەباتی بـێکاران و داخوازیەکانـیان رۆژ لـە دوای رۆژ لەگـەڵ داخوازی و بەرژەوەندی گشتی و سـینفی و سیاسـی ئەوکـرێکارانەیکە خـەریکی کارکـردن ،گرێ دەخوات و سەرچاوەکانی گەورەی هێزی کاریگەر بۆ خەبات و بەدەست هێنانی ئازادی و عەدالەتی کۆمەلایەتی پێک دێنن.

## پێکهاتی نەتەوایەتی و فرەهەنگی:

ئـیران وڵاتـێکی فرەنەتەوەییە و چینی کرێکار وزەحمەتکێشانی نەتەوەکانی جـۆراو جـۆر بەشـێوەیکی هاوبـەش لـەزنجیری دیـلی سـەرمایەداری و دواکـەوتوویی دەسـەلات دار بەسـەر چارەنووسـیان ژیـان دەبەنـە سـەرو داخـوازی چینایەتی هاوبەشیان هەیە و دژی سیستەمی ئابووری کۆمەلایەتی

و سیاسی دەسەڵات دار خەبات دەکەن. لەئاکامی سیاسەتی چینە دواکەوتووەکانی دەسەڵاتداربەسەر ئەم نەتەوانە، کرێکاران و زەحمەتکێشان، واتە زۆر بەی خەڵکی بێ بەش لە چوار گۆشەی ئیران سەرەرای تەحمول کردنی چەوساندنەوەو بێمافی، هەروەها لەستەمی نەتەوەیی و فەرهەنگی ئازار و رەنج دەبەن و بۆنەهێشتنی خەبات دەکەن.

مەزهەب (ئائین)

مە زهەبیش هەربەدرێژای سالأنی زۆر وەکو یەکێك لە پایەکانی بیرو بڕوای خەڵکی ئیران، لەدیل کردنیئەوان و خەباتی ئەم نەتەوانە رەوڵێ بینیوە و لەتایبەتمەندیە گرنگەکانی بنەمای ئابووری – کۆمەلأیەتی و فەرهەنگی، شێوەکان و قۆناغەکانی پەرەگرتنی کۆمەڵگای ئیران دەژمێردرێت.

توێژو چینەکانی دەسەڵات دار لەرابردوودا و هەروەها سەرمایەداری پێشکەوتووی ئیران لە دەیەکانی دوایی‌دا، هەمووکاتێ لەمەزهەب، جیاوازی فەرهەنگی‌یەکان، نەتەوەکان و داب و نەریتەکان و هەروەها ناسیونالیزم و شوینیزم، بەقازانجی خۆیان کەڵکیان وەرگرتووە بەمەبەستی قانوونی کردنی ناوەندگرایی دەسەلأت، ئیستیبداد، دیکتاتوری، فریوو توندکردنی ستەم و چەوساندنەوە و سەرکوتی بزووتنەوەی چینی کرێکار و زۆرینەی خەڵکی بێ بەش لە کۆمەڵگاو ئەزموونی بیست ساڵەی دەسەلأتی مەزهەبی، جیایی دین لە دەوڵەتی کردووەتە یەکێك لە داخوازیەکانی ئەساسی و پێویستی خەڵك.



بەشی هەشتەم:

## پروگرامی سیاسی

- سیستەمی سەرمایەداری ئیران، لەژێر دەسەلأتی دیکتاتوری، خەفەقان، جیاوازی، زیندان و ئیعدام پەرەی سەندووە.
- بۆرژوازی ئیران کە بەهۆی حکومەتی ناوەندگرا و سەرکوتکەر، ئیجازەی پێك هێنانی رێکخستنەکانی کرێکاری، خەڵکی و هەروەها ئەحزاب و تەوژمەکانی پێشکەوتووی نەدەدا، بووە رێگە خوش کەری دەسەلأتداری کۆماری ئیسلامی وەك رەش ترین ئیستیبدادی دینی بەسەر چارەنووسی خەڵك.
- لەگەڵ شکستی شۆرشی خەڵکی ١٣٥٧ و دامەزرانی کۆماری ئیسلامی، یەکێك لە دواکەوتووترین سەرخانە سیاسیەکانی سیستەمی سەرمایەداری لەتیکەلاوی لەگەڵ مەزهەب، بەسەرچارەنووسی خەڵك داسەپا، رژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لەسەرەتاوە بەئاشکرا و بێ پەردە دژایەتی کرد لەگەڵ ئازادی و دیمۆکراسی، ونیزیک بەبیست ساڵە کەسیاسەتی سەرکوت، زیندان، ئەشکنجە، ئیعدام و پێشێل کردنی سەرەتایی ترین ماف و ئازادیەکانی تاکەکەسی و کۆمەلأیەتی، جیاوازی و ئاپارتایدی جینسی، کردووتە پروگرامی خۆی.
- لە ئیران، کەمایەتیکی زۆر کەم لە کۆمەڵگا، واتە سەرمایە دارەکان بە سەربەستی خەریکی چەوساندنەوە،شاردنەوەی کەرەستەکان، سات و سەودا لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەتی و دزین و خەزینەکانیان پڕدەکەن، لەلایکی دیکەوە زوربەی هەرە زوری خەڵك لەبێ بەش دان و خواستی

ئـەوان بـۆ ئـازادی و عەداڵـەتی کۆمەڵایـەتی و بەرابەری بەهۆی هێزەکانی دەوڵەتی سەرکوت دەکرێت.

- دەسـەڵاتداری بـێ ئەم و ئەولای سەرمایەداری بەسەر هەموو ئامرازو کەرەسـتەی بەرهـەم هێـنان و ئـاڵ و گـۆڕ، بریـتی لـە ئـابووری، سیاسی، فەرهـەنگی، ئـایدولوژیك و نـیزامی، کۆسـپێکی گەورەیـە بـۆ بەشـداری بـەردەوام و ئازادانـەی کۆمەڵانی گەورەی کرێکار و زەحمەکێش و بەرهەم هێنەرانی راستەقینەی کۆمەڵگا، لە چارەنووسیان.
- هــەر کــرێکار و زەحمەتکێشــێکی ئیرانــی کاتــێك کەمەجــبور دەبــێ لەبەرامـبەر هیرشـی بـەردەوامی چەوسـێنەران ڕاوەسـتێ و بووەدی هاتنی مـاف و ئاسـتی ژیـانی خـەبات بکـات، بەئاشـکراترین شـێوە دەکەویـتە بەرهیرشـی ئـەودام و دەزگا سەرکوتکەرەی کە چەکی دەستی، ئایدولۆژی ئیسـلامیـیە. ئەو کاتەیە کە بۆی دەردەکەوێ کەلەسیستەمی سەرمایەداری ئـیران، دەزگـای دەوڵـەت و هـەموو پەیوەندیـەکانی ئـەو، وەك ئۆرگانی سەروەری و هۆی مانەوە و سەرلە نوێ دەسەڵاتداری ئەوسیستمەن.
- لێکدانەوەی بارودۆخی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و مێژوویی ئیران و پرۆسـەی پەرەسـەندنی سەرمایەداری وشێوە جۆراوجۆرەکانی سەروەری سیاسـی ئـەو، نیشـانی دەدا کـە سیسـتەمی سـەرمایەداری لـە ئـیران دا بەهەرشــێوەیکی سیاســی کــە بەخووەبگرێــت، توانــای چارەســەری گیروگرفـتەکانی کۆمـەڵگای نیە لە بوارەکانی ئازادی، عەدالەتی کۆمەلایەتی و بوژانەوە و گەشەکردنی مرۆڤەکان.



- پێویسـتە لـە ئـیران دا، ئـاڵ و گۆڕیکـی بنەرەتی لە هەموو بوارەکانی ژیـانی کۆمەڵایـەتی، ئـابووری، سیاسی و فەرهەنگی پێك بێت کە ئەمەش تەنـیا لـەرێگای شۆرشـێکی کۆمەڵایـەتی دژ بەدەسەڵاتیسیاسـی و ئابووری کەمایەتیکی زۆرکەم لە کۆمەڵگا، دەتوانێ بەئەنجام بگات.
- یەکـەم هـەنگاو لـەم رێگایـە، رووخـاندنی کۆمـاری ئیسـلامی، تـێك شکاندنی ماشینی دەوڵەتی و دەزگاکانی بەهێزی ئیداری و نیزامی بۆرژوایی و دامـەزرانی سیسـتەمی فیدراتیو و شوورائیە، کە لەوێدا زۆرینەی خەڵك لـە فەرهـەنگ و نەتـەوەکانی جۆراوجـۆر بویەکەم جار چارەنووسیان دیاری دەکـەن و بۆبنـیات نـانی هۆشـیارانەی کۆمەڵگایەك کە لەوێ ئاسەواری لە چەوسـاندنەوەی مـرۆڤ بەدەسـتی مـرۆڤ، جـیاوازی جینسـی و رەگـەزی سـەرکوت، زیندان، ئەشکنجە، ئیعدام و بێکاری، بێخانوویی و ئاوارەبوون، هەژاری، کاول کردنی ژینگە و هتد... نەبێت، تێ دەکۆشن.
- ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست، رووخاندنی کۆماری ئیسلامی وەك گەورەتـرین پاڵپشتی سیستەمی سەرمایەداری دەسەڵاتدار لە ئیران و سەرسـختترین دوژمـنی ئـازادی چـینی کـرێکار، و دامــەزرانی کۆمــاری فیدراتیوی شوورایی بەجیگای ئەو، بەئەرکی خیرای خۆی دەزانێ.
- کۆمـاری فیدراتـیوی شـوورایی ئـیران، کۆمەڵەی ئازاد و سوسیالیستی هــەموو کــرێکاران و زەحمەتکێشــانی ئیرانــە و هــەموو دەســەلات لــەوێ دەدریتە دەستی خەڵکی پێك هاتوو لە شووراکانی شارو لادێ.

- لەکۆماری فیدراتیوی شوورایی ئیڕان، دەسەڵات بەدەستی زۆرینەی خەڵک، واتە کرێکاران و زەحمەتکێشانە. دەوڵەتی شوورایی ڕەنگدانەوی عەینی ئیرادە و خواستی ئەوانە.
- لەگەڵ لابردنی بنیاتەکانی بۆروکراتیک و نیزامی بۆرژوایی، شووراکان وەک هەر دوو ئۆرگانی یاسادانان و بەڕێوەبەرکار دەکەن و لەوێ، دەنگدەران دەتوانن نوینەرانی خۆیان لەسەرکار لاببەن.
- کۆماری فیدراتیوی شوورایی ئیڕان، دیکتاتوری پرولەتاریای شارو لادێیە، کە بۆ لابردنی سەرمایەدرای، نەهێشتنی مڵکایەتی تایبەتی بۆرژوایی لەسەر ئامرازەکانی بەرهەم هێنان وئاڵ و گۆڕ، لابردنی چەوسانەوەی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ و دامەزراندنی سوسیالیزم، کە لەوێ دا ئاسوودەیی، ئازادی و بەرابەری، ماڤی سروشتی و حاشا هەڵنەگری هەر مرۆڤێکە و لە چوارچێوەی ئەودا، بەربڵاوترین ئازادیەکانی سیاسی و بۆچوون و دەربرینی بیرورا بەرەسمی دەناسرێن، تێ دەکۆشن.
- بەرزترین ئۆرگانی دەسەڵاتدار لە کۆماری فیدراتیوی شوورایی ئیڕان، کۆنگرەی سەرانسەری نوێنەرانی شووراکانی سەرانسەری وڵاتە و لەماوەدای نێوان کۆنگرەکان دا، کۆمیتەی بەڕێوەبەری ناوەندی سەرانسەری ئیڕان، دەبێت.

<u>لە یاسای ئەساسی کۆماری فیدراتیوی شوورایی ئیڕان</u>

<u>بابەتەکانی خوارەوە تەزمین دەکرێت</u>

- ئازادیەکان



١. بەرەسمی ناسینی ئازادیبیر و بۆچوون، دەربڕینی بیرورا، بڵاوکراوەکان، ڕێکخراو، مانگرتن، خۆپیشاندان.

- سوسیالیزم و ئازادی لەیەکتر جیانابنەوە، خەلک کاتێک دەتوانن ئاستی زانیاری و هۆشیاری خۆیان ببەنە سەر، کە ئازاد و سەربەست بن، بەربەست بوون، گرینگ ترین کۆسپە بۆ بوژانەوەو پەرەسەندنی مرۆڤەکان و لەئاکام دا بوژانەوەی سوسیالیزم، کەبەدروستی، ئازادی مرۆڤ بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆی، تەزمین دەکات.

٢. بەمەبەستی دابین کردنی راستەقینەی ئازادی بیرورا، مەزهەب لەدەسەڵات و هەروەها پەروەردە و فیرکردن لەمەزهەب جیادەکرێتەوە و ئازادی راگەیاندنی مەزهەبی و دژی مەزهەب بۆ هەموو هاوڵاتیان بەرەسمی دەناسرێت.

- بڵاوکراوەکان تەنیا دەتوانن لەرێگای ئازادی بێ قەیدو شەرتی رەخنەگرتن لە هەل و مەرجی یاسایی بەشداری لە پەرەسەندنی پێکهاتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگا بکەن و یارمەتی بدەنە بەرزبوونەوەی ئاستیتێگەیشتنی خەڵک و پەرەسەندنی سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی.
- بۆ دابین کردنی راستەقینەی ئازادی دەربڕینی بیرورا، قەڵەم، بڵاوکراوەکان، هەرچەشنە پەیوەندیک نێوان چاپ و بڵاوکردنی بڵاوکراوەکان لەگەڵ سەرمایە لەناودەچێ. هەموو پێداویستیەکانی ماڵی و تەکنیکی چاپ و بڵاوکردنی کتێب، رۆژنامە، نامیلکە و هەرجۆرە ئامراز و ئیمکاناتی پەیوەندی گشتی و تورەکانی پیشکەوتووی پەیوەندی گرتن

ودەست پێ ڕاگەیشتن بەسەر چاوەکانی هەواڵ، ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و هتد... دەدرێتە دەستی شووراکان و ڕێکخراوەکانی پەیوەندی دار، بڵاوکردنی سەربەستانە و بێ سانسورو بێ قەیدو شەرت، تەزمین دەکرێت.

- بەمەبەستی تەزمینی ڕاستە قینەی ئازادی میتینگ، خۆپیشاندان، کۆبوونەوە، مانگرتن، هەموو کۆسپێکی ماددی و مەعنەوی کە سیستەمی سەرمایەداری لەسەر ڕێگای ئازادی نارەزایی دەربڕینی خەڵک پێکی هیناوەو یان کردوویە تیە ناومێشک و فەرهەنگی ئەوان، لەناو دەچێت. خانوو وشوێنی ڕێک و پێک کە لەوێدا هەموو ئامراز و ئیمکاناتی پەیوەندی گرتنی گشتی، ڕووناکایی و گەرماو فێنکی، بەشێوە ێکی مەجانی بەوان دەدرێت تاکو خەڵک نارەزایەتی و خواست و بۆچوونەکانیان بەشێوەێکی ئازادانە دەربرن و ڕابگەیێن.
- بەمەبەستی ئازادی ڕاستەقینەی پێک هێنانی ڕێکخراو وحێزب، کۆماری فیدارتیوی شوورایی کە دەسەلاتی چینەکانی دەوڵەمەندی تێک شکاندووە، هەموو ئەو کۆسپانەی کە لەکۆمەڵگای سەرمایەداری، کرێکاران و زەحمەتکێشان بەربەست دەکات بۆ دامەزراندنی ڕێکخراو و حێزب، لەناو دەبات و یارمەتی ماددی و مەعنەویان دەدا بۆ ئەوەی کە ڕێکخراوەکانی سەربەخۆی خۆیان دامەزرێنن و لەوان دا بەشداری بکەن.
- دانی ماڤی دەنگدانی ڕاستەوخۆ، نهێنی و یەکسان بۆ هەموو ئەو هاوۆلاتیانەی کە تەمەنیان گەیشتە بێتە ١٧ ساڵ و هەروەها ماڤی هەر



دەنگدەری بەمەبەستی هەڵبژاردنی لەشووراکان و ڕێکخراوو ئۆرگانەکانیتر.

- دادگایی کردنەکان بەشیوەیکی ئاشکرا و بە بەشداری هیئەتی بریاردەر و ماڤی هەڵبژاردنی قازی.
- ماڤی هەر کەسە کە چاوەدێری یاسایی بەرپرسان بکات.
- قەدەغەکردنی هەموو دەستێ وەردانێک لە ژیانی تایبەتی مرۆڤەکان، پاراستنی مرۆڤەکان و شوێنی ژیانیان لەهەر چەشنە هیرشێک، قەدەغەکردنی پشکنینی ناردراوەکان، نامەکان و هەروەها سیخوڕی.
- ماڤی هەڵبژاردنی ئیش و کار، شوێنی ژیان، ئازادی سەفەرکردن.
- قەدەغە کردنی ئەشکنجە و لابردنی بڕیاری ئیعدام.
- کۆماری فیدراتیوی شوورایی ئیران، یەکسانی ماڤی هەموو هاوۆلاتیان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، نەتەوە، مەزهەب، بیروڕا، جینس، زمان وهتد... لە هەموو بوارەکان بەرەسمی دەناسێت. و دژی هەرچەشنە ئیمتیاز و ستەمیک بەنیسبەت کەمایەتیەکانی نەتەوەیی، فەرهەنگی و هتد... خەبات دەکاو خەبات دژی پیاوسالاری، دژایەتی لەگەل ژنان و باوەرەکانی دواکەوتووی مەزهەبی و کۆن بەتایبەت لە بواری هیرش بردنە سەر ماڤەکان و یەکسانی ژنان،بە ئەرکی خۆی دەزانێ.
- لەکۆماری فیدراتیوی شوورایی ئیران، ئازادی هەڵبژاردنی هاوۆری ژیان (هاوۆسەر یان هاوۆژین) وئیزدەواج لەتەمەنی ١٨ ساڵان ئازاد و لەهەموو کاروبارەکان بەرابەری ژن و پیاو دابین و تەزمین دەکرێت.

## مافی کار

لە سوسیالیزم دا، هەموو هێزە بەرهەم هێنەرەکان گشتی دەبن، کاریش لەم یاسایە جیاناکرێتەوەو لە کۆماری فیدراتیوی شوورایی ئێران هەموو هاوۆڵاتیان مافی کارکردنیان هەیە و کار وەک ئەرکێکی هاوۆڵاتی بوونە و لەوێدا بێکاری مانایکی نیە وشەش سەعات کار لەرۆژدا و دوو رۆژ بەدوای یەک و هەفتە ئیجازە لەیەک ساڵ دا، بەشێکە لە یەکەمین پەسەندکراوەکانی یاسای کار کە شمولی هەموو ئەو هاوۆڵاتیانە دەکات کە توانای کارکردنیان هەیە، جگە لەو منداڵانەی کە تەمەنیان ١٧ ساڵ بەرەو خوارە، چ لە شارو چ لە لادێ، مەگەر ئەوەی کە کاری ئەوان لە کاتی خوێندن بەمەبەستی فێرکردنیان بێت.

- لە کۆماری فیدراتیوی شوورایی ئێران، دابین کردنی تەندروستی و ئەمنیەتی شوێنی کار، دابین کردنی سالونەکانی قسەکردن، شانۆ، کتێبخانە، شوێنیحەسانەوە، وەرزش، خوێندن و حەمام وهتد... تەزمین دەکرێ و یاساکانی کار و بەشەکانی ئەو لەلایەن شووراکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان بە لەبەر چاوگرتنی شوێنی کار و هەل و مەرجەکانی کار، پەسەند دەکرێت.
- کۆچ کراوەکان و خارجیەکانی تری دانیشتووی کۆماری فیدراتیوی شوورایی ئێران، وەک هاوۆڵاتیانیتر ماڤی هاوۆڵاتیان هەیە و ماڤی کارکردنیان بەبێ لەخزمەت گرتنی کاری کەسانیتر، بۆ ئەوان تەزمین دەکرێت.



- شووراکانی ناوچە بەبێ هەر چەشنە تەشریفاتێک ماڤی هاوۆڵاتی بوون دەدەنە خارجیەکانی دانیشتووی کۆماری فیدراتیوی شوورایی ئێران.
- لە کۆماری فیدراتیوی شوورایی ئێران، مافی پەنابەری دەدرێتە هەموو ئەو پەنابەرانەی کە بەهۆی سیاسی، مەزهەبی، بیروڕا، کەوتوونەتە بەر ئازارو ئەزیەت و داوای مافی پەنابەری دەکەن، و مافی هاوۆڵاتی بوون بۆ ئەوان بەرەسمی دەناسرێت.

## خوێندن

بەمەبەستی دابین کردن و تەزمینی بردنە سەرەوەی ئاستی زانستی کرێکاران و زەحمەتکێشان، لاوان، مڵکایەتی تایبەتی و ئەو پەیوەندی و ڕێو ڕەسمانەی کە لەو سەرچاوەی گرتووە، لەسەر سیستەمی فێرکردن و پەروەردە لادەچێ و لەگەڵ ئاڵ و گۆڕێکی بنەڕەتی لەسیستەمی فێرکردنی وڵات لەسەر ئەساسی ئاخرین دەستکەوتەکانی زانستی و تەکنیکی لەبواری فێرکردن و پەروەردە، ئیمکاناتی خوێندنی هەمە لایەنەو بەخۆرایی بۆ هەموو هاوۆڵاتیان دابین دەکرێت.

## تەندروستی و دەرمان

بەلابردنی مڵکایەتی تایبەتی لەسەر تەندروستی و دەرمان، ئیمتیازەکانی چینایەتی بۆ کەڵک وەرگرتن لە ئیمکاناتی تەندروستی وڵات لەناودەچێ و تەندروستی و دەرمان خۆرایی دەبێ بۆ هەمووان. دەرمانگەکان، نەخۆشخانەکان، بنکەکانی تەندروستی و دەرمانی و فێرکردن، شوێنەکانی

وەرزش و سەیرانگەکان بە لەبەر چاوگرتنی پێویستیەکانی کۆمەڵانی خەڵک پەرە دەستێنێ.

- دروستکردنی شوێن و دامەزراوەکانی پاراستنی پیر و پەک کەوتووان، کەم ئەندامەکان و ئەو کەسانەی کە بەو هۆیە توانای کارکردنیان نیە و هەروەها دروستکردنی بنکەکانی سەرگەرمی و سەیران بۆ بەساڵداچووەکان بەخۆرایی دەبێ.

## خانوو بەرە

بوونی خانووی باش مافی هەر مرۆڤێکە. ئامانجی خێرای کۆماری شوورایی، دابین کردنی خانووی باش، پێشکەوتوو و لەگەڵ هەموو پێداویستیەکانی بۆ هەموو هاوۆلاتیانە، وبەلابردنی دەسەلاتی سەرمایەدارەکان، ئەوانەی کە کەرەستەکان دەشارنەوە و دەلاڵەکانی خانوو بەرە ، ئیمکانی بەدەست هێنانی خانووی باش بۆ هەموو هاوۆلاتیان، دابین دەکرێت.

## کاروباری ئابووری و مڵکایەتی.

کۆماری شوورایی، سەرەتای کۆمەڵگا بەرەو بینای سوسیالیزمە، لە سوسیالیزم مڵکایەتی تایبەتی بۆرژوایی لەسەر ئامرازی بەرهەم هێنان و ئاڵ و گۆر گشتی دەکرینەوە. ئابووری لەرێگای بەرهەم هێنەرانی ئازاد و یەک دەست، رێک دەخرێت.

لەگەڵ ئەوەی خاوەن مڵکایەتی ئامرازی بەرهەم هێنان گشتی دەکرێن، بەلام ئەم رەوتە بەیەک شەو بەئەنجام ناگات. رەوتی بینای سوسیالیزم پڕە لە گۆرانکاری و پێشرەوی و پاشەکشە.



لەکۆماری شوورایی بە لەبەر چاوگرتنی بارو دۆخی ئابووری و کۆمەلایەتی ئێران و بە لەبەر چاوگرتنی هەل و مەرجەکان وپێوەندیەکانی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا، خاوەن مڵکایەتی تایبەتی وەلادەنرێت و هەموو مڵک و ئامرازی بەرهەم هێنان دەکەوێتە دەست خاوەنەکانی راستەقینەی واتە بەرهەم هێنەرانی رێکخراو لە شووراکان و ناوەندەکانی خەڵکی.

- لە کۆماری فیدراتیوی شوورایی کە لەسەر وێرانەکانی کۆمەڵگای سەرمایەدرای بینادەکرێت، هەموو بنیاتەکانی مەزهەبی، دەوڵەتی، کۆمپانیاکان و سەنعەتەکان و کارخانەکان، کارتل و تراستەکان و هەموو ئامرازی بەرهەم هێنان و ئاڵ و گۆر پێ کردن لەدەست ئەفرادی حەقیقی و حقووقی دەدرینە خاوەنەکانی راستەقینەی ئەوان واتە بەرهەم هێنەرانی ئازاد و یەکگرتوو و پێک هاتووی بنیاتەکان. و دەسەلاتی سەرمایەدارەکان و دەلاڵەکان و ئەوانەی کە کەرەستە دەشارنەوە، لەناو دەبات.
- لە کۆماری فیدراتیوی شوورایی، ژیان لەرێگای سودوەرگرتن، رباو وەک ئەوان قەدەغەیە وبەتاوان دەناسرێت و هەرکەس توانای کارکردنی هەبی و کار نەکات بەرێوەناچێت.

## کشت و کاڵ

چاکسازی لادێیەکان لەسەر هەل و مەرجی جۆغرافیایی و دابین کردنی ئاو، جادده، کەل و پەل، ئامرازی کارو پێداویستیەکانی مۆدێرن و پێشکەوتوو، دابین کردنی پێداویستیەکانی پەروەردەوفێرکردن ،

تەندروستی و ئاسوودەیی و قایم کردنی ئەوانە لەبەرا نبەر رووداوە سروشتیەکان دا.

- تێ کۆشان بۆ هاوئاست کردنی شارو لادێ لەرێگای گەشە پێدانی تێگەیشتووی، پەرەگرتنی ئیمکاناتی پێشکەوتووتری تەکنولوژی، سەنعەتی و زانیاری، بردنە سەری رادەی فێرکردن و ژیانی خەڵک.
- ئەسپاردنی بنیاتەکانی کشت و کاڵ بە کرێکاران و بەرێوەبەرانی ئەم بنیاتانە، واتە بەکۆمەڵ کردنی کشت و کاڵ لەسەر ئەساسی بەرئاوەرد کردن و بریاردانی شوورای ناوچەکان.
- کۆنترۆڵ و ئیدارەکردنی لێرەوارەکان، کانگەکان، ئاوەکان، سەرچاوەکان، لەورگەکان، لەلایان شووراکانی یەکگرتووی بەرهەم هێنەران ،و رێکخستن و دانانی یاسا، پەیوەندیەکان و ئاڵ و گۆر پێ کردنەکان بە لەبەر چاوگرتنی یاساکان و پێداویستیەکانی کاتی ،کە لەرێگای کۆمەڵانی بەرهەم هێنەر و شووراکان و نوێنەران بریاری لەسەر دەدرێت.
- دابین کردنی ناوەندەکانی سەیران و خۆشی، خوێندن، وەرزش و ناوەندەکانی هونەری، خانەی منداڵان و هەموو ئیمکاناتی یاریدان ،کە بۆ گەشەسەندن و چوونەسەری فەرهەنگ و ئاستی ژیان و بوژانەوەی دامەزراوەکان لە کارو باری کشت و کاڵی و دانیشتووانی لادێیەکان، بەکاردێن.

**سەبارەت بەنەتەوەکان و ناوچەکان و فەرهەنگە جیاوازەکان.**



سوسیالیزم ژیانێکی جیهانی بەرەسمی دەناسێت کە لەوێدا سنوورەکان مانایکی‌یان نیە.

ئێمە خوازیاری یەکگرتنی هەموو نەتەوەکان وەک کۆمەڵگای ئینسانین، بەڵام نە لە رێگای زۆرو ستەم، بەڵکو لەسەر ئەساسی هەڵبژاردنی ئازاد.

- کۆماری فیدراتیوی شوورایی ئێران کە لەیەکگرتنی دڵ خوازانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ناوچەکان، نەتەوەکان و فەرهەنگە جۆراوجۆرەکان پێک دێت، مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان تاکو سەربەخۆیی‌یان، بەرەسمی دەناسێت.

**ژینگە**

لە کولەڵگایەک کە قازانج خوازی، کۆکردنەوەی سەرمایەی تاکە کەس و کێ بەرکێ، ئەساسی چالاکیەکانی ئابووری پێک دێنێ، سروشتیەکە بەشێوەیکی لەرادە بەدەر لەسەر چاوەسروشتیەکان کە قەد جێگیر نابێتەوە، کەڵک وەربگرن و ژینگە لەژێررەکیفیسەرمایەداران و دەوڵەمەندەکان بێت.

- کاول کردنی ژینگە، خەسارێکە کە سەرمایەداری بەدیاری هێناوە. سوسیالیزم چاوێ لەداهاتووی مروڤایەتی و بەختەوەری نەسلەکای داهاتوویە. گشتی کردنی بەرهەم هێنان و ئاڵ و گۆر پێ کردن، ئیمکانی رێکخستنی بەرهەم هێنان بەکەمترین خەسارێک لە ژینگە وەدی دێنێ.
- بەرهەم هێنان بەشێوەیێک کە لانی کەمی خەسارو زەرەر لەژینگە بگەێنێ، یەکێک لەبووارەکانی بەرهەم هێنانی سۆسیالیستی وتێ کۆشان بۆ

پاراستنی ژینگە و گۆڕینی شێوەکانی بەرهەم هێنان و گۆنجاو لەگەڵ ژینگە لە ئامانجەکانی پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کۆماری شوورایی جیانەکراوەیە. فیدائیانی کۆمۆنیست هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشان و ئەحزاب و رێکخراوەکان و گروپەکان و دەستەکان و کەسایەتیەکانی سۆسیالیست و شۆرشگێڕ بو بەئەنجام گەیاندنی ئامانجەکان و پروگرامی سەرەوە بەیەکگرتووی و یەکبوونەوە، بانگەواز دەکات و لەهەر جوولانەوەیێک کەبۆ بەئەنجام گەیشتنی ئەو خەبات دەکا، پشتیوانی دەردەبڕێ.

ئیستراتیژی یەکگرتنە چینایەتیەکان

ئەلف: پروگرامی پێشنیارکراو بۆ بەرەیێکی هەمە لایەنە لە لایەنگرانی ئازادی و دابین کردنی مافی تاکە کەسی و کۆمەڵایەتی.

ئێمە پروگرام و داواکاریەکانی خێرای ژێرەوە بۆ یەکێتی هەمە لایەنەی هەموو لایەنگرانی ئازادی، دیمۆکراسی و عەدالەت، پێشنیار دەکەێن و هەموو ئەفراد، ئەحزاب، کەسایەتیەکان و کۆڕو کۆمەڵە دیمۆکرات و پێشکەوتوو و ئازادی خۆازو مرۆڤ دۆستەکان سەرەرای ناکۆکی لە پروگرام و بیروباوەر و ئایدئولوژی بەیەکگرتنی کاتی و بەردەوام، بو بەئەنجام گەیاندنی ئەو پروگرام بانگەواز دەکەێن

سەبارەت بەماف و ئازادیە سیاسیەکان.

- ئازادی بێ قەیدو شەرتی زیندانیانی سیاسی و گەرانەوەی تەبعیدیەکان (دوورخراوەکان).



- هەڵپێچانی هەموو پێک هات و ئۆرگانەکانی سەر بەدەوڵەت لە کارخانەو لادێ، گەرەکەکان، وەک شووراکانی ئیسلامی کار، ئەنجۆمەنەکان، کۆڕو کۆمەڵەکان و ئۆرگانەکانی سەرکوت کردن، سیخۆری و دوو بەرەکی خستنەوە.
- ئازادی بێ قەیدو شەرتی بیروڕاو دەربرینی بیرو بۆچوون، بەواتای ئەوەی کەهیچ کەس نابێ بەهۆی دەربڕینی بیروڕای خۆی بکەوێتە ژێر چاوەدێری و ئازار.
- ئازادی خۆپیشانداان و مانگرتن و کۆبوونەوە (میتینگ).
- قەدەغە کردنی بیروڕا پشکنین و ئەشکنجە و ئیعدام.
- ئازادی بێ قەیدو شەرتی، بلاوکراوەو چاپەمەنی، ئەحزاب، رێکخراوەکان،یەکیەتیەکان، سەندیکاکان شووراکان، ئەنجۆمەنەکان و کۆمەڵەکانیتر.
- جیابوونەوەی دین لەدەوڵەت و قۆتابخانەکان و لابردنی ئیمتیازی دینی.
- یەکسان بوونی بە تەواوی مافی هاوۆلاتیان لەهەر جینس و رەگەزو نەتەوەو ئائین و زمان.
- بەرەسمی ناسینی مافی کەمایەتیەکان و نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران بۆ دارا بوونی هەموو مافەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی.
- بەرەسمی ناسینی مافی نەتەوەکان بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان تا سەربەخۆئییان .

- بەرەسمی ناسینی مافی هاوڵاتی بوون بۆ هەموو پەنابەران و کۆچ کراوەکان.

<u>سەبارەت بە ئاسوودەیی گشتی</u>

- قەدەغە کردنی کار بۆ منداڵان و لاوانی کەمتر لە ١٨ ساڵ.
- پێک هێنانی بیمەی(دابین کردن )کۆمەڵایەتی بۆ هەموو هاوڵاتیان.
- دانی مووچە و حەق دەسی رۆژانی پشوودان و ئیجازە.
- خەبات بۆ بەئەنجام گەیاندنی داخوازیەکانی مامۆستایان، زانایان، هونەرمەندان و نووسەران.
- دانی هەزینەی مام ناوەندی ژیان و خوێندن بۆ منداڵانی زۆرتر لە ٢نەفەر تاکو دەگەنە تەمەنی ١٨ ساڵان.
- پارێزگاری یاسایی لە منداڵانی بێ باوک و دایک.
- بەهرەمەند بوونی منداڵان لە خواردن و خزمەتی تەندروستی بە خۆرایی.
- مافی کەڵک وەرگرتن لەخانەی منداڵان و شیر خوارگەکان بۆ پارێزگاری لە منداڵان لەکاتەکانی کارکردنی دایک و باوکیان.
- دابین کردنی کەل و پەلی وەرزشی، سەیران و شوێنی کایە کردن بۆ منداڵان و تازەلاوان.
- خەبات بۆ دابەزاندنی کرێ خانوو و دانی زیادە لەداهات و هەزینەی راستەقینەی کرێ خانوو بۆ ئەوانەی داهاتیان کەمە.



- تێکۆشان بۆ دابین کردنی خانووی باش بۆ هەمووان و دابین کردنی پێداویستیەکانی سەرەتایی ژیان وەکو ئاوی خواردنەوە، بەرق، خۆراک و جل و بەرگ.
- تێکۆشان بۆ بەدەست هێنانی پێداویستیەکانی سەرەتایی گشتی وەکو خزمەتەکانی تەندرۆستی و دەرمانی و بنکەکانی فێرکردن و هاتوو چۆ بۆ هەموو هاوڵاتیان.
- تێکۆشان بۆ دابین کردنی کار بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە توانای کارکردنیان هەیە و پێک هێنانی ئیمکانی بەرز کردنەوەی چۆنیەتی کارو گەشەکردن و پێشکەوتنی ئەفراد لەوکارانەی کە دلخوازیانە.
- خەبات دژی پیس بوونی ژینگە و هەوڵ دان بۆ پێک هێنانی ژینگەیەکی ئینسانی پاک و خاوێن و باش و دابین کردنی ئیمکانی دەست تێ وردانی ئەفراد لە و بڕیارانەی کە لەسەر ژیانی ئەوان کاریگەری هەیە.

خەبات بۆ دابین بوونی مافی ژنان

- یەکسانی تەواوی مافەکانی ژنان لەگەڵ پیاوان لەئەنجام دانی کاری یەکسان.
- ئیجازەدان لەگەڵ دانی مافی تەواو بۆ ژنانی دووگیان لەماوەی چوار مانگ پێش و ٨ مانگ پاش منداڵ بوونیان.
- تێکۆشان بۆ رزگاری ژنان لەگیرو بەندی دواکەوتوویی و لابردنەوەی هەرچەشنە جیاوازی نێوان پیاو ژن و خەبات دژی پیاو سالاری.

- خەبات بۆ یەکسانی مافی ژنان و پیاوان لە ژیانی هاوبەشی، جیابوونەوە، میرات و سەرپەرشتی کردنی منداڵان.
- ئازادی دامەزراوەکانی سەربەخۆی ژنان.
- قەدەغەکردنی چەند هاوسەری و ژیانی هاوبەشی زۆرەملی.
- ئازادی جەل و بەرگ لەبەرکردن و لابردنی هەموو جیاوازیکی جینسی.
- تەزمین کردنی مافی بڕیاردانی تاکە کەسی بۆ ژنانی دووگیان بۆ لەناو بردنی منداڵ.

خەبات بۆ دابین کردنی مافی کرێکاران.

- مافی رێکخراو، مانگرتن و بسترانی رێککەوتنەکانی بەکۆمەڵ.
- ۶ سەعات کار لە رۆژ و دوو رۆژ بەدوای یەک پشوودان لە هەفتە یک دا.
- زۆر کردنی رادەی حەق دەستی گونجاو لەگەڵ گرانی و بەرز بوونەوەی هەزینەکانی ژیان.
- دانانی ۶ هەفتە ئیجازە لەگەڵ حەق دەست بۆ ئەو کرێکارانەی کە زۆرتر لە ۶ مانگ لە شوێنێک کاریان کردووە.
- قەدەغە کردنی کاری شەوانە و کاری زۆرتر لە هەموو بەشەکانیتر، مەگەر بەشێوەیەک کە بەهۆیەکانی تەکنیکی بێ دەرئەنجامی ئەو لە لایەن رێکخراوەکانی کرێکاری دانی پێ دانرابێت. هەر بۆیە حەق دەستی کاری شەوانە نابێ لە دووقاتی حەق دەستی کار لە رۆژدا



کەمتر بێت و حەق دەستی ۱ سەعات کاری زۆرتر نابێ لە دوونیو سەعات کار لە رۆژدا کەمتربێت.

- ئازادی رێکخراوەکانی کرێکاری لە رێک کردنی یاسا و پەیوەندیەکانی کار، لێکولینەوەو بشداری لە کاروباری بەرهەم هێنان و فرۆشتن.
- وەرگرتنی هەڵویستی پێویست بەمەبەستی پاراستنی گیانی و بەرگری لە رووداو کارەساتی کارو پاراستنی تەندروستی کرێکاران لە شوێنی کارکردنیان (پاراستن و تەندروستی شوێنی کار).
- دابین کردنی خانوو و شوێنی ژیانی باش، دانی زیادە لەداهات و هەزینەی خانوو بەمەرجێک کە زیاتر لە نرخی دانراو لە حەق دەست بێت.
- دانی تەواوی مافەکان بە ئەو کرێکارانەی کە بەهۆی کارەسات ویان هەل و مەرجی کار تەندروستی خۆیان لە دەست داوە بەرادەی ئاخرین حەق دەستیان و زۆر کردنی ئەو بەرادەی زیاد بوونی هەزینەی ژیان.
- دابین کردنی کار بۆ بێکاران و دانی مافی کاتەکانی بێکاری و زۆر کردنی ئەو بەنیسبەت رادەی گرانی.
- دامەزرانی سیستەمی دابین کردنی کۆمەڵایەتی و مافی خانە نشینان لە هەموو بوارەکان.
- کۆنترۆڵی شێوەی بەجێ هێنانی یاسا و پەسەندکراوەکانی کارو لێکۆڵینەوەی هەل و مەرجی کار، پاراستنی تەندروستی شوێنی کارکردن لەلایەن نوێنەرانی کرێکاران و هەمە لایەنەکردنی ئەو لەسەر هەموو

کارگەکان و شوێنەکانی کارکردنی سینفی، پیشەسازان، پیشەکانی دەستی، لادێی، کشت و کاڵ، کانگەکان و ریگاوبان و هتد...

- دامەزرانی دادگاکانی کار لە هەموو بەشەکان بەبەشداری نوێنەرانی رێکخراوەکانی کرێکاری.
- کەم کردنی سەعاتەکانی کارکردنی کرێکارانی پیشەکانی قاڵی چنین، قۆماش چنین، کانگەکان، کوورەخانەکان و وەک ئەوان و کۆنترولی زۆرتری تەندروستی و پاراستنی شوێنی کارکردن، کەم کردنەوەی تەمەنی خانەنشینی لەم جورەکارانە.
- قەدەغەکردنی دابەزاندنی حەق دەست بە هەر هۆیەک.
- قەدەغەکردنی کاری پەیمانکاری و میترکاری.

## سەبارەت بە کارو ژیان لە لادێیەکان و کشت و کاڵ

- لابردنی هەموو قەرزەکانی جووتیارانی زەحمەتکێش.
- دانانی دابین کردنی کۆمەڵایەتی و مووچەی خانەنشینان لە لادێیەکان و ئەو ناوەندانەی کۆچ دەکەن.
- دابین کردنی ناوەندەکانی فێرکردن، پەرەپێدانی قۆتابخانەکان، خانەی منداڵان، نەخۆشخانەکان و بنکەکانی دەرمانی.
- دامەزراندنی شوێنەکانی وەرزش کردن و سەیرانگە و سەرگەرمی باش.



- دابین کردنی ئامراز و کەل و پەلی میکانیزە، کوود، توو و ئیمکاناتی زانستی و تەکنیکی بەمەبەستی دانی خزمەتەکانی کشت و کاڵ و فێرکردنی جووتیاران.
- دروستکردنی کانالەکانی گەیاندنی ئاو، ریگاوبان بۆ گواستنەوە و گەیاندن و ناوەندە خزمەتگوزاریەکانی پاراستن لە لادێیەکان و ناوەندەکانی کشت و کاڵ.
- چاکسازی لادێیەکان و ناوەندەکانی بەرهەم هێنانی کشت و کاڵ لەگەڵ مەواد و ئیمکاناتێک کە لەبەرامبەر رووداوەکانی سروشتی وەک بومەلەرزە و لافاو و باوبۆران قایم بێت.
- وەلانانی هەموو مالیاتێکی بەربەست کە رەوە لە دانی بەرهەمەکانی کشت و کاڵ.
- قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هەموو رێککەوتنەکان، پێوەندی و نەریتەکانی باو لە لادێیەکان کە تایبەتمەندی ئەوان ئەوە یەکە مرۆڤ دەکاتە کوێلە و بەمەبەستی قازانجی زۆرتر بەکاردێن.

پ: بانگەواز بۆ یەکگرتووی و یەک ریزی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی

کۆتایی هێنان بە بلاوەبوونی کۆمۆنیستەکان و یەکگرتنی ئەساسی ئەوان، یەکێک لە پێویستیەکانی بەرزبوونەوەی ئاستی تێگەیشتن، رێکخستن و جەنگاوەری چینی کرێکار و سەرکەوتنی شۆرشی کۆمەڵایەتیە. خەبات بۆ یەکگرتووی ریزەکانی کۆمۆنیستەکان نابێ بەربەست بکرێتە هندێک

قـەیدو بـەند کە لەپێش دا دامان ناوە. لەسەر ئەم ئەساسە، ئیمە هەموو ئەو ئەحزاب، ڕێکخراو، کۆڕو کۆمەڵ و ڕەوتانەیکە:

- بـنەمای مارکسـیزم و سوسـیالیزمی زانسـتی وەک ئـایدولوژی و پاڵپشتی زانستی چینی کرێکار، پەسەند کردوون.
- پێداچـوونەوەیکی رەخنە گەرانە لە رابردوو بەمەبەستی فیرٚبوون لە ئەزموونـەکانی ئـەو و سـنوردانان بـۆ لادانـەوەکانی نـاوخۆیی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، پەسەند دەکەن.
- پاڵپشـتی بە بزووتنەوەی کرێکاری بەمەبەستی دامەزراندنی ستونی چالاکی سۆسیالیستی لەسەر ئەساسی خەباتی چینایەتی، قبوول دەکەن.

بانگـەواز دەکـەیٚن تاکو لە کۆبوونەوەیکی هاوبەش، بنەماکان و ستونەکانی یەکگــرتن و چــۆنیەتی دەســت پــیٚ کــردنی گفــتوگۆی پێویســت بــۆ یەکگرتنەکانی حیٚزبی، بەشێوەیکی هاوبەش دروست بکەیٚن.

پ: یەکگرتـنەکانی هەمـە لایەنـەی هـێزەکانی لایەنگری سوسیالیزم، چینی کرێکار و زەحمەتکێشان.

لـە هـەل و مـەجی ئێسـتا و لـەم کاتـەدا کـە هـەموو هـێزەکانی لایەنگری سیسـتەمی کـۆن و لایەنگـرانیپایەداربوونی ئـەم بارودۆخـە و نوێـنەرانی بەشـەکانی جۆراوجۆری سەرمایە بەکەڵک وەرگرتن لە ئیمکاناتی راگەیاندن و بلاٚوکــردنەوە لــە رادەی نــاوخۆیی و جــیهانی خــەریکی بلاٚوکــردن و راگەیاندنی پروگرامکانی خۆیانن و هێزەکانیان ڕێک دەخەن.



یەکگرتـنی هەمـە لایەنـەی هـێزەکانی لایەنگـری سوسـیالیزم، واتـە هێزی مـەزنی کـارو ڕەنج لەسەر ئەساسی بەرژەوەندی و قازانجی چینایەتی بەبیٚ لەبـەر چـاوگرتنی بـیروڕا، بـۆ چوون، مەزهەب وهتد... لە بەرانبەر هێزی سـەرمایە، لە پێویستیەکانی ڕێکخستنی ریزەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و سـەرکەوتنی بـەرەی کـارو ڕەنـج بەسـەر دواکـەوتوویی چینایەتیە. ئێمە بەمەبەسـتی خەباتی بەکردەوەی هاوبەش لەم پێناوەدا، پروگرامی خوارەوە بە هەموو هێزەکانی لایەنگری سوسیالیزم، پێشنیار دەکەیٚن:

١. بردنەسـەرەوەی رادەی تیٚگەیشتنی چینی کرێکار و زەحمەتکێشانی کۆمـەڵگا لە پەیٚوەندی لەگەڵ بەرژەوەندی و قازانجی چینایەتی و ناوەرۆکی سیستەمی سەرمایەداری، ناوەرۆکی دەوڵەت و سیستەمی کۆماری ئیسلامی و دیمەنی سوسیالیزم.

٢. ڕێکخسـتن و بەشداری بەکردەوە لە خەبات بۆ رووخاندنی کۆماری ئیسـلامی و دامـەزراندنی حکوٚمـەتی شوورایی کرێکاران و زەحمەتکێشان و تیٚپەرین بەرەو سوسیالیزم.

٣. خـەبات بـۆ بەئـەنجام گـەیاندنی یەکسانی ژن و پیاو، خەبات دژی پیاو سالاری و یارمەتی بۆ ڕێکخستنی ژنان.

٤. بەرگـری کـردنی بـیٚ قەیدوشـەرت لە دەربڕینی بۆچوون، بیروڕا، بلاٚوکراوەکان، ڕێکخراو، مانگرتن، کۆبوونەوەکان (میتینگ) و خۆپیشاندان.

٥. خـەبات بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سوکولار، جیابوونەوەی دین لـە دەوڵـەت، بـەرەسمی ناسـینی مـافی دیـنداری و بـیٚ دیـنی و لابـردنی ئیمتیازەکانی مەزهەبی.

٦. قەدەغەکردنی تەواوی پشکنینی بیروڕاو بەکار هێنانی ئەشکنجە و لابردنی بڕیاری ئیعدام.

٧. یەکگرتووی نێو نەتەوەیی کرێکاران.

٨. بەرەسمی ناسینی، مافی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەکان تاکو سەربەخۆیی تەواویان.

٩. خەبات بۆ پێک هێنانی ژینگەیەکی پاک و خاوێن و ئینسانی.

## پەیڕەوی ناوخۆیی ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست

**پێکهاتی پەیڕەوی ناوخۆیی**

پەیڕەوی ناوخۆیی ڕێکخراو بریتی یە لە پێنج فەسڵ و نەوەد ماددە.

فەسڵی یەکەم باس لە مێژووی دامەزران، ئامانج، نیشانە و ئاڵای سازمان دەکات.

لە فەسڵی دووهەم یاساکانی تەشکیلاتی و بنەماکانی دیمۆکراتیکی سەرەوەی ئەو فورموله کراوەتەوە.

فەسڵی سێهەم ئەندامەتی ،ئەرکەکان و مافەکانی ئەندامان و شێوەی وەرگرتنی ئەندام ،مافەکان و دەسەڵاتیان و هەروەها کردەوەکانی دیسیپلینی روون کراوتەوە.

فەسڵی چوارەم باس لە پێکهاتی حێزبی تەشکیلات لەهەل و مەرجی ئێستا لەشوێنی کارو ژیان دەکات و بنچینەکان و چوارچێوە و میکانیزمی سەرەوەی ئەو دیاری دەکات. شانەکانی سووری شوێنی دانیشتن و



کاریگەری ئەوان، بەشەکانی تایبەتی و پەیوەندیەکانی سەرەوەی ئەوان، دیاری دەکات.

فەسڵی پێنجەم بریتی یە لە کۆنگرە، ئەرکەکانی کۆنگرە، شوورای ناوەندی و کۆمیسیونی ناوەندی لێکولینەوە و ئەرکەکانی هەیئەتی سیاسی و دەبیران و کۆمیسیونی ناوەندی لێکولینەوە دیاری دەکات، ئەرکەکان و دەسەڵات و شێوەی کارو پێوەندیەکانی سەرەوەی هەرکامیان، فرموڵەدەکات.

## پەیڕەوی ناوخۆیی

**فەسڵی یەکەم**

ماددەی ١- ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست بەرهەمی سێ دەیە خەباتی چینایەتیە و لەناو دڵی ڕێکخراوی چریکەکانی فیدایی گەلی ئێران (دامەزران ١٣٤٩- ١٩٧٠ زائینی) سەری هەڵداوە و بەرەڕەخنەگرتن لە هەڵویست و لادانەوەکانی ئەو و هەروەها گۆرینی ناوی ئەو بەرێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست لە نۆهەمین کۆبوونەوەی خۆی لە ساڵی ١٣٧٥ (١٩٩٦ زائینی) بەردەوام بوو لەسەر چالاکیەکانی خۆی لەژێر ناو، ئۆرگان و هەڵوێستی نوێ کە بەرهەمی ڕەخنەگرتن لە رابردوو و لێکدانەوەی هەل و مەرجی ئێستایە. ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست لە هەمان کاتدا ئاکامی یەکگرتووی بەشێک لە کۆرو کۆمەڵ و هێزەکانی کۆمۆنیستی، ڕێکخراوی چریکەکانی فیدایی گەلی ئێرانە.

ماددەی ٢- ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست، ڕێکخراویکی کۆمۆنیستی و بەشێکە لە چینی کرێکار کە لەناو بزاڤی ئەوچینە پێک هاتووە

و ئامـانجی ئەو پەرە پێدان و پەرەسەندنی خەباتی چینایەتی چینی کرێکارە بـەرەو سـەرکەوتنی یـەکجاری و بنـیات نـانی کۆمـەڵگای سۆسیالیسـتی و کۆمۆنیسـتی، کەلەو کۆمەڵگایە یەکێتی و یەکبوونی مرۆڤەکان دابین بکرێت و مەرجی بوژانەوەی مرۆڤەکان، بوژانەوەی مرۆڤ بێت .باس لە بنچینەکانی سیاسی و خەت و شێوازەکەی لە پروگرامی رێکخراو، کراوە.

مـاددەی ٣- رێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست لە هەموو بووارەکانی چـالاکی خـۆی، لـە ئامووزشـی سوسـیالیزمی زانسـتی، کەڵک وەردەگرێ و لـەباری نـاوەروکی چـینایەتی و ئـایدولوژی، خـۆی بەرێکخـراویکی کرێکاری دەزانێ.

مـاددەی ٤- رێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست، کۆمەڵەی وشیارانە و چالاکانەی کۆمۆنیستەکانە بەرەو یەکگرتنەوە لە گۆرەپانی جیهانی.

ماددەی ٥- نیشانە و ئاڵای رێکخراو:

نیشـانەی رێکخـراو بریتی یە لە داس و چەکوچ لە نێو ئەستێرەیەکی گەورە و هـەروەها نـەواریکی سـوور و زێرین (زەرد) کە لە هەردوو لای ئەونەوارە گوڵـی گـەنم و گوڵاڵـە و یاسە و لەناو نەوارەکە نوسراوە رێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست.

مـاددەی ٦- ئـاڵای رێکخـراو بـەرەنگی سـوورە، کـە درێژایی ئەو دووقاتی پانـایی ئـەوە و لەلای چەپی ئەو بەرەو سەرەوە، نیشانەی رێکخراو بەرەنگی زێرین (زەرد) کیشراوە.

## فەسڵی دووهەم



یاساکانی تەشکیلاتی و دیمۆکراتی ناوخۆیی حێزبی:

مـاددەی ٧- بنچـینەی پـێکهاتی رێکخـراوەیی و پەیوەندیـەکانی حـێزبی، رێکخـراوی یەکێـتی فیدائیانی کۆمۆنیست سانترالیزمی دیمۆکراتیکە لەسەر ئەساسەکانی خوارەوە.

مـاددەی ٨- هەڵـبژاردنی ئۆرگانـەکانی ریـبەری لەهـەر رادەیـک، هەر لە خوارەوە تاکو سەرەوەی ئەو.

مـاددەی ٩- گشـتی بوونـی کـارو بارەکـان لەهـەموو ئۆرگانێک و بەرپرس بوونی هەر کەسێک لە بەرامبەر بەئەنجام گەیاندنی ئەرک و مەسئوولیەت و راسپاردراوەکانی رێکخراوەیی.

مـاددەی ١٠- تەنـیا لـە چوارچـێوەی ئـازادی راسـتەقینەی رەخـنەگرتن و دەربڕیـنی بیروبۆچوونی ئەندامانە کە رێکخراو دەتوانێ رێک و پێکی ئەوان چاوەروانی بکات.

مـاددەی ١١- رێکخراو هیچ جۆرە بەربەستێک بۆ باس و رخنەگرتنی ئازادانە لەسەر بابەتەکانی پروگرامو پەیرەوی ناوخۆیی دانانەی.

مـاددەی ١٢- ئـەندامانی رێکخـراو تـاکو تـەداروکی کۆنگرە سەربەستن بۆ رخـنەگرتن و بـاس کـردن لەسـەر سیاسەتەکانی رێکخراو بەبێ هیچ جۆرە تـاقم بـەندیک، تاکو لەکۆنگرەدا نوینەران بەشێوەیەکی ئازادانە سەبارەت بە ناکۆکی و جیاوازی بیرو بۆچوونەکان، بڕیار بدەن.

مـاددەی ١٣- بـاس کـردنی ئازادانـە لەسـەر بابەتەکانی رێکخراو و هەموو ئۆرگانـەکانی تـری ئـەو، بـناغەی دیمۆکراسـی نـاوخۆیی حـێزبی و کاریکی

ئەساسیە، دیسیپلینی وشیارانەو نەک میکانیکی تەنیا لە ڕێگای دیمۆکراسی ناوخۆیی حیزبی، وە دی دێت.

تەزمین کردنی دەربڕینی بیرو بۆچوون بەشێوەیەکی ئازادانە بۆ ئەندامان، ئیجازەی پێک هێنانی تاقمەکانی فراکسیونی و هەروەها جیابوونەوەکانی میکانیکی، نادات.

ماددەی ١٤- ناردنی ڕاپۆرتی بەر دەوام و ڕێک و پێک لە لایەن ئورگانەکان بۆ ڕێکخراوەکانی حیزبی و هەروەها بۆ ئۆرگانەکانی بەرزتر.

ماددەی ١٥- بڕیاری ئۆرگانەکانی سەرەوە دەبێ جێبەجێ بکرێت.

ماددەی ١٦- ڕێکخراو ناتوانێ ئەو ئەندامانەی کە سەبارەت بە هەڵوێستیکی تایبەتی بۆچوونیکی جیاوازیان هەیە و ناتوانن ئەو هەڵوێستەیان قەبوول بێت، مەجبور بە دیفاع لەو هەڵوێستە بکات، مافی ئەندامە کە بیرو بۆچوونی خۆی لەپاڵ بیرو بۆچوونی تەشکیلات ڕابگەیێنێ.

ماددەی ١٧- ڕێبەرایەتی ڕێکخراو هیئەتەکانی هەڵبژیردراون کە لەهەمان کاتدا دەتوانن لاببردرێن و دەبێ لە بەرانبەر کۆبوونەوە گشتییەکان و هەروەها لەبەرانبەر ئەو بەشەی هەڵبژێردراون بەرپرس و وەڵامدەر بن.

ماددەی ١٨- هەر ئەندامێکی شوورای ناوەندی و یان دەفتەری سیاسی و سکرتیرێ ئەو ناتوانن زۆرتر لە سێ دەورەی بە دوای یەک، لە پلەی خویان بمێننەوە.

ماددەی ١٩- ئۆرگانەکانی تایبەتی و ئەو شوورانەی کە کاریان هەمیشەییە و لەپاڵ ڕێبەرایەتین، لەژێر چاوەدێری ڕێبەرین، بەڵام بڕیارەکانیان لەسەر ئەساسی ڕێکخراوەکانی پایە دەدەن و گۆرینی ئەندامانی ڕێبەرایەتی، هیچ



گۆرانکارێک لە پێکهاتی ئۆرگانەکانی ئەسلی، تایبەتی و هەمیشەیی، پێک ناهێنێ. مەگەر هەڵەیەک ڕوودات و یان ئەندامیکی ئەوان داوای دەس لەکارکیشان بکات و یان داوای گۆرینی شوێنی کارکردنی بکات. کەلەم کاتەدا لەسەر ئەساسی بەندەکانی ئائین نامەی ناوخۆیی و پەیڕەوی ناوخۆیی بڕیار دەدرێت.

ماددەی ٢٠- گشتی بوون و شوورایی بوونی ڕێبەرایەتی، پەروەردەکردنی کادێر، ئیبتیکارو خەلاقیەتی ئەندامان زامنێکی بەهێزە دژی بڕیاردانی نابەجێ، خەیالێ و سەرهەڵدانی شەخس پەرەستی و بۆرۆکراتیزم، هەموو ئۆرگانەکان بەتایبەتمەندی و ناوەروکێکی شوورایی، ئەرکەکانیان بەئەنجام دەگەیێنن.

## فەسڵی سێهەم

### ئەندامەتی

ماددەی ٢١- هەر کەس کە پروگرام و پەیڕەوی ناوخۆیی ڕێکخراو قبوول بکات و لەیەکێک لە بەشەکانی ڕێکخراو چالاکی بکات، بڕیارەکانی ڕێکخراو جێبەجێ بکات و حەقی ئەندامەتی بدات، ئەندامی ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیستە.

### شەرتی وەرگرتنی ئەندام

ماددەی ٢٢- ئەندامانی تازە لەناو کاندیداکانی ئەندام بوون کە مەودای دیاری کراوی تاقی کردنەوەیان تێپەر کردووە، دەبنە ئەندام.

ماددەی ٢٣- رێکخراوی پایە و کۆمیتەی ئەو تەشکیلاتە، ئۆرگانی وەرگرتنی ئەندامە.

ماددەی ٢٤- ئەوانەی کە داوای ئەندامەتی دەکەن دەبێ لەلایەن دوونەفەر لە ئەندامانی رێکخراو بناسرێن.

ماددەی ٢٥- ئەو ئەندامانەی کە ئەندامی تازە دەناسیننە رێکخراو، لەبەرانبەر رێکخراو بەر پرسیارن تاکو لەسەر تایبەتمەندی سیاسی و ئەخلاقی کاندیداکان زانیاریان هەبێت.

تێبینی: هەموو ئەندامان و تێکۆشەرانی رێکخراوی چریکەکانی فیدایی گەلی ئیران و کادێرە ناسراوەکانی چ ئەوانەی کە وەک تاکە کە س ماون و چ ئەوانەی کە لە رێکخراوەکان و گروپەکان و کۆرو کۆمەڵەکانیتر تێکۆشانیان هەیە بەپەسندکردنی شوورای ناوەندی بە ئەندامەتی وەردەگیرێن.

## ئەرکەکانی ئەندام

ماددەی ٢٦- لەپروگرام، پە یرو و پرۆگرامی نێوخۆیی، ئائین نامەکان، رێککەوتنەکان و قەرارە تەشکیلاتی یەکان پەیرەوی بکات و دیسیپلینی رێکخراویی بپارێزێ.

ماددەی ٢٧- حەقی ئەندامەتی خۆی بەشێوەی رێک و پێک بدات. حەقی ئەندامەتی بەرانبەرە لەگەڵ یەک لە سەدی حقووق.

ماددەی ٢٨- خەتی گشتی و رێنوێنیەکانی رێکخراو لێ بڕاوانە بەئەنجام بگەیێنێ.



ماددەی ٢٩- لەکارو ژیانی حێزبیدا نموونەبێت.

ماددەی ٣٠- یاساکانی کۆمۆنیستی بپارێزێ. قازانج و بەرژەوەندی گشتی بەسەر قازانج و بەرژەوەندی خۆی زاڵ بکات. بەنیسبەت پێویستیەکان و داواکاراییەکانی چینی کرێکارو زەحمەتکێشان هەڵویست بگرێ و لەبەرانبەر رێکخرا و خەڵك دا راست و دروستکاربێت.

ماددەی ٣١- لە بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتنی کۆمۆنیستی خۆی و کرێکارانی شوێنی خۆی تێبکۆشێ. ئەرکەکانی و مەسئولیەتە پێ ئەسپێردراوەکانی بەچاکی بەئەنجام بگەیێنێ و لەپاراستنی نهێنییەکان و دارایی و بەڵگەکانی رێکخراو تێبکۆشێ.

ماددەی ٣٢- بەنیسبەت پێشێل کردنی ئۆسول و بڕیارەکانی کۆمۆنیستی لە چالاکیەکانی خۆی و کەسانیتر بەهەڵوێست بێ و لەچاک کردنەوەی ئەوان تێبکۆشێ.

ماددەی ٣٣- ڕخنەو ڕخنە لە خۆگرتن لە زەێنی خۆی دا بنێ. دلێرانە کەم و کۆریەکان و بەلاری چوونەکان و موشکللەکان دەست نیشان بکات و لەرێگای چارەسەری ئەواندا تێبکۆشێ ،لەگەڵ لەخۆبەزل زانی و خۆگەورەکردن و خۆپەرەستی و پاراستنی رەواڵەت خەبات بکات و لێبراوانە دژی هەر چەشنە پێشێل کاری دیمۆکراسی نێو حێزبی، بیری ئازادو سەرکوتی ڕەخنە خەبات بکات و ئۆرگانەکانی حێزبی لەو بابەتانە ئاگادار بکات.

ماددەی ٣٤- تێبکۆشێ لەپێناو هاتنی کرێکارانی کۆمۆنیست و کۆمۆنیستەکانی رۆشنبیر، بۆ ناو ریزەکانی رێکخراو. ئامانجەکانی پروگرام

و سیاسەتەکانی ڕێکخراو ڕابگەیێنی و بڵاویان بکات. هەوڵ بدات کە کاریگەری ئەو لەناو کرێکاران و کۆمەلانی خەڵکی زەحمەتکێش پەرە بستێنێ.

## مافەکانی ئەندام

هەر ئەندامیکی ڕێکخراو مافی هەیە کە:

ماددەی ٣٥- لە هەڵبژاردنی ئۆرگانەکانی ڕێکخراوەیی بەشداری بکات، هەڵبژێرێ و هەڵبژێردرێت.

ماددەی ٣٦- سەبارەت بەبابەت، سیاسەت، پروگرام و چالاکیەکانی ڕێکخراو لەناو کۆبوونەوە، کۆنفرانس، کۆنگرە و بڵاوکراوەکان بەشێوەیکی ئازادانە قسەو باس بکات و بیرو بوچوونی خۆی ڕابگەیێنی، پێشنیار بکات و لەو دیفاع بکات و بۆ داسەپاندنیان تێبکۆشێ.

ماددەی ٣٧- لە هەموو ئەو کۆبوونەوانەی کە سەبارەت بە کردەوەکانی ئەو باس دەکرێ و یان ئەو بڕیارانەی کە سەبارەت بە چالاکیەکانی ئەو ئەدرێت، بەشداری هەبێت.

ماددەی ٣٨- داوای گۆزارشی ڕێک و پێک و هەمیشەیی سەبارەت بەبڕیارو سیاسەتەکانی ڕێکخراو لە ئۆرگانەکانی بەرزتر بکات.

ماددەی ٣٩- لە هەر ئۆرگانێکی حیزبی و یان هەر ئەندامێک، بەبێ لەبەرچاوگرتنی پلەو پایەی ئەو، لەناو کۆبوونەوەکان، بەشەکان، کۆنفرانس و کۆنگرەکان ڕەخنە بگرێت.



ماددەی ٤٠- پرسیار، پێشنیارو داواکاریەکانی خۆی لەگەڵ هەر کۆبوونەوەیکی حیزبی باس بکات و خوازیاری پێداچوونەوەو وەڵامدانەوە بێت.

## دەس لە کارکێشان

ماددەی ٤١- ئەندامەتی لە ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست بە دڵخوازە. کۆبوونەوەی گشتی شانە و یان کۆمیتەی هەر تەشکیلاتێک بەرپرسە لە وەڵامدانەوەی داواکاری ئەندامێک بەمەبەستی دەس لەکارکێشانی ئەو. هەر ئەندامێک پاش ئەوەی کە دەس لەکار دەکێشێ بەرپرسە لەبەرانبەر ئەوەی کە دەبێ هەموو بەرپرسایەتیەکان، بەڵگەکان و کەل وپەلی ڕێکخراو، بداتە ئۆرگانی پەیوەندیدار.

## کردەوەکانی دیسیلپینی

ماددەی ٤٢- ئەندام یان کاندیدی ئەندامەتێک کە بە بێ هیچ بیانویکی شایانی قبوول کردن بۆ ماوەی سێ مانگ حەقی ئەندامەتی نەدابێت و لەم مەودایە لەسەر پێداچوونەوەی شانەی پەیوەندی دار، پەیوەندی خۆی بەکردەوە لەگەڵ ڕێکخراو پچڕاندە بێت، مافی ئەندامەتی لەوی ئەستێندرێ. ڕێکخراوی پایەلەم بارەیە بڕیار ئەدات و بڕیارەکەی خۆی رادەگەیێنێتە ئۆرگانی بەرزتر.

ماددەی ٤٣- لەکاتیکدا ئەو ئەرکانەی کە لە پەیڕەوی ناوخۆیی ڕێکخراودا هاتووە و جێ بەجێ نەکرێن و یان دیسیپلینی ڕێکخراوەیی پێشێل بکرێت، هەڵویستەکانی خوارەوە جێ بەجێ دەبێت.

١. ئاگادارکردنەوە بەزمان
٢. ئاگادارکردنەوە بە نووسراوە
٣. وەرگرتنی پلەو بەرپرسایەتی
٤. وەرگرتنی مافی ئەندامەتی
٥. دەرکردن

ماددەی ٤٤- سەبارەت بە هەڵەکانی بچووک، شێوەکانی پەروەردەکردن و کاریگەر وەک ڕەخنەگرتن و لەخۆ ڕەخنەگرتن و هەروەها ئاگادارکردنەوە، بەکاردێت.

ماددەی ٤٥- ئەو ئەندامەی کە هەڵەی کردووە دەبێ لەبەرانبەر ڕێکخراوی پایە وەڵامدەر بێت و ولە بابەتەکانی تریش، ڕێکخراوی پایە دەبێ سەبارەت بە هە ڵە و تۆمەتەکانی ئەندام، ئاگادار بکرێ.

ماددەی ٤٦- کاتی بڕیاردان لەسەر هەڵەکانی ئەندام، دەبێ زۆر بە وردی و بێلایەنی سەبارەت بە دروستی تۆمەتەکان بکۆڵینەوە و یان لانی کەم یەک لە سێ ئەندامانی کۆمیتەی لێکۆڵینەوە، هەڵبژێراوی ئەندامی خەتاکاربن.

ماددەی ٤٧- بڕیاری دەرکردنی کۆمۆنیستێک، لە کۆبوونەوەی گشتی پایە کە ئەو کەسەیش ئەندامی ئەوە، دەدرێت و پاش ئەوەی کە دوو لە سێ ئەندامانی کۆبوونەوە بڕیاری دەرکردنی ئەندامی خەتاکاریان دا و پەسەندکردنی ئەو بڕیارە لەلایەن کۆمیتەکانی بەرزتر، بڕیاری دەرکردن یاسایی دەبێت.



ماددەی ٤٨- پێشنیارەکانی تەشکیلاتەکانی ڕێکخراوەیی بەمەبەستی دەرکردنی ئەندامێک، دەدرێتە ئەو کۆمیتەیە کە نەفەری خەتاکار ئەندامی ئەوە.

ماددەی ٤٩- تا ئەو کاتەی کە بڕیاری دەرکردنی ئەندام بەپەسندی ئۆرگانی سەرەوەتر بگات، ئەندام حەقی هەیە لە کۆبوونەوەکان دا بە شداربێت.

ماددەی ٥٠- هەر ئەندامێک کە دەکەوێتە بەر هەڵویستی دیسپلینی، حەقی هەیە تا سێ مانگ داوای لێکۆڵینەوە بکات.

ماددەی ٥١- نارەزایی دژی دەرکردنی تاکە کەسی و یان سەر کۆنەی حیزبی لەلایەن ڕێکخراوەکانی پەیوەندی دار دەبێ بێ راوەستان بکەوێتە بەر پێداچوونەوە.

## شێوەی وەرگرتنی کاندیداکانی ئەندامەتی

ماددەی ٥٢- بۆ وەرگرتنی ئەندام، ماوەی لانی کەم ٦ مانگ و لانی زۆر ١ ساڵ دا دنرێت تا لەم ماوەدا کاندیدی ئەندامەتی هەرچی زۆرتر لەگەڵ پرۆگرام و پە یڕەوی نێو خۆیی و شێوەی چالاکی تەشکیلاتی ئاشنا بێت و بەشێوەی ئازادانەو تێ گەیشتووانە بەچالاکی لەڕێکخراو و ئەندامەتی لە ئەودا خوازیار بێت.

جێگای سەرنجە کە ڕێکخراوەکان و کۆمیتەکانی پەیوەندی دار لەم بووارەدا، دەبێ ئەو پەری هەوڵی خۆیان بە کاربێنن تا لەرەوتی چالاکی و

لـەرەوتی بەڕێوەبـردنی ئەرکـەکان ناسـینی بەرانـبەر بۆ هەڵبژاردنی ئازاد مسۆگەربکەن.

مـاددەی ٥٣- بـۆ وەرگرتـنی کـاندیدی ئەندامـەتی، هـەمان مەرجـەکانی ئەندامـەتی، دارای بایەخـە-هـەر کـاندیدێک دەبـێ لەلایـەن ئـەندامانی حێزبەوە بناسرێت (وەرگرتن، دانی ناسنامە، و بڕیاری ڕێکخراوی پایە).

مـاددەی ٥٤- ڕێکخـراوی پایـە ئەرکـیەتی لـە ماوەی دیاری کراو بارودۆخی کاندیدایی ئەو کەسەی کاندیدکراوە بخاتە بەر هەڵسەنگاندن و بڕیاری لە سـەر بـدات. لـە حالـێکدا کـە ڕێکخـراوی پایـە بـڕیار بـە قبووڵ نەکردنی ئەندامـەتی بـدات. دوای پەسـندکردنی ئـەم بڕیارە لەلایەن کۆمیتەکانی، سەرەوە، ناوی کاندیدا لەلیستەی کاندیداکانی ئەندامەتی لا دەچێت.

کـاندیدی ئەندامەتی لە هەموو چالاکیە تەشکیلاتیەکان بەشداری دەکات و لـە کۆبوونـەوەکان دەنگـی مەشـوەرەتی یان هەیە و ناتوانن بە ئەندامەتی ئۆرگانـەکانی ڕێـبەری و یـان نوێـنەرایەتی لـە کۆنفرانسەکان و کۆنگرەکان هەڵبژێردرێن.

## فەسڵی چوارەم.

**پێکهاتی ئێستای ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست**

مـاددەی ٥٥- ڕێکخـراوی یەکێـتی فیدائـیانی کۆمۆنیسـت لـە سـەربنەمای ئـەزموونی دوورو درێـژو هەڵسـەنگاندنی شـێوەکان و ئەساسـنامەکان کە بـەهۆی زە ێـنی بـوون و ئەکلکتـیو یـزم و نـارێکی لە گەڵ هەل و مەرج و بـارودۆخی ئەحزاب و ڕێکخراوەکان، هیچ کات بوواری کردەوەیی بەخۆیەوە



نەگـرتووە، هەربۆیـە ئەساسـنامە بەتایبەت لە بوواری پێکهاتی تەشکیلاتی، دەبـێ وەک ئوسـوولێک کە لەگەڵ ئاڵ و گۆڕو گۆڕانکاریەکان دەگۆڕدرین، چـاوی لێ بکرێـت. پەێـرەوی نـێو خۆیـی (ئـە ساسـنامە) نـە بۆ ڕۆژێکە کە ئاواتـەکانی دوور و درێـژ بەئـەنجام بگـات. بـەڵکو دەبـێ لـە راسـتی پـە ێوەندیەکان و چالاکیەکانی ئێستا، ڕێبەری بکات هەربۆیە ڕێکخراوی یەکێتی فیدائـیانی کۆمۆنیسـت لەگـەڵ بەرێوبەری پێک هاتێک کە بتوانێت بابەتی بوژانـەوەو سـەر لەنوێ چاک سازی بەرەوپێش ببات، دەست پێ دەکات و بـۆ چـالاکی بەکـردەوە لـە ئێستادا، ئۆسولێکی گشتی دادەنێت کە پێکهاتی ئێسـتا بـۆ بەئـەنجام گـەیاندنی ئەوانـە هەنگاو هەڵدەگرێ. بۆیە لەم پێک هاتـە شێوەکانیڕەخنەیی ئێمە بە شێوازی کارو بابەتەکانی ئەساسنامەیی تا ئەو جێگا کە ئیمکانی بووە، ڕەنگدانەوەی بووە کە لەبنەرەت دا لەگەڵ پێک هاتەکان و ئەساسنامەکانی پێشو جیاوازی هەیە.

مـاددەی ٥٦- پێکهاتی ڕێکخراو لەسەر بنەمای دابەش کردنی جۆغرافیایی و لەسەر پێک هاتەکانی پایە لە شوێنی کارو ژیانی کۆمۆنیستەکان پێک دێت.

مـاددەی ٥٧- هـەموو ئۆرگانـەکانی ڕێکخـراوەیی لـە بڕیارەکانی کاروباری ناوچـەیی خۆیـان لـە چوارچـێوەی پروگـرام و سیاسـەتەکانی ڕێکخــراویی سەربەخۆن.

مـاددەی ٥٨- پـێکهاتی ڕێکخراوەکانی پایە بریتی یە لە ئەندام و کاندیدای ئەندامـەتی کـە لانـی کەمی پێک هێنەرانی ئەو سێ نەفەرە، و بڕیارەکانی خۆیـان لـە کۆبوونـەوەی گشتی ڕێکخراو پەسەند دەکەن. لە ڕێکخراوەکانی پایە هەمیشە رادەی ئەندامان زۆرتر لە رادەی کاندیداکانی ئەندامەتیە.

ماددەی ٥٩- کۆبوونەوەی گشتی کاتێک دەتوانێ بریاربدات کە زۆرتر لە نیوی لە ئەندامانی شانە و یان نوێنەرانی ئەوان لەو کۆبوونەوە ئامادەبن.

ماددەی ٦٠- ئۆرگانەکانی ڕێکخراوەیی هەر لە خوارەوە تاکو سەرەوە لە ڕێگای دەنگدانی نهێنی، هەڵدە بژێردرێن.

ماددەی ٦١- لەکاتی هەڵبژاردنەکان دا، هەر ئەندامێک مافی نارەزایی دەربرینی و ڕەخنەگرتن لە کاندیداکانی هەیە و سەبارەت بەهەر کاندیدایێک بەشێوەیکی جیاواز هەڵبژاردن دەکرێت و کاندیداکاتێک هەڵدە بژێردرێ کە زۆرتر لە نیوی لە ئەندامانی ئامادە لە کۆبوونەوە بە ئەو دەنگ بدەن.

فەسڵی پێنجەم، کۆنگرە

ماددەی ٦٢- بەرزترین ئۆرگانی ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست، کۆنگرەیە. کە بۆ ساڵی جارێک لە لایەن شوورای ناوەندی بانگەواز دەکرێن و بەبەشداربوونی نێو بە ئیزافەی یەکی ئەندامان و یان نوێنەرانی ئەوان ڕەسمی دەبێ.

ماددەی ٦٣- کۆنگرەی نائاسایی لەلایەن شوورای ناوەندی و یان لەسەر داواکاری لانی کەم دوو لە سێ ئەندامان و لەلایەن شوورای ناوەندیەوە بانگەواز دەکرێن.

ماددەی ٦٤- کۆنگرەی نائاسایی لەمەودای دوو مانگ پێک دێت و ئەوکاتە دەتوانێ بریاربدات کە زۆرتر لە نیوی لە هەموو ئەندامانی ڕێکخراو لەوێ بەشداربن.



ماددەی ٦٥- ئەگەر شوورای ناوەندی لەمەودای دیاری کراو کە لەمادەی ٦٤ هاتووە، بانگەوازی کۆنگرەی نائاسایی ڕانەگەیێنی،ئەندامان و ڕێکخراوەکانی پایە (دوو لە سێ ئەندامان) کە داواکاری پێک هاتنی کۆنگرەی نائاسایی بوون، مافی پێک هێنانی کۆمیتەی تەشکیلاتیان هەیە لە هەموو مافەکانی شوورای ناوەندی بۆ پێک هێنانی کۆنگرە دەتوانن کەڵک وەرگرن.

ئەرکەکانی کۆنگرە

ماددەی ٦٦- پەسەندکردنی ئائین نامەی کۆنگرە بە دەنگدانی زۆربەی هەرە زۆری دوو لە سێ) بەشدار بووان لە کۆنگرە.

ماددەی ٦٧- کۆنگرە پاش ئەوەی کە گۆزارەشەکانی شوورای ناوەندی و کۆمیسیونی ناوەندی لێکۆڵینەوەی وەرگرت، پێداچوونەوەیان لەسەر دەکات و لەکۆتاییدا پەسەندیان دەکات.

ماددەی ٦٨- پاش پێداچوونەوە لەسەر پروگرامو پەیڕەوی ناوخۆیی ڕێکخراو، دەیگورێ یان چاکی دەکات.

ماددەی ٦٩- ڕێبازی ڕێکخراو دیاری دەکا، پێداچوونەوەی هەیە لەسەر بابەتەکانی تاکتیکی و گرینگترین بابەتەکانی ژیانی حیزبی و سەبارەت بە ئەوان بریار ئەدات.

ماددەی ٧٠- هەڵبژاردنی شوورانی ناوەندی و ئەندامانی جێگر، دیاری کردنی گروپەکانی کاری و هەڵبژاردنی کۆمیسیونی ناوەندی لێکۆڵینەوە.

ماددەی ٧١- هەڵبژاردنی ئەندامانی شوورای ناوەندی و کۆمیسیونی ناوەندی لێکۆڵینەوە.

## شوورای ناوەندی

ماددەی ٧٢- شوورای ناوەندی ڕێکخراو لەمەودای نێوان دوو کۆنگرە، بەرزترین ئورگانی بریاردەری ڕێکخراوە کە هەموو چالاکیەکانی ڕێکخراو و ئۆرگانەکانی ئەو، ڕێبەری دەکات.

ماددەی ٧٣- شوورای ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەیە و لەبە رانبەر ئەو بەرپرسیارە.

ماددەی ٧٤- شوورای ناوەندی لە پەیوەندی گرتن لەگەڵ ئەحزاب و ڕێکخراوەکانی تر و هەروەها بەشداری لە کۆبوونەوەکان، نوێنەری ڕێکخراوە.

ماددەی ٧٥- هەڵبژاردنی دەستەی نووسەرانی بڵاوکراوەی ناوەندی لەئەستوی شوورای ناوەندیە.

ماددەی ٧٦- شوورای ناوەندی بەلەبەر چاوگرتنی هەل و مەرجی تایبەتی چاکسازی و بنیات نانی تەشکیلات، لەسەر ئەساسی پەیڕەوی ناوخۆیی، لەناوخۆی خۆیدا کارەکان دابەش دەکاو بۆ بەڕێوەبردنیان کادێر دیاری دەکات.

دابەش کردنی کارەکان و دیاری کردنی کادێر بە لەبەر چاوگرتنی ئەرکەکان و هەل و مەرجی واقیعی ڕێکخراو ئەنجام دەگرێت.



بەشێوەیەکی کە بەرە بەرە و بەپێ توانا بۆ گەیشتن بەئامانجی دیاریکراو بڕواتە پێش. ئامانجی دیاریکراو لە روانگەی ڕێکخراوەیی، پێک هێنانی ڕێکخراوێکی حیزبی کۆمۆنیستیەکە تایبەتمەندیەکانی ئەو لە پروگرام نووسراوە.

ماددەی ٧٧- بۆ ئەم مەبەستە لە هەل و مەرجی ئێستادا شوورای ناوەندی بەپێ پێویست، گروپەکانی تایبەتی کاری بچووکتر ڕێک دەخات.

ماددەی ٧٨- هەر گروپێکی کاری بەمەبەستی دابین کردنی پێداویستیەکانی خۆی، ئەندامانی خوازیار بەشداردەکات لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکان تاکو لەگەڵ دابەش کردنی کارو راسپاردنی ئیبتیکار بەو گروپەکاریانە، لە کۆکردنەوەی ئەرکەکان و پێک هاتنی بۆرۆکراسی بەرگری بکەن و پێویستی پەروەردەکردنی کادێر و بەڕێوەبردنی کاوبارەکان لەلایەن ئەندامان بەئەنجام بگەێنن.

ماددەی ٧٩- شوورای ناوەندی لانی کەم هەر شەش مانگ جارێک پلۆنۆمی خۆی بەڕێوە دەبا و لە کاتی پێویست لەسەر داواکاری هەیئەتی سیاسی و یان یەک لە سێ ئەندامانی شوورای ناوەندی، پلۆنۆمی نائاسایی بەڕێوە دەچێ.

ماددەی ٨٠- پلۆنۆمی شوورای ناوەندی سەرەرای پێک هێنانی ئۆرگانەکان و گروپەکانی کاری پێویست، هەیئەتی سیاسیش هەڵدەبژێرێ.

ماددەی ٨١- لەمەودای بەڕێوەبردنی دوو کۆنگرە، هەیئەتی سیاسی نەفەریک لە ناوخۆی خۆیدا وەک سکرتێر هەڵدەبژێرێ کە بەڕێوەبەری

سیاسی، تەشکیلاتی ڕێکخراو بەئەستویەتی و لەبەرانبەر شووڕای ناوەندنی بەرپرسیار و وەڵامدەرە.

ماددەی ۸۲- دەرکردنی یەکجاری ئەندامی شووڕای ناوەندی لە ڕێکخراو لە ئەستوی کۆنگرەیە.

ماددەی ۸۳- ئەندامانی شووڕای ناوەندی کە لە زینداون و یان شەهید بوونە و یان دەستیان لەکارکێشاوە، لەناو ئەندامانی جێگر هەڵدە بژێردرێن.

ماددەی ۸٤-

ماددەی ۸۵- ئەگەر ژمارەی ئەندامانی شووڕای ناوەندی نەگاتە ڕادەی دیاریکراو، شووڕای ناوەندی بۆ چاککردنەوەی خۆی لە گروپەکانی پایە ئەندام وەردەگرێ.

## کۆمیسیونی ناوەندی لێکۆڵینەوە

ماددەی ۸٦- کۆمیسیونی ناوەندی لێکۆڵینەوە کە هەڵبژێردراوی کۆنگرەیە، چاوەدێری بەرێوەبردنی هەرچی باشتری پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆیی و بڕیارەکانی ڕێکخراو دەکا و لەکاتی پێویست لێکۆڵینەوە لەسەر سکاڵاکان و نارەزائیەکان دەکات.،

ڕاپۆرتەکان، پەسەندکراوەکان و بڕیارەکانی کۆنگرەی دووهەمی ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست-گەلاوێژی ۱۳۷۹ (۱۹۹۰ زائینی)

ناوەرۆک:



۱. پرۆگرام ( بۆ خوێندنی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆیی، بڕواننە بەشی "پرۆگرام" و "پەیڕەوی ناوخۆیی" لە سایتی ئێمە www.Fedayi.org .

۲.پەیڕەوی ناوخۆیی.

۳.ڕاپۆرتی سیاسی شووڕای ناوەندی ڕێکخراو بۆ کۆنگرەی دووهەم ،بریتی یە لە،هەڵسەنگاندنی بارودۆخی نێونەتەوەیی و ناوخۆیی.

٤.ڕوانگەکان، ئەرکەکان و تاکتیکەکان

۵.زەمینەکان،ئەرکەکان و تاکتیکەکانی ئێمە بەمەبەستی بوژانەوە و سەقامگیری ڕێکخراو

٦.سەبارەت بە یەکگرتوویی بزاڤی کۆمۆنیستی.

۷.پەیوەندیەکانی دوولایەنە بەمەبەستی یەکگرتنەکانی حیزبی.

۸.خێراکردنی پرۆسەی یەکگرتنەکانی حیزبی لە ڕێگای یەکیەتیەکانی بەردەوام.

۹.ئەرکەکانی ئێمە لەرەوتی خەباتی گشتی دیمۆکراتیك و سینفی و سیاسی کۆمەلانی خەڵك.

۱۰.شێوازی تاکتیکی ئێمە لەبواری خەباتی گشتی دیمۆکراتیك.

۱۱.یەکیەتیەکانی بەکردەوە و یەکیەتیەکانی بەربلاو.

۱۲.پرۆگرامی کردەوە.

ڕوانگە، ئەرکەکان و تاکتیکەکانی گرینگی ئێمە لەقۆناغەکانی جۆربەجۆر.

ئەلف: ئەرک و تاکتیکەکانی ئێمە لەهەل و مەرجی ئێستادا (قۆناغێک کە هێشتا جوولانەوە بەتەواوی پەرەی نەگرتووە).

ب: روانگە، ئەرک و تاکتیکەکانی ئێمە لەهەل و مەرجی لە باری شۆرشگێرانە.

پ: روانگە، ئەرک و تاکتیکەکانی ئێمە لەرەوتی راپەرین و زەبری ئاخردا.

١٣.سەبارەت بەرێنوێنیەکان و درۆشمەکان لەقۆناغەکانی جۆربەجۆر.

١٤.سیاسەتی ئێمە لەناو یەکێتی چەپی کرێکاری.

تێبینی: بۆ بەدەست هێنانی کۆمەڵە پەسندکراوەکانی کۆنگرەی دووهەم پەیوەندی بگرن لەگەڵ پەیوەندیە گشتیەکانی رێکخراو:ای-میل

webmaster@fedayi.org

فاکس: ٠٠٤٦٣١٧٧٩٢٥٧١

( راپۆرتی سیاسی بۆ کۆنگرەی دووهەمی رێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست )

## بارودوخی نێونەتەوەیی

هاوڕیان: کۆنگرەی دووهەمی رێکخراو لەهەل و مەرجێک دەست پێدەکات کە قەیران سەرانسەری کۆمەڵگای سەرمایەداری جیهانی وە بەر گرتووە و دەتوانین ئاکامەکانی ئەم قەیرانە لە چوار گۆشەی جیهان بە ئاشکرا ببینین. یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی بەرچاوی گەشەکردنی



سەرمایەداری، گوبالیزاسیون (موندیالیزاسیون) یان جیهانی تر بوونی سەرمایە و ئابووریەکە ئەگەر چی بۆ سەرمایە قۆناغی زێرینی گەشەکردن دەژمێردرێت، بەلاّم بۆ بەمیلیاردە ها مرۆڤی کرێکار و زەحمەتکێش لەسەرانسەری جیهان رەش ترین قۆناغی مێژووە.

سەرەرای ئەوەی کە لەبوواری تەکنیکی و تەداروکاتی مرۆڤ لەهەر کاتێکی تر لەتەواو مێژووی مرۆڤایەتی دەوڵەمەندترە و باشتردەتوانێ پێداویستیەکانی خۆی بەرئاورد بکات، بەلاّم شەڕ، ئاوارەیی، هەژاری، بێ ماڵی، برسیەتی و قات و قڕی تەنیا قازانجی بەشێکی گەورە لە مرۆڤەکانە لەرادەی گەشەکردن و بەرزبوونەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بەشێکی گەورەی خەڵکی کە لەولاّتانی دواکەوتووی سەرمایەداری ژیان دەبەنەسەر، هێشتا لەبەرانبەر رووداوەکانی سرۆشتی وەک باو بۆران و بۆمەلەرزە بێ دیفاع و بێ پەنان.

لەمەودای ساڵی رابردوو شاهیدبووین کە چۆن بۆرانی "میچ" ژیانی بەمیلیون مرۆڤی لەئەمریکای لاتین، چارەرەش کرد. هەروەها شاهیدبووین کە چون لە بۆمەلەرزەێک لە تورکیا-کە لەگەشەکردنی تارادەیک باشی ئابووریدایە-هەزاران کەس گیانیان لەدەست داو رووداوێک کە کەوتە مێژووی ئەم ولاّتەوە.

سەرتاسەری قارەی ئەفریقا لەبەرانبەر مەترسی لەناو چوون دایە، پەرەگرتنی ئەونەخوشیانەی کە چارەسەرناکرێن- وەک ئایدز- گەشەسەندنی حەشیمەت، ئەم قارەیە لەگەڵ زەریبی کەمتر لە یەک رووبەروو کردووتەوە و بێ دەسەلاّتی دەوڵەتەکان لەبەرێوەبردنی

پروگرامی بەرگری لەنەخۆشیەکانی مە رگ هێنەر، دەبێتە خەسارێکی گەورەی مرۆڤایەتی بۆ دانیشتووانی ئەم قارەیە. بەجۆرێک کە زۆربەی رێکخراوەکانی نێو نەتەوەیی خەتەری کەمبوونی حەشیمەتیان لەم قارەیە بونیو سەدەی داهاتوو راگەیاندووە.

ئەمانە هەموو نموونەیێکن لە نامەتیەکانی جیهانی بوونی ئابووری کە بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەدیاری هێناوە، ئابووریک کە تەنیا لە دوای قازانجە و کاتێک کە خۆی لەسەرانسەری جیهان رێک بخات، شتێک جگە لە ناوچوون و چارەرەشی لەبووارەکانی جیهانی بە دیاری ناهێنی.

- لەزەمینەی ئابووری، بابەتی جیهانیتر بوونی ئابووری و چارەسەریەکانی ئەمپریالیزم بۆ بنیاتی کردنی ئۆرگانەکانی گوٚاستنەوەی سەرمایە و کەرەستە لەم دەورانە بەتەواوی دەبیندرێ. لە مەودای دوو ساڵی رابردوو هەوڵەکانی تایبەتی بۆ پێک هێنانی بنیاتەکانی نێونەتەوەیی، کۆنترۆڵی سەرمایەدانان و کەرەستە دەستی پێ کردووە کە ئاشکرا ترینی ئەوان کاروباری پێک هێنانی "ئەم-ئەی-ئی" (M-A-E) ودەست پێ کردنی کۆبوونەوەکانی رێکخراوی بازرگانی جیهانی بوو.

هەر دووی ئەم هەولانە، بەدوای یەک ئامانج بوون و ئەویش تەزمینی ئەمنیەتی سەرمایە لەئاستی جیهانی بوو. رێکخراوی بازرگانی جیهانی کە بەراستی جێگری گاتە (رێککەوتنی گشتی گۆمرکەکان و بازرگانی) هەوڵ دەدا بۆ لەناوبردنی کۆسپەکانی گومرکی و پێک هێنانی ئاسانکاریەکان بۆ ناردراوەکانی کۆمپانیاکان کە ئەم هەوڵە مانایکی نیە مەگەر تەزمین کردنی بازارەکانی ناوچەیی و جیهانی بۆ پاوانخوازیەکانی ئیمپریالیستی، لەسەر ئەم



ئەساسەیە کە "ئەم ئەی ئی" هەوڵ دەدا تاکو ئەمنیەت و ئاسایشی سەرمایەدانان بۆ کۆمپانیاکانی نێونەتەوەیی لە ولاتانی سەرمایەداری دواکەوتوو، تەزمین بکات.

شایانی ووتنە کە هەردووی ئەم هەولانە لەگەڵ نارەزایەتی توندی بزووتنەوەی کرێکاری لە ولاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری رووبەروو بوونەتەوە، بەشێوەیێک کە ئەو ولاتانەی کە پیلانی یەکەمی "ئەم-ئەی-ئی" یان ئیمزا کردەبوو، دوای، ماوەیێک و لەئاکامی نارەزایەتی دەربڕینی یەکیەتیەکانی کرێکاری-بەتایبەت لە ئوروپا-مەجبور بەراگرتنی ئەم پلانە بوون. کۆبوونەوەکانی رێکخراوی بازرگانی جیهانی کە لە دیسامبەری ساڵی ١٩٩٩ لە سیاتەل بەسترا، لەگەڵ ئەوە، نارەزایەتیک لەلایەن یەکیەتیەکانی کرێکاری ئەمریکا و کرێکاران و توێژەکانی تری خەڵک لەم ولاتە روو بەروو بوو کەئەنجام دانی پلانەکانی ئەمپریالیستی سەبارەت بە دابەش کردن و تالانی بازارەکانی جیهانی، بەتەواوی شکستی هێنا.

هەروەها کۆبوونەوەکانی سالانەی هەفت ولاتی سەنعەتی جیهان "گروپی ٧ " کە لە ئالمانیا دەستی پێ کرد، نارەزایەتی توندی خەباتگێرانی بزووتنەوەی رادیکالی کرێکاری و کۆمۆنیستی ئوروپای هەڵگیرساند کە نارەزایی خۆیان سەبارەت بە داگیرکەری ئیمپریالیزم دەربڕین. هەموو ئەم نموونانە بەباشی پیشاندەری ئەوەن کە سەرەرای سەرکەوتنی کاتی ئیمپریالیستەکان بۆ بەرەوپێش بردنی پرۆژەی جیهانیتر کردنی سەرمایە، بزووتنەوەی کرێکاری خاوەنی تیگەیشتنیکی رێژەیی و پەتانسیەلێکی باشە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ پلانەکانی تالان کەرانەی ئیمپریالیستی.

• بەهەرحاڵ، سەرکەوتنی کاتی ئیمپریالیستەکان لەم قۆناغەدا کاریگەری تایبەتی بووە لەسەر ئابووری جیهان کە ئاشکراترینی ئەوان، لاوازکردنی رەولیٚ دەوڵەتانی میللیيە. ئەگەر چی بەردەوامی ئەم پرۆسەیە و لابردنی بەیەکجاری کۆنترۆڵی دەوڵەتانی میللی لەسەر ئابووری بەهۆی نارەزایەتی بزووتنەوەی کرێکاری جیهانی راوەستا. بەڵام دەوڵەتەکان- بەتایبەت لەو ولآتانەی کە تارێژەیێک دواکەوتوویی سەرمایەداری-بەهۆی بیٚ بەشی لە ئیمکاناتی مالیٚ و لەبەردەست نە بوونی سەرچاوەکانی ئەرزی، تا ئەو کاتەی کە لەچوارچێوەی پەرەسەندن و بوژانەوەی سەرمایەداری بەرەوپێش دەچن، سەر بەخویی سیاسی و ئابووری یان نیە بۆ مەبەستی پروگرامدانان و رێکخستنی ئابووری. ئەم راستیە لە ئوروپای رۆژئاوا بەلەناو چوونی "دەوڵەتی ریفا" رەنگی داوەتەوە و لە ولآتانی دواکەوتووی سەرمایەداری ئاکامەکەی بووتە هۆی پروگرامکانی تایبەتی کردنی پروژەکان و کۆمپانیاکانی دەوڵەتی. ئەو کۆمپانیانەی کە لەسەرەتای هاتنی ئەم ولآتانە بۆ پروگرامکانی گەشەکردنی سەرمایەدارانە، لەگەڵ قەرزی بنیاتەکانی نێو نەتەوەیی سەرمایە وەک بانکی جیهانی و سندووقی نێودەوڵەتی دراو (پول) پێک هاتبوون. ئەم کۆمپانیانە لە جۆری بەرهەم هێنان وەک سەنعەتەکانی پۆڵاو نەوت و ئەلماس و دار و شیلات (ڕاوە ماسی) و چنین تاکو کۆمپانیاکانی خزمەتگۆزاری وەک پۆستە و پەیوەندیەکانی جیهانی (مۆخابرات) ونە خۆشخانە و هتد... هەموویان لەهەل و مەرجێک بەنرخی هە راج دەچنە فرۆش کەپشتی چینی کرێکارو



زەحمەتکێشانی ئەم ولآتانە لەژێر ئەو قەرزەی کە بۆ پێک هێنانی ئەم کۆمپانیانە سەرف بووە، شکاوە.

ئەو بەرنامانەی کە سەرمایەی جیهانی بۆ لەناوبردنی دەستکەوتەکانی خەباتی کرێکاران لەولآتانی جۆربەجۆر لە دەستوری خۆی دایان ناوە بیٚ وەڵام نەماوەتەوە. چ دابەزاندنی ئاستی ئاسوودیی کۆمەڵایەتی لە ولآتانی سەرمایەداری پێشکەوتوو و چ پروگرامی تایبەتی کردن لە ولآتانی دواکەوتووی سەرمایەداری، خۆراگری و نارەزایەتی توندی کۆمەلآنی خەڵک و بزووتنەوەی کرێکاری بەدوایەتی.

• ئەگەر لەولآتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری دەربڕینی نارەزایەتی بەشێوەیەکی گشتی وەک خۆپیشاندان و رێکخستنی ئەکسیون بەمەبەستی دەربڕینی پشتیوانی لە گروپەکانی کەم داهات و هەروەها دەنگ دان بە ئەحزابی پێچەوانەی رەوتی داسپاو (هەر چەند پوپولیستی راست و دژی بێگانە بن) خۆی دەنوێنی، لە ولآتانی دواکەوتووی سەرمایەداری دەربڕینی نارەزایەتی بەشێوەی مانگرتنەکانی بەربلآو و شەڕی سەر شەقامەکان لەگەڵ هێزەکانی ئاسایش (ئینتزامی) و تەنانەت لە هندیٚ جار رووکردن بەشێوەکانی راپەڕینی چەکدارانە دژی هێزەکانی دەسەلآتدار و بەرەوپیش بەری سیاسەتی تایبەتی کردن خۆی نیشان دەدا. نموونەی ئەم جورە جولآنەوانە لە ئەفریقا (زیمبابوە)- لە ئاسیا (ئەندونزیا و کوریا)- لەئەمریکای باکوور (مەکزیک)- و لەئەمریکای لاتین (کولومبیا) رووی داوە، کەسەبارەت بەبابەتی دوایی‌دا یانی لە کولومبیا دەوڵەت مەجبور بوو پاشەکشە بکات و چریکەکانی (گەریلاکانی) ئەو ولآتە کۆنترۆلیٚ بەشێک لە ناوچەکان

بەدەستەوە بگرن. لەهەل و مەرجی گەشەسەندنی نارەزایەتیەکانی کۆمەڵایەتی و رادیکالیزە بوونی شێوەکانی دەربڕینی نارەزایەتی، رەوتە راستەکانی ئیفراتی مەجالێکی باشیان دەست کەوتووە کە بەمەبەستی دووبەرەکی خستنەوە لەناو ریزەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمەلانی خەڵک و بۆ رزگار کردنی سیستەمی سەرمایەداری لەژێر زەبری نارەزایەتیەکان، رووبکەنە ناکۆکیەکانی رەگەزی، نەتەوەیی، مەزهەبی و جینسی. نموونەیێک لەم هەولانە بەدەسەلات گەیشتنی حیزبی رەگەز پەرەستی "ئازادی" لە ئوتریش بوو کە هاوسەنگیەکانی ئوروپای بەتەواوی تێک دا. ئەم نموونانە بەسە بۆ سەلماندنی ئەم راستیە کە جەمسەریکی توندرەوی راست لە گۆرەپانی سیاسی سەری هەلیناوە، پێک هاتن و گەشەکردنی جەمسەریکی توندرەوی راست لە گۆرەپانی سیاسی بێ گۆمان دەبێ ئەوانەی کە هێشتا لەسەر نوسخەی سوسیال دیمۆکراسی لە لەسەردەمانی سەدەی رابردوودا لەخەون و خەیالێ تێ پەرینی ئارام و بێدەردەسەرن بەرەو سوسیالیزم، لەخەونیان هەستینێ.

- وەک نموونەیێکیتر لە کاریگەریەکانی سیاسی جیهانیتر بوونی سەرمایە، لە ناوچوونی دەوڵەتانی میللی و پێک هاتنی بنیاتە نێونەتەوەیەکان، دەتوانین ئاماژەبکەین پێک هاتنی بنیاتەکانی حقووقی نێودەوڵەتی و کاریگەری ناتۆ وەک ژاندارمی نێودەوڵەتی. لەمەودای دەورەی رابردوودا رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ناوەروکی سەرەتایی پلانێک پەسەند کرد کە بەهۆی ئەوە بتوانن ئەو دەسەلاتدارانەی کە مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن بخەنە ژیر لێکۆلینەوەو لە دادگاکانی نێودەوڵەتی



بریاریان لەسەر بدەن. ئەوەی کە ئەم پەسەندکراوە بەچ شێوەیێک بکرێتە کردەوە، سرۆشتیە کە پەیوەندی هەیە بە هاوسەنگ بوونی هێزەکان و بریارەکانی شوورای ئەمنیەت کە بە لەبەر چاوگرتنی پێکهاتی ئەوچاوەروان ناکرێت ئەوەی کە وەک مافی مرۆڤ دێتە بەرچاوی ئەوئورگانە، شتێک جگە لە مافی مڵکایەتی تایبەتی هەبێ. لەلایەکی دیکەوە شەری یوگوسلاڤیا نیشانی دا کە هێزەکانی ئەندام لە رێککەوتنی سەربازی ناتۆ نەک لە دەستێ وەردانی نیزامی لە کاروباری ناوخۆیی ولاتانی دیکە حاشا ناکەن، بەڵکو دەتوانن بەبێ مەترسی لەموخالیفەتی نەتەوە یەکگرتووەکان، شەڕ دژی هەرولاتێک رابگەێنن و بنیاتی ژیان لەو ولاتە تێک بدەن. ئەم شەڕە هەروەها نیشانیدا کە سیستەمی نوێ جیهانی کە دوای تێک چوونی سوڤیەت پێک هاتووە، نەک ناکۆکیەکانی نیزامی و میلیتا ریزمی لەناو نەبردووە، بەڵکو هێناو تەی قۆناغیکی نوێ کە وەحشیگەری ئەمپریالیزمی هارو هەوسارپچراو، دەسەلمێنێ.

- گەشەکردنیتەکنولوژی و پێشکەوتنی زانستی ژەنەتیک کەلەم دەورەیە بەوێنە هەڵگرتن لەژەنەکان (کولوناژ) گەیشتووتە بەرزترین ئاستی خۆی، ئاسۆیێکی نوێ بۆ مرۆڤ دەرخستووە. بوژانەوەی تەکنولوژی و زانستەکان دەچێ کە جاریکی تر ئاڵ و گۆرێکی بنەرەتی بەسەر ژیانی کۆمەلایەتی مرۆڤەکان پێک بێنێ. هەر ئاوا کە شۆرشی سەنعەتی لەناوەراستەکانی سەدەی هەژدە بەهۆی ماشینی هەڵم (بۆخار) و دەزگاکانی شی کردن و چنین بەرەبەرە شێوەی بەرهەم هێنانی مانو فاکتوری یان (کارگەیی) لەناو برد، هەر ئاوایش شۆرشی سەنعەتی و تەکنولوژیک لە

ناوەراستی سەدەی بیستەم بەهۆی وزەی ئەتوومی و بایولوژیک و رۆبوتیک، ئاڵ و گۆری بەسەر شێوەی بەرهەم هێنانی سەنعەتی هێناوە و بەخێرایی و تەنیا لەمەودای دوو دەیە، دابەش کردنی کار کە لە شۆرشی سەنعەتی سەرچاوەی گرتبوو، تووشی ئاڵ و گورێکی بنەرەتی کردووە. لەرەوتی دابەش کردنی کاری کۆمەڵایەتی جیاوازی سەرەکی نێوان کاری فیکری و دەستی لەناودەچێ. پەیوەندی بایەخ دار دابەش دەکرێتە سەر هەموو بەشەکانی چالاکی کۆمەڵایەتی، توێژەکانی جۆربەجۆری وردە بورژوایی زۆرتر بەرەو لای چینی کرێکار دێن و هەربۆیە بەزبوونەوەی چەنیەتی و چۆنیەتی چینی کرێکار مسۆگەر دەبێت.

## بارودۆخی ناوچەکە

بارودۆخی سیاسی ناوچەکەش لەرەوتی گشتی ئەم گۆرانکاریانە جیانیە. ئەگەر چی وڵاتانی ئیمپریالیستی توانیانە چارەسەریکی کاتی بۆ هندێک لە قەیرانەکانی زۆر کۆنی ناوچەکە وەک بابەتی فەلەستینی داگیرکراو، شەرِی ئیسراییل لەگەڵ لوبنان و سوریە و بابەتی ئاشتبوونەوەی ئیسراییل و ئوردون بدۆزنەوە، بەلاّم هندێ قەیران لەم مەودایە لەناوچەکە پێک هاتوون کەدەبێ وەک پارامیترەکانی نوێ بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسی رۆژهەلاّتی ناوەراست و دراوسێیەکانی باکوورو رۆژهەلاّتی ئێران چاویان لێ بکرێت. بەلەبەرچاوگرتنی قەیرانەکانی سەربازی رۆژهەلاّتی ناوەراست و بابەتی نیزامی گەری (میلیتاریزم) وەک کۆڵەکەی گەشەسەندنی بۆرژوازی لە ئێران، بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی



ناوچە پێویستە سەرەرای فاکتۆرەکانی (هویەکانی) چینایەتی کە هۆی سەرەکین لە شۆرشەکانی کۆمەڵایەتی ناوچەکە، لە فاکتۆرەکانی تری سیاسیش هەڵسەنگاندنیکی وردمان هەبێ تاکو هەم بتوانین جووڵانەوەکانی چینایەتی لە جووڵانەوەکانی تری سیاسی کە لەسەر هۆیەکانی نەتەوەیی، مەزهەبی، قەومی وهتد... پێک دێن جیابکەین و هەم بتوانین ئەو جۆرە لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانەی کە لەخزمەت بەرژەوەندی درێژ خایەنی چینی کرێکارن، بەهێزبکەێن و پەیوەندی وشیارانە لەگەڵ ئەوان دامەزرێنین و ئەوان بێنینە ژێر چەتری پشتیوانی بزووتنەوەی کرێکاری.

- یەکێک لە سەرەکی ترین قەیرانەکانی سیاسی رۆژهەلاّتی ناوەراست کە بووتە هۆی توندبوونی قەیرانی سیاسی و نیزامی گەری لە ناوچەکەدا، گەشەسەندنی ئیسلامی گەری لە ناوچەکەیە. ئەم پرۆسەیە کە لە چەند ساڵی رابردوودا دەستی پێکردووە و کۆماری ئیسلامی ئێران وەک ((ام القری المسلمین)) پەرەی پێ ئەدات، لەمەودای دوو ساڵی رابردوودا گەشەی رێژەیی کەمێک کردووە-لانی کەم سەبارەت بە شێعەگەری-ئەم لە لایەکەوە پەیوەندی هەیە بەچارەسەری ئیسراییل و دەوڵەتی خۆ بەرێوەبەری فەلەستین کە زەوی ژێر پێ ئیسلام گراکان لە ناوچەکانی داگیرکراوی فەلەستین و هەروەها لە باشووری لوبنانی بەتاڵ کرد. و لەلایەکی دیکەوە پەیوەندیی هەیە لەگەڵ لابردن و قەدەغەکردنی حێزبی ریفا لە تورکیا و پەرەسەندنی هاوکاریەکانی تورکیا و ئیسراییل-بەتایبەت هاوکاریەکانی سەربازی (نیزامی)-تێکرای یەکتر زەبرێکی کوشندەی لە بزووتنەوەی ئیسلامی گەری لە وڵاتانی رۆژهەلاّتی ناوەراست

وەشـاند. سـەرەرای ئـەو مـەل کـەچ نەبوونی دەوڵەتی ئەلجزایر بەئاکامی هەڵـبژاردن کـە ئیسلام گراکان لەوێدا دەنگی زۆرتریان بە دەست هێنا، و بەربەست کردنی چالاکی رەوتی ئیسلامی «اخوان المسلمین» لە میسریش، بوونـە هـۆی لاواز بوونـی پـێ گـەی ئیسـلام گـراکان. ئاسووی چارەسەری قەیـران نێوان ئیسراییل و فەلەستینی داگیرکراو-هەرچەندکاتی، ناپایدار و نادیمۆکراتـیک بێـت-پێگـەی ئیسـلام گراکانی لەناو کۆمەڵانی خەڵک لاواز کـردووە و بابـەتی چاکسـازی لەبـەردەم زۆربـەی دانیشـتووانی ناوچـەکە دانـاوە، ئەمـەش بووە هۆی ئەوەی کە خەڵک لە چارەسەریەکانی سەربازی ئیسلام گراکان دڵ ساردبن و چارەسەریەکانی سیاسی هەڵبژێرن.

ئاکامـەکانی ئـەم ئـاڵ و گۆرانـە، پێک هاتنی بناغەی بزووتنەوەکانی دیکەی کۆمەڵایەتـیە کـە یەکـەم لە چاو ئیسلام گراکان ناوەرۆکێکی پێشکەوتووتری هەیـە و دووهـەم ئـەوەی کـە لەگەڵ گەشەسەندنی خۆی یارمەتی دەداتە خەباتی چینایەتی لەم وڵاتانە تاکو ببێتە جەمسەریک.

نموونـەی ئـەم بزووتـنەوانە لە ئیسراییل بزووتنەوەی «زەوی بۆ ئاشتی»یە، کە لەگەڵ بەهێزبوونی حیزبی ئیسراییلی یەکگرتوو (حیزبی کاری پێشوو) کە خـەریکی بەربەرەکانـیە لەگەڵ شانازیەکانی یە هوودی کە سەهیونیستەکان کـەڵکی لێ وەر دەگـرن. ئـەم ئالوزیـە سیاسـیە، ریزەکانی چینی کرێکار کە خوازیـاری ئاشـتی و بەکارهێـنانی داهاتـەکانی کۆمەڵایەتی بۆ دابین کردنی کـارو ئاسـوودەیی بـۆ هـەموو کۆمـەڵگان، لـە هـێزەکانی کۆن و بۆرژوازی دواکـەوتووی ئیسـراییل کـە بـەدوای گـەورەیی خـوازی یـەهوود و زیندووکردنەوەی «زەوی وەعدە پێدراو» یانن، جیاکردووتەوە.



لەناوچـەکانی داگیرکـراوی فەلەسـتینیش بوونـی دەوڵـەتی خۆبەرێوەبەری فەلەسـتین بابـەتی دیمۆکراسـی، دابـین کـردنی ژیـان و ئاسـوودەیی کۆمەڵایـەتی بووتـە دەسـتوری کاری هێزەکانی کۆمەڵایەتی، بێ دەسەڵاتی بـۆرژوازی نـوێ فەلەسـتین لـە وەڵامدانەوە بەم داخوازیە کۆمەڵایەتیانە و کـەڵک وەرگرتـنی دەوڵـەتی خـۆ بەرێوەبـەری فەڵەسـتین لـە یارمەتیە نێو دەوڵەتـیەکان و سـەرمایەدانان لـە سـەنعەتی توریـزم دەبێـتە هۆی دیاری کردنی ریزەکانی چینایەتی لەناو فەلەستینیەکان.

لـە جوولانەوەکانیتـر کـە خەریکی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیە لە ناوچەکەدا «بزووتنەوەی نێودەوڵەتی ژنانی عەرەبە» کە لە مەودای دوو دەیە بۆ وەدی هاتـنی مـافی ژنـانی عـەرەب خـەباتی کـردووە. واتـە لـە دەورانـێک کـە لەلایەکـەوە ئیسـلام گـراکان گۆرەپـانی خەباتـیان بەدەستەوە بوو و لەهەر دەرفەتـێک کەڵکـیان وەر دەگرت بۆ پاشەکشە کردن بە ژنان لە گۆرەپانی چـالاکی کۆمەڵایـەتی، و لەلایـەکی دیکـەوە بـۆرژوازی جیهانی لە ژێر ناوی «مۆدێرنـیزم» بەژن وەک کەرەستەیک بۆ دابین کردنی پێداویستی جینسی پـیاوان چـاوی لێ دەکـرد، ئـەم بزووتـنەوەیە بـۆ بەدەسـت هێـنانی مافی ئینسـانی ژنـان لـەناو کۆمـەڵگاکانی دواکەوتوو و مەزهەبی عەرەبی خەباتی دەکرد و ژنانی لە وڵاتانی عەرەب بە یەکگرتن بانگەواز دەکرد.

لەگـەڵ مەجـبورکردنی رەوتـە ئیسـلام گـراکان بـە پاشەکشە لە گۆرەپانی خـەباتی سیاسـی، ئـەم بزووتـنەوەیە دەرفەتێک بە دەست هێنا تاکو مافی راسـتەقینەی ژنـان کـە بـەناوی مەزهـەب و نەریـت و هـتد... لـێیان ساندەبوون، وەرگرێتەوە.

بەنۆرەی خۆی رەوتە ئیسلامیەکان کە جگە لە درۆشمەکانی پوپولیستی، پاڵ دان بە گۆمان کراوەکان و خۆرافەکان و هەڵگیرساندنی هەستی مەزهەبی ئامرازێک بۆ بەرەوپێش بردنی سیاسەتەکانیان بە دەستەوە نەبوو، وەک هەموو تەوژمیکی پوپولیست، لەرەوتی گۆرانکاری کۆمەڵایەتی، ناوەرۆکیان دەرکەوت و تووشی جیابوونەوە بوون کە ئەم رەوتە هەروا بەردەوامە.

یەکێک لە کاریگەریەکانی زۆر خیرای ئەم ئاڵ و گۆرانە ئەمەیە کە گەڵ توزێک باش بوونی پەیوەندیەکانی ولاتانی عەرەبی ناوچەکە-سەرەرای تایبەتمەندیەکانی ئەوان-کۆماری ئیسلامی مەجبور بە پاشەکشە بوو و درۆشمەکانی گۆری. لەگەڵ لاواز بوونی رەۆڵیْ رەوتەکانی توندرەوی ئیسلامی لە پەیوەندیەکانی نێوان عەرەبەکان و ئیسرایل، کۆماری ئیسلامی لە راستیدا دەبیْ لاوازی هەرچی زۆرتری خۆی قبوول بکات و یان هاوپەیمانەکانی پێشووی خۆی لەوکاتەدا کە خەریکی لەناوچوونن، وێل بکات و یان لەگەڵ «کارەوانی ئاشتی» هاودەنگ بێت. و کۆماری ئیسلامی چارەسەری دووهەمی هەڵبژارد، ئەگەر چی یارمەتیە ماڵیەکان و تەسلیحاتی کۆماری ئیسلامی بەرەوتە تیروریستیەکان لە لوبنان هەروا بەردەوامە، بەڵام لەباری سیاسی، کۆماری ئیسلامی بەرەسمی لە هەڵوێستی پێشووی خۆی لەبارەی رێککەوتنی نێوان عەرەفات و ئیسرایل پاشگەزبووە و بەم کارە دەست لە لایەنگری سیاسی خۆی لە رەوتە ئیسلام گراکان، هەڵگرتووە.

- ئەگەر لاواز بوونی ئیسلام گراکان لە ئاسیای رۆژئاوا، زەبرێک لە کۆماری ئیسلامی وەشاند و بووە هۆی ئەوەی کە زۆربەی بەکرێگیراوانی



ناوچەیی و هاوپەیمانەکانی سیاسی کۆماری ئیسلامی یان لە ناوبچن و یان پەیوەندیان لەگەڵ نەمێنیْ، گەشەسەندنی ئیسلام گرایی لە ئاسیای ناوەراست و لەرۆژهەڵاتی ئێران لەلایکی دیکە بوو، بۆ مانەوەی کۆماری ئیسلامی.

بەدەسەلات گەیشتنی تالیبان لە ئەفغانیستان لەمەودای دوو ساڵی رابردوداو گەشەسەندنی ئیسلام گرایی لە رِوانگەی تالیبانەوە لە ولاتانی دراوسیْ ئێران، بووتە هۆی توندبوونی قەیرانی سیاسی لە رۆژهەلاتی ئێران و بیانوویکە بۆ بەهێزبوونی میلیتاریزم و ناسیونالیزم لە ئێران دا. لەمەودای ئەو قۆناغەی کە تیپەربووە، بینیمان کە رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەبیانووی ئامادەباشی نیزامی و ئەنجام دانی مەشقەکانی دیفاعی، مووشەکەکانی دوور هاوێژی «شەهاب» کەتوانای هەڵگرتنی دەمەوانەی ئەتوومی هەیە، لەم مەشقانە تاقی کردو بەم بیانووکە هەنگاوێک بەرەو چەکەکانی ئەتوومی نێزیک بووتەوە.

بەلام سەرەرای هە ل پەرەستی کۆماری ئیسلامی لە بوونی تالیبان، بوونی ئەم هێزە، یەکەم لە نفوزی ئێران لەناو رەوتە توندرەوەکانی ئیسلامی کەم کردوتەوە و دووهەم تایبەتمەندی ئێران وەک «ام القری المسلمین» لەبەرچاوی ئیسلام گراکان هێنایە ژێر پرسیار. بەم شێوەیە بوونی تالیبان و رێگاکانی پەیوەندی گرتنی ئەوان لەناو کۆمارەکانی سوڤیەتی پێشوو، هەوڵەکانی ئێرانی بۆ دامەزراندنی پەیوەندی فەرهەنگی، سیاسی و ئابووری لەسەر ئەساسی مێژووی نەتەوەیی-مەزهەبی، پووچەڵ کرد. نفوزی تالیبان لە ناوچەکە هەروەها بووە هۆی ئەوەی کە هێزە

پێشکەوتخوازەکانی لائیک و سکۆلار لە پەیوەندی گرتن لەگەڵ ئێران سەر لە نوێ بڕیاربدەن و پەیوەندیەکانی خۆیان لەگەڵ هێزەکانی نامەزهەبی لەناوچەکە، بەهێز بکەن.

ئەم ئاڵ و گۆڕە لە شێوازی کۆمارەکانی سوڤیەتی پێشوو، زەرەرێکی زۆری بۆ ئابووری دەرەوی سنوری ئێران کە دامەزرێنەری سەرەکی ئەو، رووداو خوازی و رۆخساری مەزهەبی رژیمی ئێرانە، بووە. یەکێک لە کاریگەرترینی ئەم زەبرانە لە رێککەوتنی چەندلایەنەی ناردنی نەوت بوو کەدوای چەندین دەورە دانیشتن و هەڵسەنگاندن، لەئاکام دا کۆمارەکانی ئازەربایجان و ئەوانەیتر بریاریان دا کە بەجێگای ناردنی نەوتی دەریای قەزوین (مازەندەران) لەرێگای ئێرانەوە، لەرێگای تورکیا کە هەزینەیکی یەکجار زۆرتر بۆی تەرخان دەکرا، کەڵك وەرگرن، هۆی ئەم کارەش سەرەرای زەختەکانی ئەمریکا، هەمان خۆپاراستن لە نێزیکایەتی کردن لە کۆماری ئیسلامی ئێران بوو.

- لە هۆیەکانی تری توندبوونەوەی قەیران لە ناوچەکە، کە کۆماری ئیسلامی راستەوخۆ تووشی بووە، بابەتی دوورگەکانی ئەبوموسا و تونبی گەورە و بچووکە، کە بەهۆی ویستی داگیرکەرانەی بۆرژوازی ئێران و ولاتانی عەرەبی قەراخی کەنداو، بووتە قەیرانیکی ناوچەیی و ئیمپریالیزمی هاری ئەمریکایش لەگەڵ پەرەپێدانی ئەم قەیرانە، بەشوێن بەدەست هێنانی بیانووێکە بەمەبەستی مانەوەی هەمیشەیی خۆی لە ناوچەی کەنداو.

لە چەندسالی رابردوودا، شووڕای هاوکاری ولاتانی کەنداو بەشێوەیکی بەردەوام، وتوویەتی کە مەرجی پەرەسەندنی هاوکاری سیاسی و ئابووری



لەگەڵ ئێران، چارەسەرکردنی ئەم قەیرانەیە، بەڵام رژیمی کۆماری ئیسلامی پێی لەسەر ئەوی دادەگری کە رێککەوتنی ١٩٧١ ئەلجەزایر کە بەهۆی زورەملی رژیمی شای پێشووی ئێران و لایەنگری ئەمپریالیزمی ئەمریکا بەسەر دانیشتووانی ئەم دوورگانە، داسەپاوە، ببێتە بناغەی گفتوگۆکانی دوولایەنەی نێوان ئێران و ئەمارات. سەرەرای بوونی ئەم کۆسپە، رژیمی کۆماری ئیسلامی تاکو ئێستا سەرکەوتوو بووە لە باشترکردنی پەیوەندی خۆی لەگەڵ ولاتانی ئەندام لە شوورای هاوکاری کەنداو، بەتایبەت لەگەڵ عەرەبستانی سەعودی. رژیمی کۆماری ئیسلامی لە لایەکەوە هیواداره کە بتوانێ بەپەرەپێدانی ئەم هاوکاریانە، یەکەم، بوونی نیزامی ئەمریکا لەناوچەکە، کە کۆسپێکە لەسەر رێگای ئێران تاکو ببێتە یەکەم هێزی گەورەی ناوچەکە، کوتایی پێ بێت و دووهەم ئەوەی کە سەرمایەکانی عەرەبی بۆ ئێران و بەتایبەت بۆ ناوچەکانی ئازادی بازرگانی رابکێشێ.

ئەستراتیژی پەرەپێدانی هاوکاریەکانی ناوچەیی هەرچەند کە دەتوانێ لە خزمەت کۆتایی هێنانی ناکۆکیەکان بێت، بەڵام سەرنج دان بە روو بە رووبوونەوەی ئەم سیاسەتە لەگەڵ هاندرەکانی داگیرکەرانە و بەرینی خوازانەی بۆرژوازی ئێران کە زەمینەی بوونی نیزامی ئەمریکا لە ناوچەکە پێك دێنێ، کاریگەرێکی ئەوتوینیە. لەلایێکی ترەوە، هەروا کە ئامانجی کۆماری ئیسلامی لەم ئیستراتیژیە گۆرینی ئەو بەژاندارمی ناوچەکەیە، نەك ئەم سیاسەتە لە درێژخایەن نابێتە هۆی ئاشتی پایەدار، بەڵکو

سەرەرای توندکردنی ململانی نیزامی نێوان ئێران و عێراق، دەبێتە هۆی پەرەگرتنی هەژاری لە ناوچەکەدا.

تا ئەو جێگایە و بەشێوەیکی گشتی پەیوەندی هەیە بە چینی کرێکار، کۆمۆنیستەکان و بزووتنەوەی چەپ، دەبێ سوور بن لەسەر مافی دیاری کردنی چارە نووسی نەتەوەکان، یەکەم چارەنووس ئەوەیە کە ئەم سێ دوورگەیە بدرێتە دەستی دانیشتووانی ئەوان و دووهەم ئەوەی کە خۆیان دوور بخەن لە ناسیونالیزمی نەخۆشی فارس و عەرەب و لەشەڕیکی براکوژی خۆ بپارێزن.

## بارودۆخی ئابووری و سیاسی ئێران

هاورێیان، کۆمەڵگای ئێران لەمەودای ساڵەکانی رابردوودا گۆڕەپانی کۆمەڵێک رووداوی گرینگ بووە کە بە بێ پێداچوونەوە و شی کردنەوەی وردی ئەوان، دیاری کردنی داهاتووی ئاڵ و گۆڕە کۆمەڵایەتیەکان مومکین نیە. سێ ساڵ لەمەوبەر لە سەرەتای هەڵبژاردنەکانی دووی خوردادی ١٣٧٦ (جوزەردانی ١٩٩٧)، کاتێک کە بەرەواڵەت ململانیکی قۆرس نێوان ناتەقی نووری و محەمەدی خاتەمی لەسەر گەیشتن بە پلەی سەرۆک کۆماری لە ئارادا بوو و لەهەل و مەرجێک کە زۆربەی هەرەزوری رێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیون سەرکەوتنی بێ ئەم و ئەولای ناتەقی نووریان چاوەروانی دەکرد و بەنیسبەت ئاکامەکانی سەرکەوتنی باڵی پاوانخوازەکان خەڵکیان ئاگادار دەکرتەوە، ئێمە سەرەرای راگەیاندنی سیاسەتی بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردن، بەراستی سەرکەوتنی خیرای خاتەمی‌مان چاوەروان



دەکرد و لەهەمان کات دا ئاکامەکان و بەدواهاتەکانی سیاسی بە دەسەڵات گەیشتنی (ریفورم خوازان) بۆ کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش روون دەکردەوە.

ئەم هەڵسەنگاندنەی رێکخراوی ئێمە لەوکاتەیش نەک لەسەر ئەساسی پێش بینی و گۆمان، بەڵکو لەسەر ئەساسی وردبوونەوە وشی کردنەوەی وردی بارودۆخی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێران بنیات نرابوو و لەگەڵ تێگەیشتن لە ناوەرۆکی هەوڵەکانی هەیئەتی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی، براشکاوانە راگەیاند کە هەڵگرتنی ئەو درۆشمانە وەک (گەشەکردنی سیاسی) و (کۆمەڵگای مەدەنی) نەک هەڵویستی دیمۆکراتیانەی ئەم یان ئەو باڵی ناوخۆی دەسەڵات، کە تەنیا و تەنیا تەزمین کەروەوەی پێک هێنانی ئەو ئاڵ و گۆرانەیە کە پێکهاتی سیاسی بتوانێ وەلامی پێداویستیەکانی ئێستای سەرمایە بداتەوە و لەگەڵ رێگاخۆش کردن بەمەبەستی راکێشانی سەرمایەکانی ناوخۆیی ودەرەوە تا ماوەیێک پێش لە رووخان و تێک چوونی سیستەمی کۆماری ئیسلامی بگرێت. یەکەمین کۆنگرەی رێکخراویش لەسەر ئەم خاڵە سوور بوو، و بۆنموونە رایگەیاند کە (ئەوەی لە پەیوەندی لەگەڵ بارودۆخ وهەل و مەرجی سیاسی کۆمەڵگای ئێران سەرنج راکێشە، پێش لە هەموو شتێک هەولی جیددی و بێ وێنەی بشێک لە بۆرژوازی دەسەڵاتدار بەمەبەستی بەئەنجام گەیاندنی کۆمەڵێک ئاڵ و گور و ریفورم لە پێکهاتی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیە. ئەم هەوڵە کە لەراستی‌دا لەدەورانی دەسەڵاتداری رەفسنجانی و زۆرتریش بەمەبەستی راکێشانی سەرمایەکانی ناوخۆیی و

دەرەوە دەستی پێ کردووە. بەتایبەتی ئێستا و پاش ئاخرین دەورەی هەڵبژاردنەکانی سەروک کۆماری و بە دەسەڵات گەیشتنی خاتەمی، لایەنەکانی تازەی بەخۆیەوە گرتووە و هەربۆیە بووتە هۆی جم و جولێکی زۆر لەناو تاقمەکانی ئۆپوزیسیونی بۆرژوایی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات.»
هاوڕێیان، ئێستا پاش سێ ساڵ هاتنەسەرکاری خاتەمی ئەو راستیەمان بۆ دەرکەوتووە کە رەوڵی دەوڵەتی خاتەمی لە ئەساس دا بەدوادا رۆیشتن و تەواو کردنی ئەو سیاسەتە ئابووریەیە کە پلان و ئامانجەکانی ئەو لە ساڵەکانی رابردوودا لەلایەن دەوڵەتی رەفسنجانی دیاری کرابوو.
یانزە ساڵ لەمەوبەر دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی پاش یەک دەیە حوکم کردن لەژێر رەکیفی ئیسلام و ئابووری ئیسلام، لە ساڵی ١٣٦٨ (١٩٨٩) بەتەواوی پاشەکشەیان کرد لە درۆشمەکانی بەرگری کردن لە بێ بەشان و لەگەڵ هەڵگرتنی ئاڵای تایبەتی کردن هەوڵیان دا پێ بەپێ سیاسەت زانانی جیهانی سەرمایەداری، کاروباری لیرالیزەکردنی ئابووری بەئەنجام بگەیێنن. پروگرامی پێنج ساڵەی یەکەمی دەوڵەتی رەفسنجانی بەراستی یەکەم گەرانەوەی گرینگ لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و گۆرانکاری بەسەر پێکهاتی بۆرژوازی دەسەڵاتدار بوو. بۆرژوازی تۆجاری کۆنی ئێران، کە لەمەودای یەک دەیە درۆشمی «ئابووری هی کەرە»ی ئەدا و لەسەر ئەساسی شەرع و یاسای ئیسلامی، تالان و دزی لە «بیت المال المسلمین»ی گەیاندەبووە بەرزترین لووتکەی خۆی، ئێستا لەبەر بەردەوام بوونی قازانجی سەرمایەدەبێ ڕێگاو شێوازی نوێ تاقی بکات و تا ئەوجێگایە کە ئیمکانی هەیە خۆی لەگەڵ رەوتی سەرمایەی جیهانی ڕێک بخات.



لەم دەورەیە کە درۆشمەکانی «ئازاد کردنی ئابووری»،«کەم کردنی چاوەدێری دەوڵەتی لەسەر تۆجارەتی دەرەوەی وڵات» و «ئەسپاردنی بەشەکانی جۆربەجۆری سەنعەت و خزمەتگۆزاری بەبەشی تایبەتی» کەوتووتەسەر زمانی پیاوانی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی و لەگەڵ ئەودا، لابردنی بەرەبەرەی سوسبید و دانانی نرخی ئەرز لەرەوتی کاری دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی، هاتەکایەوە، لەچوارچێوەی ئەم پروگرامیە کە لەجوزەردانی ١٣٧٠ شووورای وەزیران تایبەتی کردنی بنیاتەکانی دەوڵەتی کردە بابەتیکی شیاوو پێویست و دەوڵەت بەشێک لە بەشەکانی خۆی خستە بازاری بوورسەوە.
لەدرێژەی ئەم ساڵانەدا بەشێکی بەرچاو لە داهاتە نەوتیەکان و ئەرزی کە لە فرۆشتنی بەشەکانی دەوڵەتی، دەکرا بەسەرفی هێنانی کەل و پەلی مەسرەفی و گەشەکردنی مەسرەف و ئەم کارە بووە هۆی بەرزبوونەوەی دەستکردی نرخی گەشەکردن. رەفسنجانی و هاودەستانی ئەو نێوەندی نرخی گەشەکردن ٧,٣ لەسەد راگەیاندن و ئەم بابەتەیان بەنیشانەی موعجزەی سیاسەتەکانی «سەرداری ئاوەدانکردنەوە» زانی و لە دەست پێ کردنی دەورانی گەشەکردن و بوژانەوەی ئابووری لە ئێران دووان.
سەرەرای ئەمە کارنامەیێک کە پروگرامی پێنج ساڵەی رەفسنجانی لەخۆی بەجێ هێشت. شتێک جگە لە تووند کردنەوەی قەیرانی ئابووری و راوەستانی لە تەواو بووارەکانی بەرهەم هێنان نەبوو، کەم بوونی زۆری بۆدجە و نەبوونی توانای دەوڵەت لە دانەوەی قەرزەکانی دەرەوە لە لایێکەوە و گەشەسەندنی نارەزایەتی کۆمەلانی خەڵکی بێ بەش کە لەژێر

زەختی گرانی و بێکاری وزەی هەر چەشنە خوراگریکیان لەدەست دەدا، هەرچی زیاتر کۆماری ئیسلامی بەرەو دانانی سیاسەتی «راکردن بەرەو پیشەوە هان دەدا» دەوڵەتی رەفسنجانی بۆ تەواو کردنی پیلانەکانی نێوەکارەی خۆی جارێکی تر دەستی یارمەتی بەرەو سەرمایەکانی دەرەوە درێژ دەکرد.

لەگەڵ رەزامەندی ئەو ولاتانەی کە قەرزیان دەدا، دانەوەی قەرزەکانی ئیران تا ساڵی ۲۰۰۰ کەوتە دواوە و دەست پێکردنی دووهەمین پروگرامی پێنج ساڵەی دەوڵەتی رەفسنجانی (۱۳۷۹-۱۳۷٤) کەوتە کایەوە، لەمەودای ئەم دەورەیە، دەوڵەتی رەفسنجانی دووهەمین هەنگاوی گرینگی خۆی بۆ ئەو شتەی کە ئەمرۆ بەهەڵە «رێفورمەکانی خاتەمی» ناو دەبردری هەڵگرت و لەساڵی ۱۳۷٤ لە کۆمپانیا نەوتیەکانی جیهان بەرەسمی داوا کرد کە لە چوارچێوەی رێککەوتنەکانی ( Buy-back) لە سەنعەتەکانی نەوت و گازی ئیران سەرمایەدانن. بەڵام سەرەرای بانگەوازی بەمتمانەی دەوڵەتی رەفسنجانی و سەرەرای ئاسانکاریەکانی جۆراو جۆری ماڵیاتی (زەریبە) زۆربەی ئەم هەولانەی بێ ئاکام مانەوە و مەرجی پاوانخوازیەکان و کۆمپانیاکانی دەرەوە بۆ هەر چەشنە سەرمایە دانانێکی بەربلاو لە ئیران، رێفورمەکانی سیاسی و سەقامگیری ئاسایشی تەواو بۆ سەرمایەکان بوو.

لەئاکام دا دوای تێپەربوونی دوو ساڵ لەدووهەمین پروگرامی ئابووری، هیچ کام لە بەرئاوەردەکانی رەفسنجانی وەک گەشەکردنی ۵۱ لە سەد بەئەنجام نەگەیشت. بەشێوەیێک کە لە ساڵی ۱۳۷٦ (۱۹۹۷) لەگەڵ دابەزینی دووبارەی نرخی نەوت، بۆ جارێکی تر کۆماری ئیسلامی تووشی گرفتێکی



جیددی بوو تاکو قەرزەکانی خۆی بداتەوە. لەم هەل و مەرجەدا، محەمەد خاتەمی بۆدابین کردنی ئاسایشی زۆرتر بۆ سەرمایە و راکێشانی بەمتمانەی سەرمایەکانی دەرەوە هاتە ناو گۆرەپان و لەناکاو لەپشتی دیکوردا وەک ئەکتەری ئەسلی سیناریوی رێفورمە سیاسیەکان بەرەو گۆرەپانیان هاویشت. بۆ ماوەیێکی کورت خایەن، ئامانجی راکێشانی سەرمایەکانی دەرەوە لە ژێر دروشمی گفتوگۆی دەوڵەتان رەنگی خۆی گۆری، سیاسەتی رێک کردنی ئابووری لەگەڵ درۆشمی گەشەسەندنی سیاسی رەنگ کرا، سیاسەتی تایبەتی کردن و ستایشی خاوەن مڵکایەتی رەنگ و بۆنێکیتری بە خۆیەوە گرت و وەک بەشداری گشتی و رێزنان لە مافەکانی هاوولاتی بووە خۆراکی «خلق اللّه». سەرەرای بوونی کۆنە پەرەستانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، رەوتەکانی ئۆپورتونیستی ئۆپوزیسیونیش، کۆمەلانی خەڵک کە لە ژێر زەختی پروپاگەندەکانی فریوکارانە وشیاری سیاسیان لەدەست دابوون، بەرەو سندووقەکانی دەنگ دان هان دران و لەگەڵ هەڵبژاردنی ۲۲ ملیونی خاتەمی، بەڵگەی شەرعی بوونی سیستەمی کۆماری ئیسلامیان ئیمزاکرد، ئێستا بەشوکرانەی دووهەمی جوزەردان، رەزامەندی دەوڵەتەکان و پاوانخوازیەکان تارادەیکی زۆر بەدەست هاتووە و سیاسەتەکانی رەفسنجانی دەتوانێ بەدوای پروگرامی پێنج ساڵەی دووهەم لەلایەن خاتەمیەوە درێژە پێ بدرێت.

لەگەڵ بە سەرکار هاتنی دەوڵەتی خاتەمی، رێککەوتنە کانی (Buy-back ) پەرەی گرت و پاوانخوازیەکانی نەوتی بۆ ئیمزای رێککەوتن نامە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و تالانی سامان و سەرچاوەکانی ژێرزەوی ئیران کە

سێهەمین کانگەکانی نەوتی و دووهەمین کانگەکانی گازی جیهانە، کەوتنە ململانی و کێبەرکێ. بۆ وێنە لە ٢٩ سیپتامبەری ١٩٩٧، کۆمپانیای فەرانسی توتاڵ لەگەڵ کۆمپانیای رووسی گازپرۆم و کۆمپانیای مالیزیایی پە تروناس رێککەوتنێک بەبایەخی ٢ ملیارد دولاریان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی مۆرکردو بەم شێوەیە کۆنترۆڵی یەکێک لە گەورەترین کانگاکانی گاز لە ئیرّان بەرادەی بەرئاوەرد کراوی ٩١٠ ملیارد مەتری موکەعەبی‌یان لەدەست گرت. کۆمپانیاکانی ئەلف و ئاکیپ پرۆژەی دروودیان بەدەست گرت و کۆمپانیای شل لە کێبەرکێ ٨٠٠ ملیون دۆلاری گەشەپێدانی سنوورەکانی دوور لە ئاوی نەوروز و سرووش سەرکەوتنی بەدەست هێنا. ئەم جورە رێککەوتنانە لە هەل و مەرجێک نێوان دەوڵەتی خاتەمی و پاوانخوازیەکانی دەرەوە ئیمزا دەکرێ کە نەتەنیا خەڵکی ئیرّان ئاگایان لەناوەرۆکی ئەوان نەبوو. بەڵکو تەنانەت کارناسان و پسپۆرانی حکۆمەتیش لەکەم بوونی زانیاری لەم بووارەدا هاواریان هەستاوە و دەنووسن ((زانیاریەکانی ئاوەدان کردنەوەی وەزارتی نەوت بلاۆنابێتەوە، ئەم وەزارتخانەیە هەموو هێزو دەسەلاتی ئیجرایی لەم بووارانە بەدەستەوەیە و هیچ چاوەدێریک لە سەری ئیمکانی‌نیە. تەنانەت پیلانەکانی ئاوەدانکردنەوی ئەم وەزارتخانەیە لە لایەن رێکخراوی پروگرام و بوودجەیش چاوەدێری ناکرێت و ئیمکانی کرێ گرتن لەم جۆرە بوارانە لە رادەیکی بەر بلاۆ هەیە)) (جەریدەی بەهار- ١٩ جۆزەردانی ١٣٧٩) دەوڵەتی خاتەمی سەرەرای هەراج کردنی کانگاکانی ژێر زەوی ئیرّان، خەریکی تایبەتی کردنی بەشەکانی دەوڵەتی بوو، بەشێوەێک کە لە زستانی ساڵی رابردوودا بانکی مەرکەزی راێگەیاند کە



دەوڵەت سەرجەم بەشەکانی ٢٥٩ کۆمپانیای لە بازاری بوورسی تاران هێناوتە کرین و فرۆشتن کە سەرمایەیکی بەژمارەی ئستیرەیی ٣٤٩٣٥ ملیارد ریاڵە.

بلاۆکردنی بەڵگەکانی قەرز بۆ بانکەکانی دەرەوە، کردەوەێکی تری دەوڵەتی خاتەمی بوو کە بەشێوەیکی زۆر ئاشکرا پەردە لەسەر ناوەرۆکی راستەقینەی رێفورمەکانی کۆماری ئیسلامی هەڵدەگرێ و دروستی هەڵسەنگاندنی یەکەم کۆنگرەی رێکخراومان دەردەخات کە بەکۆمەلانی کرێکار و زەحمەتکێش دەێووت ((هەوڵەکانی چارەخوازان تا ئەو جێگایە کە پەێوەندی بە پێویستی سەرمایەی جیهانی هەیە، کارێکی جیددی و پێویستە و دەسەلاتدارانی رژیمی کۆماری ئیسلامی دەتوانن بۆ ئەم مەبەستە نەک ئەسڵی وەلایەتی فەقی، بەڵکو لە هەموو ئەسڵەکانی ئائینی یان چاوپۆشی بکەن.))

ماوەیەک لەمەوبەر، بەدوای بلاۆکردنی وتو وێژی نوور بەخش لەگەڵ جەریدەیکی ئابووری دەرەوە، لە ئیرّان ئاشکرا بوو کە کۆماری ئیسلامی ٣٠٠ تا ٥٠٠ ملیون دۆلار بەڵگەکانی قەرزداری دەداتە بانکەکانی ئالمانی و فەرانسی، هەفتەی دواتر رۆژنامەی بەهار، رێککەوتی ١١ جوزەردانی ١٣٧٩ لەم بارەیە نووسی ((تاکو چەند ساڵی رابردوو بەڵگەکانی قەرز تەنانەت لە ولاتەکەمان بلاۆ نەدەکرا و هۆیەکەشی ئەمە بوو کە شوورای نیگابان بلاۆکردنی بەڵگەکانی قەرز ناشەرعی دەزانی و دانەوەی قازانجی دیاریکراو بەم بەڵگانە وەک سوو چاوی لێ دەکرد. بەلام لەگەڵ ئەو وت و ویژانەی کە بەرپرسانی بانکی ولات ئەنجامیان دا، شوورای نیگابان راێگەیاند کە

لەگەڵ مەرجەکانی نوێ ئەم جورە بەڵگانە بڵاو بێتەوە و ناوی ئەم بەڵگانەیان لە «قەرز» بە «بەشداری» گۆری. (بەهار ١١ جوزەردانی ١٣٧٩).

هاورێیان، سەرەرای بوونی هەموو هەوڵ و تەقەلاکانی کۆماری ئیسلامی بۆ راکێشانی سەرمایەکانی دەرەوە و سەرەرای سەرکەوتنەکانی رێژەیی دەوڵەتی خاتەمی لەم بووارەدا، هیچ نیشانەێک لە باش بوونی بارودۆخی ئابووری نابیندرێت. توانای بەرهەم هێنانی نەوت کە ئیستا نێزیک بە ٣,٧ ملیون بەرمیل لە رۆژدایە، هێشتا کەمتر لە ٦٠ لە سەدی دەورانی رژیمی پاشایەتیە. لەسەر ئەساسی قسەی یەکێک لە جێگرەکانی وەزارتی کانگاکان و فلزەکان، بانکەکان حەزناکەن لە کانگاکان سەرمایەدانن. وبۆ روون کردنەوەی ئەم قسەیە سەرەرای ئەوەی کە ووتی کە بەرهەم هێنانی ئەلەمنیوم لە ئێران لە ١٤٠ هەزار تن تێ نەپەریوە، دەڵێ «ئێران دەبێ لانی کەم ٧٠٠ تاکو ٨٠٠ هەزار تن شمشی ئەلەمنیوم بەرهەم بێنێ، نرخی یەک تن شمشی ئەلەمنیوم لە بازارەکانی نێودەوڵەتی زۆرتر لە ١٤٦٠ دۆلارە، لە حاڵێک دا بۆ یەک تن ئەلەمنیوم ٢,١ تن پاودری ئەلومینیا پێویستە.» واتە «نرخی یەک کیلو ئەلەمنیوم ٩٩٠٠ ریاڵە، لە حاڵێک دا نرخی بەرهەم هێنانی ئەو دەگاتە ١٣٩٠٠ ریاڵ».

لە راکێشانی سەرنجی سەرمایەدارەکان بۆ بەشەکانی تری بەرهەم هێنانیش، دەوڵەتی خاتەمی سەرکەوتنی ئەو توی بەدەست نەهێناوە، و لەهەندێک جار کە سەرکەوتنی لەم بارەیە دەستکەوتووە، دیسان سەرمایەدارەکان، دەلاڵیان پەسەند کردووە تاکو چالاکی بەرهەم هێنان. بڵاوکردنی هەواڵی پڕۆژەی چیمەنتۆی کاروون کە نیوی لەبەشی ئەو هی



یەکێک لە حاجی بازاریەکانی پێشووە و دوای چوار ساڵ راوەستان لە مانگی رابردوودا دیسان کەوتە کارکردن، گۆشەێک لەم راستیە دەردەخات. هەواڵنیری رۆژنامەی بەهار سەرەرای بڵاوکردنی ئەم هەواڵە، لە قەولی جێگری وەزیری وزە و بەرپرسی هیئەتی بەرێوەبردنی ئەم کۆمپانیایە دەنووسی «ئەم کارخانەیە توانای بەرهەم هێنانی ساڵانە یەک ملیون تن بەرهەمی چیمەنتۆی هەیە و سەرمایەی دۆلاری ئەو ٤٩ ملیون دۆلار و سەرمایەی ریالی ئەو ٢١٤ ملیون ریاڵە. ئەم کارخانەیە دەبا بە ٢٣ ملیارد تمەن سەرمایە کاری بکردەبا، بەڵام لەگەڵ راوەستانی کاری ئەو، ئێستا لەگەڵ ٢٩ ملیارد تمەن کەوتووتە کارو تەنیا ٨ ملیارد تمەن قەرزی بانکی هەیە و کەسێک وەک ئاغای عەلاقە بەندیان کە لەم کارە سەرمایەی داناوە، دەڵی، «کە چاوی لە قازانجی زۆر نیە، چوونکو بەوکارە بازرگانیانەی کە لە دەرەوەی وڵات دەکات، قازانجی خۆی بەدەست دێنێ». (بەهار ٢ جوزەردانی ١٣٧٩).

هاورێیان، سێ ساڵ پاش سەرکار هاتنی دەوڵەتی خاتەمی هیچ گۆمانێک بەنیسبەت باش بوونی بارودۆخی ئابووری ئێران نەماوە و تەنانەت رێفورم خوازەکانیش لە خۆیان پرسیاردەکەن کە «ئەگەر ئێمە نەمانتوانی لەگەڵ ٣٥٠ تا ٤٠٠ ملیارد دۆلار داهاتی دۆلاری کارێک بکەین، لەگەڵ پارەێک (پوڵیک) نێزیک بە نیو هەزاری ئەو (مەبەست ٢٣٠ ملیون دۆلار قەرزی بانکی جیهانی بە ئێران) چ موعجزەێک دەتوانین ئەنجام بدەێن؟».

هەروەها لە گۆرەپانی سیاسیش کارنامەی دەوڵەتی خاتەمی رووناکتر لە کردەوەی ئابووری ئەو نەبووە و نیە.

## ڕوانگەکان، ئەرکەکان و تاکتیکەکان

بەمەبەستی وەرگرتنی تاکتیک و شێوەکانی خەبات، سەرەرای هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، پێداچوونەوەی تایبەتمەندیە گشتیەکانی ئەم کاتەدا زەروریە.

تایبەتمەندی ئەم کاتە بریتیە لەوەی کە، بۆرژوازی ئێران، لە خەباتێکی تارادەیکی قۆرس بۆ پێک هێنانی مەجلیسی شەشم سەرکەوتوو بووە، هەل و مەرج و ئاڵ و گۆڕەکانی پێش لە هەڵبژاردن، بارودۆخێک پێک هێنا کە سەرەرای توێژەکانی جۆراو جۆری بۆرژوازی، بەشێک لە وردە بۆرژوازی و بەرهەم هێنەرانی وردو جووتیارانی خاوەن زەویش لەوێ نوێنەرایەتیان بێت.

ئەم مەجلیسە لە هەل و مەرجێک پێک هات کە قەیرانی ئابووری پاش دەست بەکاربوونی خاتەمی هەروەها بەردەوام بوو، گرانی، نەبوونی کەرستە، بێکاری، ئاستی نزمی حەق دەسەکان، درەنگ کردنی دانی مووچەکان لە بەشێک لە سەنعەتەکان و خزمەتگۆزایە حکومەتی و تایبەتیەکان، زەختی ئابووری لەسەر بەرهەم هێنەران و جووتیاران و کاسبکارانی بچووک بەهۆی دابەزینی توانای کڕینی خەڵک و ململانی کەرەستەکانی هاتوو و لەلایکەوە قازانجێکی زۆر کە سەرمایەدارەکان، ئەوانەی کە پەیوەندیان بەدەزگای دەوڵەتیەوە هەیە و مافیای ماڵی، لە ڕێگای توندکردنی چەوساندنەوە، شاردنەوەی کە رەستە، دەلالی و دزی لەبەرامبەر ماڵ وێرانی و هەژاری زۆرینەی خەڵک دەکەنە گیرفانی خۆیان،



بووتە هۆی توندبوونی دژایەتی چینایەتی و پەرەسەندنی خەباتی خەڵک. جوولانەوەکانی مانگرتنی کرێکاران، سەرهەڵدانەکانی ناوچەیی، بزووتنەوەی دانشجوویی و لاوان، وەک هۆیەکانی گرینگ و ڕەنگدانەوەی ئەم خەباتە چینایەتیە دەژمێردرێ.

پێگەی چینایەتی، داخوازیەکان، و شێوەی پەرەسەندنی ئەم خەباتانە کە لە گۆڕەپانی سیاسی و ئابووری تێکرا بەرەو پێشەوە دەروا، کاریگەری بێ ئەم و ئەو لای هەیە لەسەر ئاڵ و گۆڕەکانی ناوخۆیی کۆمەڵگا، دەسەڵاتی سیاسی و وەرگرتنی تاکتیکەکان لەلایەن ئەوان و بەشێوەیکی بەرامبەر پەرە دەداتە توندبوونی دژایەتی و تێک هەڵچوونەکانی ناوخۆیی ڕژیم. لەم هەل و مەرجەدا باڵێک لە ڕژیم لەگەڵ ئەنجام دانی هەندێک ڕیفورم و درۆشمەکانی وەک ڕیفورم هەوڵی داو تێدەکۆشێ تاکو لەگەڵ پشتیوانی بۆرژوازی ناوخۆیی، خاوەنەکانی سەنعەتەکان، تیکنوکراتەکان و سەرمایەی جیهانی، بڵاوەبە بزووتنەوە گشتی خەڵک دژی تەواوەتی ڕژیم بکات.

بەشێکی گرینگ لە بۆرژوازی و وردە بۆرژوازی لەدەوری ڕیفورمەکان کۆبکات و گۆڕانکاری پێویست لە ریزەکانی چینایەتی کۆمەڵگا پێک بێنێ، پەیوەندیەکانی دەرەوەی وڵاتی ڕژیم ڕێک بخات و دەربازی بکات لە گۆشەگیری نێودەوڵەتی و سەرنجی سەرمایەکانی دەرەوە بۆ سەرمایەدانان لە ئێران ڕابکێشێ.

ساڵی ڕابردوو بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە نارەزایەتی توێژەکانی وردە بۆرژوازی سەرەوە و مام ناوەندی و بەشێک لە بۆرژوازی بچووک، یاسای لابردنی کارگەکانی بچووک لە یاسای کار پەسەندکرا و هەر بەکردەوە و

لەگەڵ هەژاری هەرچی زۆرتری کرێکاران، بەرتیلیان دا بە زۆرتر لەیەک ملیون خاوەن کارگەکانی بچووک و سەرکردەکانی وردە بۆرژوازی تاکو بە پشت کردن بەخەباتی ئازادیخوازانەی خەڵک و لەبیرکردنی قەوڵ و قەرارەکانی هەڵبژاردن، بەرەی سەرمایەدارەکان بەهێزتر بکەن لە بەرامبەر کرێکاران و توێژەکانی هەژاری کۆمەڵگا و هەروەها رووناکبیرانی لایەنگری ئەوان.

ئەوان هەروەها بەپەسەندکردن و داسەپانەنی یاسای شووراکانی شار، بەکردەوە وەڵامی باشیان دایە وردە بۆرژوازی بەتایبەتی وردە بۆرژوازی سەرەوە کە خوازیاری پێک هێنانی گۆرانکاری لە کۆمەڵگا بوون بەشێوەیێک کە بتوانن تەحموڵی بکەن، بەڵام نەک لەرێگای گۆرانکاری جیددی، بەڵکو لە رێگای نوێ کردنەوەی بۆرۆکراسی و دامەزراندنی شووراکانی شارو لادێ، و ئەو ئەرکانەی کە ئێستا لە رێگای بۆرۆکراسی ،ئورگانێک وەک سوپا، بەسیج و ئیمامانی جۆمعە وهتد... جێ بەجێ دەکری، بدەنە دەستی ئەوان و یان بەشداری ئەوان لە ئاستێکدا بێت کە کۆنترۆڵ بکرێ. بەم شێوەیە، بەرپەرچی بزووتنەوە و نارەزایەتی کۆمەڵایەتی بەشێکی گەورە لە کۆمەڵانی خەڵک بدەن و پایەی کۆمەڵایەتی پێویست بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ بزووتنەوەی رادیکاڵی کرێکاری و زەحمەتکێشانیش دابین بکەن، ئاکامی ئەم گۆرانکاریانە ئەمەیە کە رەوتی دووبەرەکی و تێکەڵ بوون لەناو باڵەکانی حکومەتی، بەتایبەت لەناو باڵی «رێفورم خوازی» رژیم خیرا دەبێتەوە و ریزەکانی نوێ پێک دێنێ و لەدژایەتیەکانی ناوخۆیی ئەوان لە گۆرەپانێک زۆر و لەگۆرەپانێکیتر کەم دەکاتەوە.



ئەم گۆرانکاریانە کاریگەری هەیە لە دەرەوەی دەستەو تاقمەکانی دەسەڵاتدار، ئەحزاب و رێکخراوەکان و کۆڕوکۆمەڵەکانی رووناکبیر و تەنانەت هەندێک لە رێکخراوەکانی چەپی سوسیالیستی و لایەنگری چینی کرێکار، (بەتایبەت لە دەرەوی وڵات) پاش ئەم گۆرانکاریانە، لە پەیوەندی لەگەڵ جوولانەوەکان و درۆشمەکانی رادیکالی دانشجوویی و کرێکاری هەڵوێستێکی هیستریک و زۆر دوژمنانەیان هەیە و خەریکی پروپاگەندێکی خراپ و بەربلاون دژی داخوازیەکانی چینایەتی و بزووتنەوەکانی رادیکالی خەڵکی و کرێکاری.

دیمۆکرات ترینی ئەم هێزانە، هیوایان زۆرتر بۆ کرێکاران حەق دەسی باشتر و ژیانێکی گۆنجاوترە تاکو گۆرانکاریکی شۆرشگێرانە و ئازادی چینی کرێکار، ئەوان هێوادارن کە لەرێگای یارمەتی سەرمایەی جیهانی و پەرەسەندنی کۆمپانیاکانی تایبەتی و کردەوەکانی خەێرخوازانە، ئەم ئاواتانە وەدی بێت و لەرێگای سەرکوت و بەتەماح خستن و پێک هێنانی بارودۆخی گۆنجاوتر، هێزو پۆتانسیەلی شۆرشگێرانەی کرێکاران و کۆمەلانی زەحمەتکێشی خەڵک تێک بشکێنن.

ئێستا لەلایەن ئەوبەشە لەئەحزاب و کەسایەتیەکان و باڵەکان، کە هیشتا قازانج و بەرژەوەندی خۆیان لە بەردەوام بوونی رێفورمەکان دەبینن، کە تەنانەت لە تەواو بوونی ئەویش گۆمانێکی زۆر هەیە، پروپاگەندێکی توند دەکرێ دژی لایەنە رادیکاڵەکانی بزووتنەوەی دیمۆکراتیک و کرێکاری.

ئەم هێزانە کە لەژێر ناوی جۆراو جۆر لە ڕێکخراوەکانی سیاسی و یان لە دەورو بەری بلاوکراوەکان و کۆرو کۆمەڵەکانی ئەدەبی وهتد... کۆبوونەتەوە و یان وەک کەسایەتیەکانی سیاسی دەرکراو لە حکومەت چالاکیان هەیە، تیدەکۆشن تاکو داخوازیەکانی ڕێفورم خوازانە لە چوارچێوەی یاساکانی رژیم بکەنە پروگرامی کردەوەی گشتی و حیزبی خۆیان.

بەشێکی تا رادەیێک چەپ لەم ئەحزاب و باڵەکان و کەسایەتیەکان، لەهەمان کاتدا رەزامەندی لەگەڵ کرێکاران و ئەحزابی پەیوەندی دار لەگەڵ ئەوانیش تەبلیغ دەکەن، تیدەکۆشن تاکو بەپێک هێنانی «حێزبێکی هەموو لایەنە» ویان «بەرە» ێک لە ئۆپۆزیسیون کە بریتی یە لە توێژێکی بەربلاو لە بیرورا و ئامانجەکان، ئەم مەبەستە بەئەنجام بگەێنن، بەرەیێک کە لەویدا، داخوازیەکانی چینایەتی کرێکاران دەبێ بۆ پاراستنی یەکگرتووی و عەشق بەئاشتی و خۆشگوزەرانی، باسی لێ نەکرێت و رایان نەگەێنن و بلاویان نەکەنەوە، کە بەتەواوی لە خزمەتی بەرژەوەندی ئەوانەیە و چینی کرێکار لە هەڵویستی سەربەخۆی دوور بخاتەوە و بیکاتە شتێکی زیادی و بێ مەسرەف.

راستی ئەمەیە کە بۆرژوازی ئێران دەیهەوی لەگەڵ پێک هێنانی ئاڵ و گۆر لە بنیاتی دەوڵەتی. مەزهەبی و بەو ڕێفورمانەی کە پارێزەری قازانجی بەشێکی گەورە لە بەرهەم هێنەرانی مام ناوەندی و وردە، بەشێکی گرینگ لە ئەحزابی ئۆپوزیسیون و رووناکبیران و کۆرو کۆمەڵەکانی ئەدەبی و هونەری بەرەولای بەرەی خۆی راکێشی، و بارودۆخیکی گونجاو بۆ گەرانی



سەرمایە و پەیوەندی بەرامبەری پەرە ئەستێنەر لەگەڵ سەرمایەی جیهانی پێک بێنێ. لە حاڵێک دا لەناوەندگرایی دەوڵەتی و بوونی ئورگانەکانی چاوەدێری مەزهەبی بۆ دژایەتی لەگەڵ بزووتنەوەی کۆمەڵانی خەڵک، کەڵک وەرگری.

سەرەرای ئەو، گۆرانکاریەکانی سەرچاوە گرتوو لە دانانی یاساکانی بازارو سندووقی نێودەوڵەتی پول (پارە) و پرۆژەکانی تایبەتی کردن و ئەو ئاڵ و گۆرانەی کە لەوانەیە بەدوای ئاڵ و گۆر لە پێکهاتی ئۆرگانیکی سەرمایە بێتەکایە و هەروەها چارەسەر نەکردنی گرفتی نەتەوەکانی جۆراوجۆر و یەکسان نەبوونی گەشەی ئابووری وهتد... لەپاڵ داخوازیەکانی رادیکالی کرێکاران، بێکارەکان، لاوان، کەبەشی ئەوان لە سفرەی تالان شتێک جگە لە بەردەوام بوونی هەژاری و نەداری نیە، ئەم هۆیانە، بۆرژوازی ئێران و هاوتای جیهانی ئەو بە قەناعەت دەگەێنێ، ئەو کاتەی کە قازانج و بەرژەوەندی خۆیان بەدەست هێنان، بۆ بەرگری کردن لە هەرچەشنە جوولانەوەیکی رادیکال، شمشێرەکانیان ئامادە بکەن.

خوپیشاندانەکان و سەرهەڵدان و راپەرینی کۆمەلانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی شارە گەورەکان، گەرەکە هەژار نشینەکان و هەروەها راپەرینی دانشجووەکان و خەڵکی چەوساوە لە پووشپەری ساڵی رابردوودا و بەردەوام بوونی ئەو لەم ساڵەدا و رێک کردنی سەرلەنوێ ریزەکانی بۆرژوازی، وردە بۆرژوازی و پشتیوانەکانیان لە رادەی جیهانی کە بەهۆی قازانجی زۆری ئابووری خۆیان ئامادەن تاکو سەرەتا ئیترین پەسەندکراوەکانی مافی مرۆڤ پێشێل بکەن و بەپشتیوانی نهێنی و ئاشکرا

لە رژیمی بیست ساڵ جەهل و نەزانی و خیانەت هەستن، نموونەیێک لە ئاکامەکانی ئەم ئاڵ و گۆڕانەیە.

بەم جۆرە هەر لە ئێستاوە ریزەکانی سەرچاوە گرتوو لەم ئاڵ و گۆڕانە تارادەیێک دەتوانین ببینین و نیشان دەری ئەوەیە کە چینی کرێکار لە شەرێک کە بۆداخوازیەکانی ئابووری و سیاسی خۆی لە داهاتوودا تووشی دەبێ، هاوپەیمانەکانی کاتی خۆی بەرە بەرە لەدەست دەداو بەهاوپەیمانانی هەمیشەیی و درێژخایەنی خۆی نێزیک دەبێتەوە.

ئەگەر بزووتنەوەی کرێکاری لەرەوتی خەباتی ئابووری و سیاسی رۆژانەی خۆی، بتوانێ تەواو جوولانەوەکان و داخوازیە سەرەتائیەکان لەژێر رەکیفی پروگرام و کردەوەیێکی سەرانسەری، یەکگرتوو بکات و لە سەرداواکاریەکانی سەربەخۆی، خۆی سووربێت و داواکاری خۆی لەگەڵ داخوازیەکانی ئازادیخوازانە و ئابووری و ئاسوودەیی توێژەکانی ژێر دەستەی کۆمەڵگا تیکەڵ بکات، ئەوکات دەتوانێ بەشێکی گەورە لە کۆمەلانی زەحمەتکێشی خەڵک، بریتی لە دانیشتووانی قەراخی شارەکان، جووتیارانی خاوەن زەوی بچووکەکان کە توانای بژیویان نیە، کاسبکارانی ورد، کە لەژێر زەختی دەلاڵەکان و رباخورەکان توانایان نەماوە، لاوان و ژنان، دانشجووەکان، فەرمانبەران کە لەنەداری، بێکاری، بێ مافی، جیاوازی، نەبوونی داهاتوویێکی روون رەنج دەبینن، لەگەڵ خۆی یەکگرتوو بکات.

دەبێ سەرنج بدەین بەوەی کە لەمێژووی ئیران دا ئەم کۆمەڵە ملیونیە هیچ کات خاوەنی ئەم جورە ئەزموونە گەورە و دەوڵەمەند و زیندووە کە



لە مەودای ئەم بیست ساڵە کۆی کردووتەوە، نەبووە، و جگە لە دەورەی راپەرینی ١٣٥٧ (١٩٧٨) کە ئەویش بەشێکە لەم ئەزموونە، ئەم جۆرە خەباتە چینایەتی ئاشکرایە لە ئارادا نەبووە.

لەمانگرتنەکانی ئەمساڵ کە یەک بەدوای یەک و یان بەمەودایێکی کورت لەیەک تر روو ئەدەن، تاکو خۆپیشاندانەکان و راپەرینەکانی ناوچەیی و شاری، نیشان ئەدەن کە هەست و شەوقێکی ئەساسی لەناو ملیونەها کرێکار و زەحمەتکێش خەریکی سەرهەڵدانە.

هەڵسەنگاندنی بارودۆخی دیاریکراوی ئەم کاتە بۆ نموونە نیشان دەدا کە لەسێ مانگی دووهەمی ئەمساڵ ژمارەی بەشداربووان لە مانگرتنەکان بەنیسبەت دەورەیکی وەک ئەو لە ساڵی رابردوودا، زۆردەبێتەوە. پاش راپەرینی خەڵکی زەحمەتکێشی شاروچکەی شاترە، راپەرینی خەڵکی ئابادان، پیرانشار و سنە، تەوریز وهتد... رووی دا و پاشان خۆپیشاندان تیکەڵ بە درۆشمەکانی رادیکاڵ لە ساڵ رۆژی هەژدەهەمی پووشپەر رووی دا کە سەرەرای پروپاگەندو سەرکوتەکانی دەوڵەت و نوێنەرانی وردە بۆرژوازی سەرەوە (کە داخوازیەکانی خۆیان وەدی هاتە بوو و دژی جوولانەوەی رادیکاڵی خەڵک و دانشجووەکان لەم رۆژەدا هەڵویستیان گرتبوو) لەگەڵ هەر ئەوداخوازیانە و درۆشمانەی کە رێکخراوی ئێمە و رەوتەکانی تری رادیکاڵ لایەنگری چینی کرێکار باسی لێ کردبوون، شەڕیان کرد دژی هێزی دەسەلاتدار و دەنگی خۆیان لە ناو ئاگرو خوێن و قبووڵ کردنی زیندان و ئەشکنجە، بەتەواو جیهان راگەیاندن.

هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کە هاوسەنگی هێزەکان و رێکخستنێکی نوێ دێتە کایەوە کە لەوێ لە حاڵێک دا باڵەکانی پارێزگاری رژیم رۆژ بەدوای رۆژ لاوازتر دەبن و درۆشمەکانی رێفورم خوازانی حکومەتی و ئەحزاب و رەوتەکانی لایەنگری ئەوان کاریگەری خۆی لەدەست دەدا و بەربەست بوونی خۆی دەردەخا، هەڵوێستەکان و درۆشمەکانی رادیکاڵ، چەپ و سوسیالیستی شانسێکی زۆرتری هەیە و خەڵک ئامانج و داخوازیەکانی خۆیان بەشێوەیکی ئاشکرا رادەگەیێنن و بۆ داسەپاندنیان روو دەکەنە شێوەکانی جۆراوجۆری خەبات، هەموو ئەمانە نیشان دەری ئەم راستیەیە کە لەمەو بەدوا قۆناغی دەسەڵاتی بێ ئەم و ئەولای دواکەوتوویی و تاقمەرەشەکان خەریکە دەگاتە کۆتایی خۆی و قۆناغی بەرزبوونەوەیکی نوێ خەریکی سەرهەڵدانە.

لەهەمان کاتدا، شمشێری سەرکوت و وەحشی گەریەکانی رژیم هەروا دژی شۆرشگێڕان، ئەوانەی کە خەریکی مانگرتن، نارەزایەتی و خۆپیشاندانن بەکاردێت. ئەوان لەمەودای راپەرینی تاران و ئابادان، سەدان کەس لە کرێکاران، دانشجووەکان و لاوانیان گرت و ژمارەیکی لەوان کوشت پولیس و تاقمە رەشەکان هێرش دەکەنە سەر زانکۆکان و دانشجووەکان، تەنانەت رۆژنامەکانی، سەربەحکومەتیش لەوکاتەدا کە بچووکترین هەواڵێک سەبارەت بەکردەوەکان و سەرەروویەکانی دەسەڵاتداران بڵاو بکەنەوە، دادەخرێن، لەم ناوە رە فتاریان لەگەڵ ئۆپوزیسیون شتێکی ترە.



بەلام هەر ئەم کردەوانە هەست وشەوقی لاوان و دانشجووەکانی زۆرتر کردووەتەوە، کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش بەنیسبەت قسەی دوور لەراستی باڵەکانی ناو دەسەلات کە دژ بە یەکن و ئەحزاب و رێکخراوەکان و تیوریسیەنەکانی ئەوان رەش بین دەکات و لەپەیوەندی لەگەڵ خەباتی سەربەخۆی خۆیان سوورتر دەبن، دەسەلاتداران لەگەڵ بەکارهێنانی شێوەکانی سەرکوتکەرانە، نەک نەیانتوانیە نارەزایەتی و مانگرتن و راپەرینەکانی خەڵک تێک بشکێنن، بەڵکو هەرچی زۆرتر پەرەی پێ ئەدەن.

راستی ئەمەیە کە خەڵک چاویان بەرەو خەباتێکی نوێ دەکەنەوەو ئەم وریایی و وشیاریەی کە سەری هەڵداوە، نیشان دەدا کە ئەو هێزانەی کە رژیمی پاشایەتیان رووخاند، زیندوون و دەتوانن بۆ وەدی هاتنی ئامانج و داخوازیەکانی پێشێل کراویان رژیمی کۆماری ئیسلامیش بڕووخێنن.

ئەمەی کە ئەم جوولانەوەیە کە خەریکی بەرزبوونەوەیە، تاکو گەیشتن بەبارودۆخی شورشگێڕانە، چ پرۆسەیێک تێپەر دەکا و چەندین قۆناغی راوەستان و بەرزبوونەوەو پاشەکشە و پێشرەوی بەسەر دەبا، پێش بینی ناکرێت، بەلام ئەوەی کە ئاشکرایە و گۆمانی لێ ناکرێت، بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و یەکسانی خوازانەی زۆرینەی خەڵک لەم کاتەدا خەریکە بەرەو بەرزبوونەوەیکی هەمەلایەنە هەنگاو هەڵدەگرێ و ئەم هەل و مەرجە، ئەرکەکانی دیاریکراو لە ئەستوی ئێمەی داناوە.

یەکەم ئەرکێک کە هەم لایەنی تاکتیکی پێویست وهەم ئیعتیبارێکی ئیستراتریکی هەیە، تێ کۆشان بۆ چاکسازی و پەرە پێ دانی رێکخستنەکان لە ناوچەکانی جۆراوجۆری وڵاتە. ئەگەر زانیاری رەخنەگەرانە و تێکۆشانی

تیوریکی ئێمە بووتە هۆی دانانی پروگرام، پەیڕەوەی ناوخۆیی و شێوە و شێوازەکانی کاری نوێ کە تارادەیێک ناهێڵێ ئێمە هەڵەکانی رابردوو دووپات بکەینەوە، بەڵام لەلایێکی ترەوە واتە دابین کردن و تەزمینی کاری بەکردەوە یان کردەوەیی کردنی پروگرام، دروشم و تاکتیکەکان، کە لە دیسیپلین، زانیاری و رێکخستن و پەرەگرتنی چالاکی، وەک ئامرازەکانی پێویست رەنگ دەداتەوە، کەم و کوڕی ئاشکرامان هەیە، راستی ئەمەیە کە هەوڵەکانی ئێمە بۆ زیندوو کردنەوەی رێکخستنەکان لە پەیوەندی لەگەڵ ئامانجەکانی دیاریکراو، جگە لە ئیمکاناتی تەداروکاتی، کادێری تواناو زانای کەمەکە بۆ لابردنی ئەم کەم و کوڕیە دەبێ هەوڵێکی جیددی بەپێ پروگرام و هەروەها بەردەوام بدەێن.

راستیکی تر ئەمەیە کە ئێمە بەشێکین لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، بەهێز و لەهەمان کاتدا بڵاوی ئێران کە ئەرکی ئێمەیە هاوکات بۆ یەکگرتووی و یەک دەستی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیش تێکۆشین، بەڵام راستی ئەم کاتە سەبارەت بە رێکخراوە کۆمۆنیستیەکانی پشتیوانی چینی کرێکار ئەمەیە کە سەرەرای تەحمولێ زەخت و سەرکوتی توند، بەهۆی بەلاڕێ چوونەکان و هەڵەکانی رابردوو و پروپاگەندی قورسی بۆرژوازی و کەسایەتیەکانی دابراو لە خەبات، لەباری رێکخراوەئیش بڵاوە و لاواز بوو نەتەوە. کۆمەڵێک تارادەی گەورە لە خەباتگیرانی پێشوو تووشی سەرشوری و بێ کردەوەیی بوونەتەوە.

زیندان، کوشتار، و دوورخستنەوەو ئاوارەیی وهتد... ئەم لاوازیەی دووقات کردووە، ئەمە لەحاڵێک دایە کە هاتنی نەسڵی لاوی کرێکاران و



زەحمەتکێشان بەرەولای خەبات، پێویستی زۆرتری هەیە بەبوون و حازربوونی کادێرەکانی توانا و بەئەزموون لەناو گۆرەپانی خەبات و ئەم لاوازیانە لە هەل و مەرجی ئێستا، قورسایی هێزو رەوتە سازشکار و دواکەوتووەکان لە گۆرەپانی سیاسی کۆمەڵگا زۆر کردوەتەوە.

بەڵام ئەم راستیانە، زۆرتر لەوەی کە ئێمە لە وەرگرتنی تاکتیکەکان و خەت و شێوازی سیاسی، بباتە ناوخەیاڵات و ژیانی لە خیاڵ دا، و پراگماتیزم و ئانارشیزم، دەبێ بەرەو راستبینی و وەرگرتنی ئەو تاکتیک وشێوازو دروشمانە ببات کە لەگەڵ راستیەکانی کۆمەڵگا و ئاستی خەباتی چینایەتی هاوئاهەنگیان هەبێت. لەم پەیوەندیەدا سەرەرای پروگرامی کردەوە و تاکتیکەکانی دەورەیی جیاواز کە هێڵی تێپەربوونی ئەرکەکانی ئێمە دیاری دەکەن، ئەرکەکانی خوارەوە بۆ نموونە خاڵەکانی سەرەکی رێکخراوی ئێمە لە بووارەکانی جۆراوجۆر، وەک پەرەگرتنی ئیمکانات و نفوزی رێکخراو، یەکێتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، یەکگرتنەکان و یەکیەتیەکانی کردەوەییکاتی و بەردەوام و رێگاکانی چاوەدێری لەسەر ئەم پرۆسانە دیاری دەکەن.

## زەمینەکان، ئەرکەکان و تاکتیکەکانی ئێمە بۆ پەرەگرتنی نفوزی رێکخراو و تێکۆشان بەمەبەستی یەکێتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی

١. بوژانەوەی بزووتنەوەی چینی کرێکار، پەرەگرتنی جوولانەوەی خەڵکی، پێویستی ئەو پێکهاتانەی کە دەوڵەت و سەرمایەدارەکان بتوانن بە کەڵک وەرگرتن لەوان، کرێکاران و توێژەکانی ژێر دەستی کۆمەڵگا و

٢. ماوەیەکی زۆرە کە تاقمەکانی رەشی دەستەڵاتدار و بەشێک لەرووناکبیرانی وردە بۆرژوا هەستیان بەم پێویستیە کردووە. لەسەر ئەساسی سەرکوتی توونـد و قەدەغە کردنی چالاکی کۆمۆنیستی و کرێکارانی پێشرەو، زیدە لە رێکخراوەکانێک وەک خانووی کرێکار، ئەنجوومەن و شووراکانی ئیسلامی کار، لەم ساڵانەی دوایی‌دا ئەحزابی بەناو بانگتر وەک «حیزبی ئیسلامی کرێکارانی ئیران» وهتد کە لەراستی دا لە لایەن ئەفرادی سەربەتاقمی رەش پێک هاتوون، تاکو سەرەرای بەرگری کردن لە ویستی چینی کرێکار بۆ پێک هێنانی حیزب و رێکخراوی سەربەخۆ و ئیزوڵە کردنی تیکۆشانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەم زەمینەدا، بەرپەرچی خەباتی ئەوان بدەن و وەک لەشکری رەش ببنە خزمەتکاری شەڕ نێوان باڵەکانی ناوخۆیی حکومەت.

لەلایەکەوە هەندێک لە روون کبیرانیش تێ دەکۆشن تاکوبە ڕاوێژکردن لە پێویستی دامەزراندنی ئەحزابی سوسیال دیمۆکراتیک و یان وەک ئەوان، چینی کرێکار دڵ خۆش بکەنە باش بوونی رێژەیی بارودۆخیان و بەرگری بکەن لە پێک هێنان و یان چوونە ناو ریزی ئەحزابی کۆمۆنیست و فیکری شۆرش لە مێشکیان وەدەرکەن.

دەبینین کە رووداوەکان و بەرزبوونەوەی ئاستی خەباتی چینی کرێکار، پێویستی ئەم راستیەدا بەسەر بۆرژوازی و تاقمەکانی دەسەڵاتداردا سەپاندووەو هەر بۆیە ئەم کردەوانە لەگەڵ پروپاگەندی توونـدو بەربڵاو دژی رابردوو و ئێستاو داهاتووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەرێوە دەچێ،



هەروەها چالاکیەکانی رادیکاڵ و رووداوە لە ناکاوەکانی ئەوان بخەنە ژێر چاوەدێری و بەباس و دیالوگ، بزووتنەوەکانی کۆمەڵایەتی بهێننە سەر رێگای یاسایی، ئێستا بووتە بابەتیکی زۆر پێویست.

سەرەرای کردەوەی باڵەکانی ناوخۆیی حکومەت بۆ ئەم مەبەستە، کرێکارانیش لەم بووارەدا هەوڵیان داوە. هەر ئەوەی کە خەباتەکان پەرە بگرێ، کە پەرەێش دەگرێ، حەز بە بوونی پروگرامیکی روون و جیاواز لە چینەکانی‌تر، لە ناو چینی کرێکار، بە خیرایی و هەست و شەوقیکی زۆرتر لە ئەوەی چینەکانی تر بۆی هەوڵ ئەدەن، پێک دێ و لەناو کرێکارانیش، حەزبە جوولانەوەی یەکگرتوو و پێویستی رێکخراوی حیزبی و یان رێکخراوەکانی ئابووری دەبێتە پێویستێکی زەرور و تێگەێشتوانە.

هەر ئەمرو پێویستیەکانی خەباتی رۆژانە، هەوراز و نشیوەکان و پاشەکشە و سەرکەوتنەکانی بزووتنەوەی کرێکاری، ئەم تێگەێشتنەی لەناو چینی کرێکاری ئیران زۆر بە هێز کردووە و لەبەر ئەمەی کە لە ئەزموونی رۆژانە و بەباشی دەبینێ کە بەبێ رێکخستن و حیزبی سەربەخۆ لە چینەکانی‌تر تەنانەت توانای گەێشتن بەلانی کەمی داخوازیە سینفیەکانی خۆی نیە، ئەوان بەو قەناعەتە دەگەێنێ کە لەژێر زەختی رووداوەکانی خەبات بچنە ریزی ئەحزاب و یان پێک هێنانی ئەحزابی نوێ و سەربەخۆ بخەنە دەستووری کاری خۆیان.

<u>بەلام چ حیزبێک؟</u>

بزووتنەوەیێک کە لەمەودای زۆرتر لە سەد ساڵ ئاڵا هەڵگری خەبات بۆ ئازادی، دیمۆکراسی و یەکسانی لە وڵاتی ئێمە بووە.

٣. بۆیە پێویستی تیٚکۆشان بۆ یەکێتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و دامەزراندنی حێزبی چینی کرێکاری ئێران، لەسەر ئەساسی راستێکی عەینی کۆمەڵایەتی دانراوەو لەدرۆشمێکی درێژخایەن کە زۆرتر لە ٣٠ساڵ لە چالاکیە تیوریەکانی ئێمە بەرچاو بوو، ئەمرو بەهۆی ئەو گۆرانکاریانەی کە ناویان لیٚ بردین، هاتوونەتە گۆریٚ و بوو نەتە بایەتێکی پێویست و ئەرکی کۆمۆنیستەکان و کرێکارانی پێشرەوە کە زەمینەکانی فیکری ئەو هاوسەنگ لەگەڵ زەمینەکانی عەینی، رێک بخەن.

٤. بەڵام پرۆسەی پێک هاتنی حێزبی چینی کرێکار، حێزبی کۆمۆنیست، قۆناغەکانی زۆر نالەبار تیٚپەر دەکا و بەهیچ شێوەیێک لەرێگاکانی راستەوخۆ وەدی نایت و دانامەزریٚ، زۆرجار هەوڵی ئێمە و هێزەکانی تری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بۆ پێک هێنانی حێزبی راستەقینەی چینی کرێکار بەئەنجام نەگەیشتووە و یان بووتە هۆی پێک هاتنی ئەحزابێک جیا لە چینی کرێکار و بەجێگای رێکخستن و تێکەڵ بوون لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و راکێشانی کرێکارانی پێشرەو، لەباشترین شێوەدا بووتە هۆی گەشەسەندنی لە ناوتوێژەکانی وردە بۆرژوا و ئەو کەسانەی کە تەنانەت توانای چالاکی ریکخراوەیی و گشتی یان نەبووە و لە ئاکامی زەق بوونی بۆچوونەکانی هەمە لایەنەی خەڵکی، لایان داوە لە ئامانجەکان و شێوازەکانی پەیوەندی دار لەگەڵ کاروباری شۆرش و تووشی جیابوونەوە و بڵاوەبوون، بوونەتەوە.



٥. سەرەرای ئەوەی کە لەسەرەوە ووترا، پرۆسەی خەباتی چینایەتی و گۆرانکاریەکانی بنەرەتی کۆمەڵایەتی و زەختی راستیەکانی رۆژانە سەرچاوە گرتوو لە پەرەسەندنی بزووتنەوەی کرێکاری و سەرجەم ئەو ئاڵ و گۆرانەی کە لەمەودای دەیەی رابردوودا لەئاستی جیهانی و ئێران دا رووی داوە لە لایێکەوە، و پێدا چوونەوەی پروگرامکان و رەخنەگرتن لە ئەزموونەکانی رابردوو لەلاێکی دیکەوە، بووتە هۆی پێک هاتنی فەراکسیونەکانی فیکری لەناوخۆی ئەحزاب، رەوتەکان و هەروەها لەناو خەباتگێرانی کرێکاری و کۆمۆنیستی کە سەرجەم پەیوەندیان بەیەک ئایدولوژیەوە هەیە و بەمەرجی تیٚکۆشانێکی هاوبەش و فۆرمولەکراو دەتوانن پرۆسەکانی سەرچاوە گرتوو لە تێک شکان بگورنە گەشەکردنێکی ئاسایی بەرەو یەکێتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و پێک هێنانی حێزب.

<u>پەیوەندی دوولایەنە بەمەبەستی یەکگرتنەکانی حێزبی</u>

٦. لەم کاتەدا و دوای بیست ساڵ، کە رەوت و گروپ و هەڵسوراوانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری گۆرانکاری فیکریان بەسەر هاتووە، بۆ وەدی هاتنی مەبەستەکانمان دەبیٚ دەست بدەینە چالاکێکی دیاریکراو و شێوەیکی گشتی و دیاریکراوو ئامانج دار بدەینە ئەم پرۆسانە و بەشێوەیێکی تایبەتی لەگەڵ ئەو گروپانە، کە سایەتیەکان و رێکخراوانەی کە لە ئێمەوە نێزیکترن، بۆ رێکخستنی وت و وێژەکان بەمەبەستی یەکگرتنەکانی حێزبی قسەو باس بکەێن، بەلەبەرچاوگرتنی ئەزموونەکانی رابردوودا و پێویستی روون کردنی ناکۆکیەکان و هاوبەشیەکان و هەروەها

وەڵامی هاوبەش بەپێویستیەکانی فیکری و کردەوەیی جوولانەوە، ئێمە دەبێ لەگەڵ ئەو هێزانەی کە:

ئەلف) بنەمای مارکسیزم و سوسیالیزمی زانستی وەک ئایدولوژی و پاڵپشتی زانستی چینی کرێکار قبووڵ دەکەن.

ب)هەڵسەنگاندنی رەخنەگەرانەی رابردوو بەمەبەستی وەرگرتنی ئەزموون لەو و سنوردانان لەگەڵ لادانەوەکانی ناوخۆیی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی قبووڵ دەکەن.

ج) وپشت بەستن بە بزووتنەوەی کرێکاری وەک بناغەی چالاکی سۆسیالیستی لە سەر ئەساسی خەباتی چینایەتی قبووڵ دەکەن.

بەمەبەستی چۆنیەتی بەرەوپێش بردنی کاروباری یەکگرتن لە گەڵیان گفتوگۆ بکەین، ئەم پرۆسەیە هەم پێش مەرجەکان و بەرئاوەردەکانی دوور لەراستی لەناو دەبات و هەم بەرگری لە یەکگرتنەکانی میکانیکی دەکات و بەرەو یەکبوونەوەکانی تیگەیشتوانە، ئازادانە و بنەرەتی دەچێ. ئێمە بەم سێ مەرجە دەست پێ دەکەین و لەداهاتوودا لەم پرۆسەی گفتوگو و هاوکاری و خەباتی هاوبەشەیە کە دەردەکەوی، تاچ رادەیێک دەتوانین لە تێکەڵاوی رێکخراوەیی سەرکەوتووبین.

## خێرا کردنی ئەم رەوتە لە رێگای یەکیەتیەکانی بەردەوام

٧. لەسەر ئەوەی کە ووتمان، خێرا کردنی ئەم پروسەیە لە رێگای دانانی تاکتیک، یەکیەتیەکانی بەربلاوتر، لە دەورو بەری پلاتفورمەکانی ئاشکرا و روون و هاوسەنگ لەگەڵ بزووتنەوەی سەربەخۆی چینی کرێکار،



داخوازیە دیمۆکراتیک و سوسیالیستیەکان، بەتایبەت لە دەورو بەری لایەنە سەلمینەرەکەی بزووتنەوەی چینی کرێکار («کۆماری شوورایی»)یش ئیمکانی هەیە. لەم پەیوەندیەدا، شێوازی تاکتیکی ئێمە لەسەر دوو ئەسڵ راوەستاوە، خەباتی هاوبەش لە دەوروبەری هاوبەشیەکانی ئێستادا و خەباتی فیکری بەمەبەستی گەیشتن بە یەکیەتیەکانی بەردەوام و حیزبی.

٨. لەم پەیوەندیەدا دەبێ گۆرانکاری بەسەر یەکگرتنەکان بێت و یەکگرتنەکانی نوێ لەسەر ئەم ئەساسە رێک بخرێت و لەواندا بەشداری چالاکانە بکرێت.

٩. پێویستە تاکو پێک هێنانی جەمسەریکی بەهێزی کرێکاری، دژ بە هێزەکانی سوسیالیستی بە قسە و بەراستی وردە بورژوا لەکردەوەیان، خەبات بکرێت. تاکو ئەم یەکیەتیانە لە هێلی دیاریکراو و ئاشکرای داخوازی و ئامانجەکانی چینی کرێکار لانەدەن. لەهەمان کاتدا دەبێ ئەوسیاسەتە رابگەێنرێت و بلاوبێتەوە کە نێزیکی و پەیوەندی گروپەکان، نەبێتە هۆی ئەوەی کە بنیاتی یەکێتی و یان حیزبی داهاتوو ببێتە شوێنی کۆبوونی ئەفرادی بێ پەیمان و زۆربوونی ژمارەی ئەفراد بە جێگای کردەوەی زۆرتر و پۆتانسیە لێ یەکێتی، ببێتە رێگرێک لەسەر کارو باری راکێشان و رێکخستن و چالاکی کۆمەلایەتی و هێز و تواناکان لەرێگای قسەو باسی بێ ئاکام سەرف بکرێت.

## ئەرکی ئێمە لە بەرامبەر خەباتەکانی گشتی دیمۆکراتیک و داخوازیە سینفی و سیاسیەکانی خەڵک.

خـەبات بۆ داخوازیەکانی گشتی دیمۆکراتیک و بەرەوپێش بردنی بەردەوام و رادیکاڵـیان، لـە خـەباتی چینی کرێکار بۆ ئازادی و یەکسانی جیاناکرێت، هـەر بۆیـە، چـینی کـرێکار دەبێ سەرەرای پاراستنی سەربەخۆیی چینایەتی خـۆی، خـەریکی رێکخسـتنی داخوازیـەکانی گشـتی دیمۆکراتـیک لەئاستێکی بەربلاوتـر بێـت و بـەش بـەحاڵی خـۆی بەمەبەستی یەکگرتنی ئەم خەباتە لەشـێوەکانی تایـبەتی خـۆی، وەک بـەرەی خـەبات بـۆ ئازادیـەکانی دیمۆکراتـیک و یەکیەتیەکانی کردەوەیی کاتی و رێکخستنی بلاوکراوەکان و پـێک هاتـە دیمۆکراتـیکەکان، تێبکۆشـێ، لـەم پەیوەندیـەدا، بـریارەکانی خوارەوە هێڵی سیاسەتی ئێمە دیاری دەکات.

١. بـە لەبـەر چـاوگرتنی پـێکهاتی ئـابووری، کۆمەلایەتی، نەتەوەیی و فەرهـەنگی، مەزهـەبی و سیاسـی کۆمـەڵگای ئـێمە کـە لـە ودا حکوٚمـەتی مەزهـەبی دواکەوتوو دەسەلاتدارە، سەرەرای داخوازێە رادیکاڵەکانی چینی کـرێکار، توێژەکـاتی تـری کۆمـەڵگایش خوازیـاری ئـاڵ و گـۆر بۆ قازانجی گـروپەکانی کۆمەلایـەتی خۆیـانن، ئازادیـە سیاسیەکان، پەیرەوی کردن لە پەسـند کـراوەکانی مـافی مـرۆڤ، ئـازادی بلاوکـراوەکان، بـیرورا، قەڵەم، رێکخـراو ،یەکسـانی مـافی ژنـان، مـافی نەتـەوەکان بـۆ دیـاری کـردنی چارەنووسی خۆیان، جیایی دین لە دەوڵە ت لە پاڵ داخوازیەکانی ئابووری و ریفـاهی دیکـە، سـەرجەم ئـەم داخوازیانـەن کـە تاکو ئێستا هەرگیز نەیان توانـیوە بـە شـێوەیەکی کۆنکریتدا و لە ژێر رێبەری حێزب، پروگرام و یان



بزووتـنەوەیەکی تایـبەتی قسەیان لێ کرابێت و یان رێبەری بن و کۆمەلانی خەڵک رێک بخات و یەکگرتوو بکات.

٢. لـە ولاتـی ئـێمە بـە هـۆی دیکـتاتوری و سـەرکوتی بـەردەوامی بزووتـنەوەی چـەپ ئاسـتی نـزمی زانـیاری چـینایەتی، یەکسـان نـەبوونی گەشەسـەندنی ئـابووری لـە ناوچـەکانی جۆربـەجۆر، فـرە نەتـەوەیی و مەزهـەبی بـوون وجـیاوازیەکانی تر، بارو دۆخێکی پێک هیناوەکە لە هەل و مـەرجی نەبوونی تەوژمێکی چەپی کرێکاری و کۆمۆنیستی بەهێز، هێزەکانی دەسـەلاتدار، کەسـایەتی و ئەحـزابی هـەل پەرەسـت (ئۆپۆرتونیسـت) و نوێـنەری چـینەکانی دەوڵەمەند و توێژەکانی مام ناوەندی کۆمەڵگا، لەو بۆ قـازانج و دابـین کـردنی بـەرژەوەندی ئابووری خۆیان کەڵک وەربگرن. بۆ ئەوانـەی کـە خوازیـاری جـیایی دیـن لـە دەوڵـەتن و یـان ئـەو لاوانەی کە خوازیـاری ئـازادی جل و بەرگ لە بەر کردنن هەروەها کەڵک وەرگرتن لە ئیمکاناتی فەرهەنگی بۆنەتەوەکان ، هەڵوێستێکی دواکەوتوو یان هەبێ و بە رادەیـەک تێکەڵ بە ناسیونالیزمی لە رادە بە دەر و شوێنیزمی سوڵتەگەری ئـێرانی بـن کـە پـێش لـە وەی بـتوانن داخوازیـەکانی خۆیـان لـە مەودای خەباتـێکی هاوبەشـی سەرانسـەری بـە سـەر دەسـەلاتداران داسەپێنن، لە پەیـرەوی کـردنی ئەحزابی بۆرژوایی و فریوکاریەکانی دەسەلاتی داسەپاو، زۆر خـێرا هاوپەیمانەکانـیان لە دەست بدەن و لە جلی دواکەوتوویی دژ بە بەشێک لە خەڵک بێنە مەیدانەوە،

بـۆ وێـنە ئەو ئەحزاب و گروپانەی کە خوازیاری کۆمەڵگای مەدەنی، خەڵک سـالاری و هـندێک ئـازادی سیاسـین. هـەروەها بـە هۆی راگەیاندنەکانی

شوینیستی، و بێ باوری بە نیسبەت مافی بێ ئەم لاو ئەولای فەرهەنگی، نەتەوەیی و مەزهەبی نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران، ناسیونالیزم و بەر چاو تەنگی لە ناو کەمایەتیەکانی میللی پەرە دەگرێ لە ناو ئۆپۆویسیون و لە ناو ئەحزاب و باڵەکانی دەسەڵاتدار، زۆرن ئەو کەسانەی کە بەردی ئازادی و دیمۆکراسی لە سینگیان دەدەن بەڵام تۆزێک لە عەدالەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و مافی چینی کرێکار و مافی حێزبایەتی و پێک هێنانی حێزبی و خەڵکی ئەو پشتیوانی ناکەن تا بگات بە وەی کە مل کەچی بەهێز بوونی ئەم چینە لە گۆڕەپانی سیاسی بن و ئازادی چالاکی کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی لە و پێوەندیەدا قەبووڵ بکەن. لەم بووارەدا دەیان نموونەی تر دەتوانین ناو ببەین کە لە تایبەتمەندیەکانی پێکهاتی ئێستای کۆمەڵگای ئێمە دەژمێردرێن و بە بوونی ئەم دژایەتیانە لە هاوسەنگی هێزەکانی چینایەتی رەوڵێکی کاریگەر دەبینێ بەم شێوەیە دەبینین کە بوونی چالاکانەی توێژ و چینەکانی جۆراو جۆر کە بە خۆشییەوە بەرە بەرە خەریکن لە گەڵ بەرژەوەندی چینایەتی خۆیان ئاشنا دەبن و لەو دیفاع دەکەن، ئەم بزووتنەوەیە تووشی بارو دۆخێکی دژ بە یەک کردووە،ئاشنا بوون لە گەڵ جوووولانەوە بە بێ سەرنج پێدانی ورد بەم لایەن و داخوازی و پرۆسانەی دژ بە یەک، بەڵام لە هەمان کات دا وەک یەک ئیمکانی نی‌یە و زۆر سادە بینانەیە ئەگەر بێتو بوونی محافزەکاری، پراگماتیزم و تێکەڵاوی ئیمپرالیزم لە گەڵ دیمۆکراتیزمی شۆرشگێرانە، سەرهەڵدانی لە ناکاوی باڵێکی دەسەڵات لە رێگای دانی درۆشمی تەواو خەڵکی، هاتنە مەیدان و پەیدابوونی ئۆپۆزیسیۆنەکانی نێوە یاسایی، هەوڵی سەڵتەنەت خۆازەکان،



ئۆپۆزیسیونەکانی مەزهەبی ، ئەحزابی وردە بۆرژوایی ناوخۆ و دەرەوە بە مەبەستی پەیوەندی ئەم جوولانەوە بە خۆیانەوە، کە هەموو و هەموویان لە راستیدا بوونی مێژوویی ئەم جۆرە دژایەتیانەو جیاوازیانە لە پێکهاتی کۆمەڵگا یە ، پەیوەند یان بدەینە ویست و ئەخلاقیاتی ئەم گروپە، مەزهەبی بوونی ئەوی تر و یان پاوانخوازی تاقمی خامنەیی و خۆش نیەت بوونی ئاغای خاتەمی و هتد .

لەم بزوتنەوەیە سەرەرای خەباتی ئۆپۆزیسیونی بۆرژوایی و باڵەکانی ناسراو بە رێفورم خوازی رژێم دژ بە بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی، قۆرسایی کۆمەڵایەتی و سیاسی چەپ شان بی شانی گەشە سەندن و بلاو بوونی جولانەوە رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر دەبێتەوە. راستی ئەمە یەکە تەنیا بزووتنەوەی چەپی سەربەخۆ و بە پاڵ پشتی چینی کرێکارە کە بۆ سەرجەمی ئەم داخوازیانە و جوولانەوەیەک بۆ بە ئەنجام گەیشتنی ئەوان گەشە دەکا، خاوەنی پروگرامی کۆنکریت و بۆ بە ئاکام گەێشتنی ئەو بەردەوام خەبات دەکا و سەرچاوەی هێزی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و بێ هێزی چینەکانی تر لە دامەزراندنی، تەنانەت لانی کەمی داخوازیە دێمۆکراتیەکان دەبێ بە دروستی لە بوون وکردەوەی ئەم دژایەتیانە بدۆزینەوە و هەروەها رادیکالیزمێک کە لە راستی عەینی کۆمەڵگای ئێران خۆی حەشارداوەتەوە بۆ کاریگەری لە سەر ئەم بزووتنەوە و دەربازکردنی ئەو لە ناو ئەم دووبەرەکیانە و گۆرینی ئەو بە بزووتنەوەیکی یەکگرتوو، تاکتیکەکانی راگەیاندن، بلاوکردنەوە و رێکخراوەیی وردێک پێویستە تا

٤. ئەزموونی شۆڕشەکانی پێشو لە ئێران سەلماندویەتی کە پشت گویٰ خستنی خواست و داوکاریەکانی بچووک و بەرەواڵەت سادە و ساکار تا راپەرینەکانی ناوچەیی و سەرانسەری جاروبار مەودایەکی کەمە دەبیٰ لە خەباتەکانی توێژەکانی جۆربەجۆری خەڵک هەرچەند زۆر کەم و بچووک بن، بەشداری چالاکانەمان هەبێت و تەنیا لە رێگای بشداری کردن لەم خەباتانەیە کە دەتوانین بەوان شێوازو رێگای رادیکالیٰ و سۆسیالیستی بدەین. تەنیا لە رەوتی ئەم خەباتانەیە کە ئێمە لە کردەوەی دروٚشمەکان و تاکتیکەکانی خۆمان، بەئەنجام دەگەینین و کەم تەرخەمی و خەیانەتی بۆرژوایی و ئەحزابی دواکەوتوو و فریو کار بە کۆمەلأنی خەڵکی پێشان دەدەین و تەنیا لەم خەباتانەیە کە ئێمە لە کۆمەلأنی خەڵک فێردەبین و ئەوان تیٰدەگەینین و بە نفور و جیٰ متمانەبوون لە نێوکۆمەلأنی خەڵک، ئەوان بەرەو لای جوولانەوەکانی گەورە و راپەرینە سەرکەوتووەکان ئامادە دەکەین.

٥. نابیٰ لە پاڵ خەباتەکان و داخوازیەکان و دروٚشمەکانی ئەحزابی بۆرژوایی بە بیٰ دەنگی یا بە هەڵوێست گرتنەکانی جار بە جار تیٰ پەڕین، بەڵکو دەبیٰ ئەوان ناچار بکەین بۆ بە ئەنجام گەیاندنی وەعد و بەڵێنەکانیان، ئەوان لە ژێر تەوژمی جوولانەوەی کۆمەلأنی خەڵک یان ناچار دەبن لە بەرێوبردنی بە کردەوە و خەبات بۆ خۆاستەکان و دروٚشمەکانی دیاری کراوێک دەیدەن کە بەشێک لە خواستەکان و داواکانی دێموٚکراتیکی وەبەر دەگرێت، بەردەوامی لە خۆیان نیشان بدەن و بۆ بەئەنجام گەیاندنیان هەنگاو هەڵبگرن. کە لەم حاڵە دا بە قازانجی جوولانەوەیەویان



بتوانین ئاڵقە وون بووەکانی یەک زەنجیرە پێکەوە گریٰ بدەێن و جۆگەلە بچووکەکان بکەینە روبارێکی گەورە.

**خەتی تاکتیکی ئێمە لەم بووارەدا**

١. بڵاوکردنەوە و راگەیاندنی ئاڵترناتیوی کرێکاری بە مەبەستی کردنی بە لایەنی چینایەتی خەباتی کرێکاری و وریاکردنی خەڵک بە نیسبەت ئەوەی کە چینی کرێکار لە خەباتی ئەو بو بە ئەنجام گەێشتنی داخوازیەکانی بە شێوەیەکی بەردەوام لەوان پشتیوانی دەکات تەنانەت ئەگەر ئەم داواکاریانە بچووک و زۆر گرنگ نەبێت. هەروەها ئەمەی کە لە حکوٚمەتی شووڕایی کرێکاری ماف و مافەکانی ریفایی (ئاسوددەیی) و دێموٚکراتیکی ئەوان بە شێوەیەکی تەواوترو رادیکاڵتر دەدریٰو جیٰ خستنی لایەنەکانی خەبات و ئامانجەکان و هەروەها ئاڵترناتیوی حکوٚمەتی کرێکاری.

٢. وریاکردنەوەی کۆمەلأنی خەڵک بە نیسبەت ئەو مەترسیانەی کە لە لایەن ئەحزاب و تاقمەکانی بەرپرسیاری بۆرژوایی و وردە بۆرژوایی، هەرەشە لە بزووتنەوەکەیان دەکات.

٣. بەرخوردی بەردەوام بە بەڵگە و مەنتقی لە گەڵ کەم تەرخەمی، سنوردانان و فریوکاری ئەحزاب و دەستە و تاقمەکان کە لە لایەن سەرمایەدارەکان و دواکەوتووەکان بە پشتیوانی تەبلیغاتی ناوەندەکانی ماڵی نێو نەتەوەی بە هێز دەکرێن، تیٰکۆشانی بەردەوام بۆ بردنەسەری ئاستی تیٰگەیشتنی چینی کرێکار و توێژەکانی جۆربەجۆری خەڵک بە بەرژەوەندیە چینایەتیەکانی خۆیان بۆ ئەوەی لە نیوەی رێگا تووشی فریوی ئەحزاب لە دەسەلأت و یان ئۆپۆزیسیونی یاسایی و نیمە یاسایی نەبن.

له به ئەنجام گەیاندنی درۆشمەکانیان دادەمێنن و لەم حاڵە دا کۆمەلأنی خەڵك له کردەوەدا به ناوەرۆکی دۆروشمە فریو کارانەیان تێدەگەن و خۆیان دەخەنە بەرەی خەباتی چینی کرێکار بۆیە دەبێ ئەم ئەحزابەجیا له یەك، بەردەوام بکەونە بەر رەخنە و زەختی ئێمە و لەم خەباتەدا دەبێ له نێوان بەشی رادیکاڵ له گەڵ بەشی پاوانخواز جیا دەبێتەوە و بەرە بەرە ئامانجەکان و خواستەکانی خۆیان له جوولانەوەی کرێکاری و رادیکالێ دەدۆزنەوە. لەم بووارەدا دەبێ هاو سەنگی هێز و ئامانجی ئیستراتیژی له بەر چاو وون نەبێ و له هەر چەشنە لادان و به دوادا چوون  خۆ بپارێزین.

## تاکتیکی یەکێەتی به کردەوە و یەکێەتیەکانی بەربلأو و بەردەوام

به مەبەستی رێکخستنی هێزێکی فراوان بۆ ململانی له گەڵ هێزی سەرکوت و پیلانەکانی دواکەوتوویی و هەروەها بۆ بەرگری کردن لەوەی که بەشێك له کۆمەلأنی خەڵك له دوای باڵەکان و ئەحزابی دواکەوتوو بچن، هەروا پێشتریش ووتمان پێویستە تاکو له گۆڕەپانی داخوازیەکانی گشتی دیمۆکراتیکی توێژەکانی جۆربەجۆری خەڵك، وەك ئازادیە سیاسیەکان، بلأوکراوەکان، دەربرینی بیرورا و قەڵەم، یەکسانی مافی ژنان، مافی دیاری کردنی چارەنووس، ئازادی زیندانیە سیاسیەکان، مافی کرێکاران، جوتیاران، جیابوونی دین له دەوڵەت، داخوازی لاوان و داخوازیەکانی تر و ریفۆرمەکان (که له بەشی ئیستیراتژی یەکێەتیەکان له پەیوەستی پروگرام به تەواوی هاتووە) یەکێەتیەکانی بەربلأوتر لەگەڵ ئەحزاب، کۆڕ و کۆمەڵ و رەوتەکانی وردە بۆرژوازی رادیکاڵ و نوێنەرانی گروپەکانی تر که لەو



رەوتەدا خەبات دەکەن دامەزرێنین و یان له یەکێتیەکانی کردەوەی بەربلأوتر چالاکی بکەین و ئاشکرایە که ئەم یەکێەتیانە نەك له دەروروبەری ئاڵترناتیوی حکومەتی، بەڵکو له سەر ئەساسی داخوازیەکانیگشتی دیمۆکراتیك پێك دێت.

لەم یەکێەتیانە که بەربلأوترە، سەرەرای پاراستنی سەربەخۆیی چینایەتی کرێکاران، دەبێ له لایەکەوە له گەڵ ویستەکانی ئانارشیستی و سیکتاریستی خەبات بکەێن و له لایکی دیکەوە، نوێنەران و هێزەکانی پشتیوانی بەرژەوەندی وردە بۆرژوازی و ئەو هێزانەی که ئیدیعای ئازادیخوازیان هەیە، مەجبور بکەێن له گەڵ خەباتە گشتییەکان، بۆ وەدی هاتنی درۆشمەکانی دیمۆکراتیکیان خەبات بکەن، هەمیشە دەبێ کاتی بوون و بەربەستی کردەوەیی پروگرامی ئەوان، نیشان بدەین، هێزەکان و ویستەکانی پارێزگاری ئەوان لەکردەوە، بۆ کۆمەلأنی خەڵك وەدەرخەێن و لاوازیان بکەێن و تاقمەکانی رادیکالێ ئەوان بکەێنە هاو پەیمانی درێژ خایەنی چینی کرێکار، گۆشە گیربوون له رەوتی ئەم خەباتە و دەستێ وەرنەدان و بەشداری نەکردن لەو،

نە تەنیا له رێکخستنی هێزی فراوان و کارکردنی هەژموونی چینی کرێکار به سەر ئەم خەباتە بەربلأوانە، کارێگەری خراپی هەیە و چینی کرێکار له هاوپەیمانانی کاتی خۆی دوور دەکات، بەڵکو دەبێتە هۆی ئەوەی که کۆمەلأنی خەڵك و تەنانەت بەشێك له چینی کرێکار به دوای ئەم هێزانە (وردە بۆرژوازی) بچن.

ئەلف- لە هەل و مەرجی ئێستا دا کەهێشتا جوولانەوە بە تەواوی پەرەی نەستاندووە.

١. بڵاوکردنەوە و راگەیاندنی پروگرام و روونکردنەوەی بە بەڵگەی سەبارەت بە جیاوازیەکانی لە گەڵ پروگرامکانی تر، لە پەیوەندی لە گەڵ بەرژەوەندیەکانی چینی کرێکار و زۆرینەی خەڵک بە تایبەت لایەنی سەلمێنەری حکوومەتی کرێکاری "کۆماری فیدراتیوی شوورایی ئێران"، روونکردنەوەی پێویستی ئەو بە دەلیلیکی سادە و لە سەر ئەساسی راستیەکانی مێژوویی و بنەمای ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا بۆ زانیاری کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵک لە ناوەرۆک، ئامانج و داخوازیەکانی چینی کرێکار.

٢. پەرەپێدانی پەیوەندی کۆمۆنیزم لە گەڵ چینی کرێکار و پتەوکردنی لەم بزووتنەویە، رێک خستنی و بە گۆرەپان هێنانی چینی کرێکار و پەرەپێدانی شێوەکانی خەباتی ئەو لە هێڵی گۆرینی کۆمۆنیزم بە هێزێکی کۆمەڵایەتی و رێکخراوی فیدائیانی کۆمۆنیست بە پێوانەی رێکخستنی کرێکارانی کۆمۆنیست و خەباتگێڕان و رێبەرانی پراتیکی بزووتنەوەی کرێکاری.

٣. بڵاوکردنەوە و راگەیاندنی بەردەوام و یارمەتی بۆ رێکخستنی کرێکاران لە پێکهاتە خەڵکیەکان، وەک شووراکان، یەکیەتیەکان و تەعاونیەکان و کۆمیتەکانی کارخانە، بنکەکانی خوێندنەوە، وەرزشی، کۆڕ و کۆمەڵە کرێکاریەکان وشێوەکانی تری رێکخستنی کریکاری لە شوێنەکانی



کارو ژیان. بە تایبەت هاندانی کرێکارانی پێشڕەو بۆ دامەزراندنی کۆمیتەکانی نهێنی کارخانە لە هەل و مەرجی ئێستا دا بە شێوەیەک کە توانای پاراستن، بەردەوامی کار و دامەزراندنی پەیوەندی لە گەڵ سەنعەتەکانی جۆراو جۆر و دابین کەری یەکگرتووی خەباتەکەیان بێت.

٤. بوونی رەوتیکی کۆمۆنیستی بە دیسیپیلین و خاوەن بەرمانەیکی دیاریکراو، و بە روانگەیکی سیاسی و تاکتیکەکانی سەرچاوە گرتوو لەو روانگەیە، زەمانەتی ئەو دەکات کە سەرەرای بە شداری لە سەرەتایی ترین شێوەکانی خەباتی کرێکاری و خەڵکی و پشتیوانی لە هەر چەشنە رێفۆرمێک هەر چەند کەم کە ببێتە هۆی باش بوونی ژیانی کرێکاران وکومەڵانیخەڵک ،لە بە دوادا چوونیان دووری بکرێت وخەبات بۆ گەیشتن بە داخۆازیەکانیکەم لە خزمەتی ئیستراتیژی شۆرش دا بیُ و هەروەها وەک مەشقێک بۆ ئامادە بوونی شۆرشگێرانەبێت.

٥. هەر بۆیە دەبێ لە هەموو شێوەکانی رەنگدانەوەی رێکخستنی چینی کرێکار کە دەبێ دەرگاکانی لە رووی هەموو کرێکاران بە بێ لە بەرچاوگرتنی بیر و باوەری سیاسیان بکرێتەوە و هەروەها لە خەباتەکانی ئابووری ئەوان بە هەر رادەیەک کە بێت ( خەباتە یاسایەکان و نایاسایەکان) بەشداری بکرێ.

٦. بۆ پەرەپێدانی نفوزی کردەوەی رێکخراو و بەشداری چالاکانە لەم رێکخراوانە لە هەل و مەرجی ئێستادا لە رێگای رێکخستنی شانەکانی سوور و لە گەڵ لەقەکانی ئاشکرا و نهێنی و دانی رێژەیەک سەربەخۆیی بۆ ئەوەی کە کەمترین زەربە لیان بدرێت. لە هەمان کاتدا دەبێ لە

شێوەکانی جۆراو جۆری بزووتنەوەی خەڵکی و کرێکاری کە لە سەر ئەساسی هەل و مەرجی نوێ لە لایەن کرێکاران و کۆمەڵانی زەحمەتکێش بە کار دێن، کەڵکێکی زۆر بۆ هاوسەنگی چالاکیەکان، پەیوەندیەکان و تێکەڵ کردنی کاری ئاشکرا و نهێنی، وەرگرین.

٧. شانە سوورەکان بە بەشداری کردن لە خەتی پێشەوەی خەباتی ئابووری لە پێکهاتەکانی کرێکاری، کرێکارانی پێشرەو کە بە هۆی شانەکانی نهێنی خەتیان پێ ئەدرێت و لە باری سیاسی گەشەدەکەن بە ریزەکانی خۆیان و لە ئاکام دا بە ریزەکانی رێکخرا، رادەکێشن. ئەوان بە رێکخستنی چالاکی هاوبەش تێدەکۆشن تاکو خەباتی کرێکاران رێنوێنی بکەن، بەڵام ئەم تێکۆشانە تەنیا بە بڵاوکردنەوە وراگەیاندن، وەگرتنی ئەندام، بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی کۆبوونەوە گشتیەکان، یەکێەتیەکان، تەعاونی یەکان شووراکان و هتد بەربەست ناکرێت، بەڵکو هەروەها پەرەسەندنی نفوزی کۆمۆنیزم لە ژیانی خەباتگێڕانە و یارمەتی بە کرێکاران بۆ سەرکەوتن لە خەباتی رۆژانە و بەدەست هێنانی ئەزموونەکانی پراتیک، بە رپەرچ دانەوەی چالاکی خراپکارانە و دووبەرەکی خستنەوەی حیزبەکانی تری سیاسی و سەرجەم پەیوەندی هەیە بەکردەوەکانی رێبەری کۆمۆنیستی لە سەر ئەم خەباتانە لە ئاستی سەرانسەری دا.

٨. زۆرکردنی توانای راگەیاندن و بڵاوکردنەوە بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو ئیمکاناتی لە بەردەست هەر چەند لەم پەیوەندیەدا مەجبور بە



پێک هێنانی ئیمکاناتی هاوبەش لە گەڵ رەوتەکانی سیاسی تر و کەسایەتی و کۆڕ و کۆمەڵەکانی پێشکەوتوو بین.

٩. هەڵسەنگاندنی دروست لە دژایەتی و تێکەڵچوونەکانی ناوخۆیی رژێم و ئەحزابی بۆرژوایی، نیشان کردنی لایەنی وەشاندنی زەبری ئەسڵی و هەڵبژاردنی تاکتیکی دروست لە بەرەو روبوونەوە لە گەڵ ئەم دژایەتیانە.

١٠. لاوازکردنی سیاسی ئەحزابی بۆرژوایی، خەبات دژی بۆچوونەکانی ئۆپۆرتۆنیستی، شۆڤێنیستی، ناسیونالیستی و ناسیونالیزمی سوڵتەگەری ئێران کە لەم سەردەمەدا بەشێوەیەکی خەتەرناک لە ناو لاوان پەرەی گرتووە و ئیستا لەم تاکتیکە دا هەموو ئۆپۆزیسیۆنی یاسایی و نایاسایی و ئەحزابی بۆرژوایی ووردە بۆرژوایی مەزهەبی ولا ئێک، کەڵک وەردەگرن.

١١. سەرنجی قوول و هەمەلایەنە بە داخوازیەکان، ویستەکان و داواکاریەکانی نووسەران، هونەرمەندان و توێژەکانی تری رووناکبیر، لاوان، ژنان و هاندانی ئەوان بۆ پێک هێنانی رێکخراو و دیفاع لە جوولانەوەی کرێکاری و سوسیالیزم و داخوازیەکانی رادیکاڵی کۆمەڵانی زەحمەتکێشی خەڵک.

١٢. بەهێزکردنی یەکبوون وهاو ئاهەنگی بزووتنەوەکانی زەحمەتکێشان لە ناوچەکان و بزاڤی کرێکاری و خوێندکاری و لە ناو بردنی چەوسانەوەی نەتەوایەتی و کەڵتوری، لە دژی حکومەت و لاواز کردنی ئەحزابی بۆرژوایی ناسیونالیست و ئایینی دواکەوتوو لەم بزاڤانە دا، بە قازانجی روانگەی سوسیالیزم و دیمۆکراسی شۆرشگێڕانەیە.

١٣.	تەبلیغاتی بەردەوام لە ناو هێزەکانی چەکداری ئەرتەش، ڕێکخراوەکانی بەسیج، سوپا، بەمەبەستی دووبەرەکی خستنەوە لە نێوانیان دا، و ڕاکێشانی توێژەکانی خوارەوەی سەربازەکان وکادێرەکانی شۆڕشگێڕو هتد. بەرەولای بەرەی شۆڕش.

١٤.	لە سەر ئەساسی هۆکارەکانی جۆربەجۆر، وەک بوونی ستەمی میللی و فەرهەنگی لە ڕادەبەدەر، نالەباری پێشکەوتنی ئابووری لە وڵات و ... ڕاپەرینەکانی ناوچەیی بووەتە یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێران و نەریتی خەباتی چەکدارانە لەم ناوچانە بووەتە ڕەسمێکی باو و جێکەوتوو و کاریگەر لە لای کۆمەڵانی خەڵک، ئەم شێوازە لە خەباتی کۆمەڵانی خەڵک، ڕێکخراوەکانی کرێکاری کۆمۆنیستی لە گەڵ ئەرکەکانی تایبەتی ڕوو بە ڕوو دەکات. هەوڵ دان بۆ دامەزراندنی هێزی چەکدار بە تایبەت لە کوردستان بە پێ ئیمکانات بە مەبەستی هاوئاهەنگی لە گەڵ شێوەکانی خەباتی خەڵک، پشتیوانی لە ڕاپەرینی شارەکان و دامەزراندنی کاناڵی پەیوەندی گرتن بە مەبەستی ڕاکێشانی کادێرانی شۆڕشگێڕ و هێزەکانێک لە کرێکاران و زەحمەتکێشان کە خۆازیاری پێوست بوون بەون.

١٥.	هاندانی کرێکاران بۆ مانگرتن، بە تایبەت مانگرتنەکانی تێکەڵ بە خۆپیشاندان کە کاریگەرترین چەکە لە هەل و مەرجی ئێستادا. لە هەمان کاتدا ئامرازێکی باشە بۆ تێگەیشتنی خەڵک لە ئامانجەکانی مانگرتن و ئاسان کە ڕەوەی پەیوەندی گرتنی بنکەکانی کرێکاری لە گەڵ کرێکارانی مانگرتووە.



١٦.	سەرەرای کرێکارانی سەنعەتەکان و کۆمپانیا گەورەکان، ملیۆنەها کەس لە سەدان هەزار کارگەی بچووک لە ئێراندا خەریکی کارکردنن، زەختی لە ڕادە بە دەری چەوساندنەوە لە هەل ومەرجی نەبوونی کەمترین ئیمکانات و بە تایبەت لابردنی کرێکارانی ئەم کارگانە لە بڕیارەکانی یاسای کار، زەمینەی بەهێز بوونی بزووتنەوەی کرێکاری و نارەزایەتی گشتی لەم بە شەی کرێکاران دا زۆرتر کردووەتەوە، سەرەرای ئەو بەهۆی پەیوەندی کرێکارانی ئەم کارگانە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی شار، دانیشتووانی قەراخی شار و خەڵکی لادێیەکان، خەبات و تەبلیغاتی ئەوان ڕەوڵێکی بەرچاو لە جوولانەوەی سەرانسەری دەبینێ.

١٧.	ڕێکخستنی ڕێکخراوەکانی هاو خەت، وەک کۆمیتەکان، شوورای نوێنەرانی کرێکاران، شووراکان و یان کۆمیتەکانی یەکگرتووی کرێکارانی فەرش چنین، کوورەخانەکان، سەنعەتەکانی فلیزی ،بێکارەکان و هتد. و دیاری کردنی درۆشمەکانی گۆنجاو و پەرەدانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە و ڕێکخستنی خەباتی کرێکارانی کارگەکانی بچووک، بێکارەکان و دانیشتووانی قەراخی شارەکان.

١٨.	شێوەی خۆپیشاندان و دەست پێکردنی ڕاپەرینەکانی ناوچەیی کە ئێستا بووەتە یەکێک لە شێوەکانی جوولانەوەی خەڵکی، باشترین ئامرازی ئامووزشی کۆمەڵانی خەڵک و بڵاو بوونی پرۆگرام و تاکتیک و درۆشمەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بە تایبەت لە پەیوەندی لە گەڵ داخوازیەکانی خەڵکی زەحمەتکێشە، کە بە شێوەیەکی کۆنکریت و هەمە لایەنە و بەر دەوام باسی لێ دەکرێت، هەر بۆیە:

١٩. ڕێکخستنی خۆپیشاندانی خەڵکی و ئامانج دار کردنی ئەوان لە گەڵ ئەو دروشمانەی کە داخوازیەکانی کۆمەڵانی خەڵکی بە شێوەیەکی روون رابگەێنێ.

٢٠. دەبێ لە پێک هێنانی هەل و مەرجی دەستکرد بۆ دەست پێ کردنی خۆپیشاندان خۆ بپارێزین و لە ڕێگای چالاکی بەردەوام و راگەیاندن، دڵنیا بین کە رای توێژەکانی جۆربەجۆری خەڵک لە گەڵ خۆپیشاندانە ولە ئامانجی ئەو تێ دەگەن و کات لە گەڵ وەرەی گشتی ئەوان، دەگونجێ.

٢١. ڕێکخستنی شانەکانی چالاک لە ڕێبەرانی پراتیکی خەباتی خەڵک، بۆ رێنوینی خۆپیشاندان و بڵاوکردنی دروشمەکان.

٢٢. ڕێکخستنی ئەو کارانەی کە بە هۆی ئەواندا کۆمەڵانی خۆپیشاندەر بتوانن لە بەرانبەر هێزە سەرکوتکەرەکان راوستن، پەرەدانی ئەو شێوانەی کە خەڵک خۆیان بە ئەزموونەوە بەدەست هێناون وئێستا کەڵکی لێ وەردەگرن.

٢٣. ململانی هێزەکانی نیزامی و ئینتزامی لە بەرانبەر خۆپیشاندانی خەڵک لە هەمان کاتدا کە دەبێتە هۆی دووبەرەکی لە نێوان ئەم هێزانە، ترسی کۆمەڵانی خەڵکیش بەرە بەرە لادەبات و ورەی ئەوان بۆ دەست پێ کردنی راپەرین، بەرز دەکاتەوە. لەم پەیوەندیەدا:

٢٤. کارێک بکرێت کە سەربازەکان، هێزەکانی خوارەوەی بەسیج و سوپاکە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە فریویان خواردووە و یان بە هۆی کارکردنیان و هتد. چوونەتە لای ئەم هێزە سەرکوتکەرانە، لە گەڵ



ئامانجەکان و مەبەستەکانی خۆپیشاندان ئاشنا بکرێنەوە و بۆ هاوکاری کردن لە گەڵ خۆپیشاندەران هان بدرێن.

٢٥. هاندانی کرێکارانی پێشرەوی سەنعەتە سەرەکیەکان بۆ پێک هێنانی ڕێکخراوێکی هاو ئاهەنگ، هەر لە ئێستاوە، بە مەبەستی پێک هێنانی بناغەی هێزی کرێکاری بۆ بەشداربوونیان لە ئاڵ و گۆڕەکانی سیاسی کۆمەڵگا.

٢٦. دابێن کردنی بڵاوکراوەکان و راگەێنەرەکان بۆ پەروەردەکردنی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ئاشناکردنی ئەوان لە گەڵ پروگرام، ئامانجەکان و داخوازیەکانی چینی کرێکار.

ب:روانگە، ئەرکەکان و تاکتیکەکانی ئێمە لە هەل و مەرجی پەرەئەستاندنی شۆڕشگێرانە

١. پەرەپێدانی راگەیاندنەکان بە پێ ئاڵ و گۆڕەکانی سیاسی، روون کردنەوەی گرینگی راپەرین و ڕێکخستنی نارەزایەتی و مانگرتنەکانی بەر بڵاو لە شارەکان و لادێیەکان و تەداروکی راپەڕین.

٢. ڕێکخستنی کۆمیتەکانی مانگرتن لە کارخانەکان، سەنعەتەکان و دامەزراوەکانی سەرەکی وەک نەوت ،گواستنەوە و گەیاندن، پالوێگەکان، بنکەکانی گرینگی دەوڵەتی و بنکەکانی کرێکاری و کۆمیتەکانی یەکگرتووی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە ناوچەکان ولادێ یەکان بە مەبەستی تەداروکی مانگرتنی گشتی سیاسی و راپەرینی چەکدارانە.

٣. پتەوکردنی هێزی کۆمۆنیستی و ڕێکخستنی کادێرانی شۆڕشگێڕ و کۆمیتەی سەربازەکان و هتد. و تەداروک بۆ چەکدارکردنی کرێکاران.

٤. پەرە پێ دان و ڕێکخستنی شێوەکانی سەرەتایی ڕێکخراوەکانی دەسەڵاتداری خەڵک، وەک شووراکانی شار و لادێ.

٥. خەباتی بەردەوام و چالاکی تێگەیاندن بە مەبەستی بەرپەرچ دانەوەی سیاسەتی ئەحزابی بۆرژوایی، چالاکیەکانی گروپەکانی دواکەوتوو و تاقمە ڕەشەکان. بەرپەرچ دانەوەی سات و سەودا و ڕێککەوتنی پشتی پەردەی ئەحزاب و ڕەوتەکانی ورده بۆرژوایی و مەجبورکردنی ئەوان بۆ پێوست بوون بە خەباتی شۆڕشگێڕانە.

٦. تێکۆشان بە مەبەستی دابین کردنی ڕێبەری کرێکاری، بۆ بە دەستەوە گرتنی بەر پرسایەتی هەمە لایەنەی خەباتەکانی خەڵکی و بەڕێوەبردنی ڕاپەرینی چەکدارانە.

ج: ڕوانگە، ئەرکەکان و تاکتیکەکان لە ڕەوتی ڕاپەرین و زەبری کۆتاییدا.

١. دیاریکردنی وردی هاوسەرنگی هێزەکانی چینایەتی، ورە و ویستەکانی خەڵک، هەل و مەرجی نێو دەوڵەتی و دابین کردنی دروشمەکانی هاندەر و کردەوەیی.

٢. ڕاگەیاندنی مانگرتنی گشتی سیاسی و ڕێکخستنی ڕاپەرینی چەکدارانە.

٣. هێرش بۆ سەر پێگەکانی سەربازی (سەربازخانەکان)، بنکەکانی سەرکوتگەری سوپا، هێزەکانی ئینتیزامی، زیندانەکان، ئیتلاعات،



کۆمیتەکان و بنکەکانی تری سەرکوتکەر، چەک کردنی ئەوان و چەکدارکردنی خەڵک.

٤. دەست بەر سەر دا گرتنی بنکەکانی گرینگی دەوڵەتی، فرۆکەخانەکان، بنکەکانی گرینگی ماڵی، گواستنەوە و گەیاندن و هتد

٥. بەرگری کردن لە جێگر بوونی ئۆرگانەکانی لابراو لە لایەن هێزەکانی جیاوازلە ئۆرگانەکانی هەڵبژێردراوی کرێکاران و زەحمەتکێشان و دامەزراندنی دەسەڵاتی شوورایی بە جێگای ئەوان.

٦. ڕاگەیاندنی ڕەسمی بوونی دەسەڵاتی شوورایی و تەزمینی یاسایی بوونی ئەوان لە لایەن هێزی چەکداری خەڵک.

٧. دانانی هێزی چەکداری خەڵک لە ژێر بریاری شووراکان.

٨. ڕاگەیاندنی پروگرامکانی ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی و داخوازیەکانی گشتی کۆمەڵانی خەڵک و بە دەستە وەگرتنی هێزەکانی موجریە (جێبەجێکردن)، موقەنەنە (یاسادانان) و قەزاییە (بریاردان) لە لایەن شووراکان و ڕێکخستنی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لە لایەن ئۆرگانەکانی شوورایی و خۆبەڕێوەبەری خەڵکی.

سەبارەت بە ڕێنوێنیەکان و دروشمەکان لە قۆناغەکانی جۆراو جۆردا.

دروشم و ڕێنوێنییەکان کە ئامانجەکانی سیاسی بە شێوەیەکی کورت و ئاشکرا ڕادەگەێنێ و لە ڕاگەیاندراو و بڵاوکراوەکانی ڕێکخراو دا تەبلیغ و بڵاو دەبێتەوە، لە پەیوەندی لە گەڵ هەل و مەرجی دیاری کراو و ئامانجی

خەباتێکی دیاری کراو یان بە درێژایی قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویی، دیاری دەکرێن.

درۆشمەکان لە پەیوەندی لە گەڵ ئامانجی خەبات دەتوانن تەبلیغی، هاندەر و یان پراتیکی (کردەوەیی)بن. کە لە بەرچاوگرتنی بارودۆخی دیاریکراوی ئێستادا، بۆ نموونە.

١. درۆشمی، بڕووخێ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و دامەزرێ کۆماری فیدراتیوی شووراییی ئێران، وەک درۆشمی تەبلیغی ئێمە، سەرەرای بەرزکردنی رادەی تێگەیشتنی کۆمەڵانی خەڵك، سەرنجی ئۆپۆزیسیونی رادیکاڵ سیستەمی دەسەڵاتدار بەرەولای سیاسەتەکانی ئێمە رادەکێشێ، ئەم درۆشمە لە قۆناغی دووهەم بۆ راکێشانی ملیۆنەها کەس لە کۆمەڵانی خەڵك دەبێتە درۆشمی هاندەر و لە قۆناغی سێهەم دا دەگۆرێتە درۆشمی پراتیکی (کردەوەیی).

٢. درۆشمی "کار - مەسکەن(خانووبەرە) - ئازادی - کۆماری فیدراتیوی شوورایی" یان درۆشمی "بژی ئازادی وبژی سوسیالیزم" درۆشمی دەورەیی ئێمەیە، کە داخوازیە رادیکاڵەکانی ریفاهی "ئاسوودەیی" و ئابووری، سیاسی چینی کرێکار و کۆمەلانی خەڵکە وهەروەها ئامانجی سیاسی خەڵك دەخاتە روو.

بەشەکانی جۆربەجۆری ئەم درۆشمە لە هەل و مەرجەکانی دیاریکراو و لە پەیوەندی لە گەڵ ئامانج و داخوازیەکانی دیاریکراو، دەتوانن هاندەر یا پراتیکی (کردەوەیی) بن. بۆ نموونە ئێستا کە زەختی بێکاری و دەرکردنی بە کۆمەڵ، لاوان و کرێکارانی بێکار مەجبوور بە دەربرینی نارەزایەتی دەکات



و ئەبێتە هۆی جوولانیان، دروشمی کار لە ماوەیەکی کورت لە درۆشمی تەبلیغی و هاندەر، دەگۆرێتە درۆشمی پراتیکی (کردەوەیی) لە ناو راگەیاندراوەکان. ئەم درۆشمە لە قۆناغی دووهەم دا وەك درۆشمی هاندەر لە هەمان کاتدا لایەنەکانی سۆسیالیستی و کرێکاری دژی سەرمایەداری جوولانەوە بە هێز دەکات و کرێکارانی هەژار بەرەولای ئەم خەباتە رادەکێشێ، ئەگەر لەم قۆناغەدا خۆی لە وەرگرتن و بە دەستەوە گرتنی کۆنترۆلی بنکەکانی ئابووری نیشان دەدا، لە قۆناغی سێهەم دا لە گەڵ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە ڕێگای شووراکان وراگەیاندنی پروگرامکانی ئابووری، ریفاهی (ئاسوودەیی) و هتد. دەگۆرێتە دروشمی پراتیکی (کردەوەیی).

٣. سەرەرای درۆشمەکانی دەورەیی رێکخراو کە بۆ نموونە لەسەرەوە ناویان لێبرا،درۆشم و رێنوێنییەکان بۆ قۆناغەکانی کورت و ئامانجەکانی کورت خایەن، پێویست و زەرورەو ئەرکی رێکخراوەکە لەهەر خەباتێك و لەهەر تێك هەڵچوونێکی سیاسی، بەهەڵسەنگاندنی وردی هەل و مەرج و لێهاتوویی و کات ناسی ئەوانەی کە، هەڵگری دیاریکراوی ویست و داخوازیەکانی کرێکاران و خەڵکن، درۆشم و رێنوێنییەکانی ئەم قوناغە دیاری بکات.

٤. بۆ نموونە لە هەل و مەجی ئێستادا، دوای لابردنی کرێکارانی کارگەکانی بچووك لە یاسای کار، هەندێك لە ئەحزاب و کەسایەتیەکان، ناسراو بە ڕێفۆرم خواز، بۆ راکیشانی پشتیوانی کرێکاران و پەنابردن بە

ئورگانـەکانی دەسـتکردی کـرێکاری و بەکـری گرتنی هندێک لە کرێکاران، خۆازیاری رێک کردنی ئەم پەسەند کراوەن.

بـەدژی ئەمە، ئێمە دەبێ، باس لە لابردنی پەسەند کراوەی دژی کرێکاری یاسـای کـارو دابـین کـردنی کۆمەڵایەتی بۆ هەموو کرێکاران و حەق دەس گـرەکان بکـەین و یـان لـە بەرانـبەر پێدانـە چـوونەوەی دابـین کـەرانی کۆمەڵایـەتی لـە پـەیوەندی لەگـەڵ بـارودۆخی کرێکاران لە هەل و مەرجی پێویسـت، کە لە پوولی (پارەی) کرێکاران دامەزراون و بەرپرسان بیانوێکیان کـەم بوونـی بـاری ماڵـیە، درۆشمـی دەرخسـتنەوەی دزیەکان لەرێکخراوی دابـین کـردنەکانی کۆمەڵایـەتی و بەدەسـتە وەگرتن و کۆنترۆڵی ئەوان لە لایەن کرێکاران، بهێنینە گۆرێ.

ئەگـەر لـە شـەری نێوان باڵەکان، بۆ نموونە باس لەکەم کردنی دەسەڵاتی وەلی فـەقی دەکـرێ، ئـێمە دەبـێ بـاس لە هەڵگرتنی ئەم بارگە و بنەیە و دژایەتی ئەو لەگەڵ سەرەتا ئیترین ماف و ئازادیەکان، بکەێن.

هـەر بـەم شـێوەیە لـە بووارەکانیتـر دەتوانـین و دەبـێ لـە درۆشـم و رێنوێـنیەکانی دەورەیـی، تاکتـیکی و کـورت خایەن بەمەبەستی پێشرەوی بەرەو ئەستراتیژی رووخاندنی رژیم کەڵک وەرگرین.

- ژێـر نـووس بـەندی ٢١ روانگە، ئەرکەکانی ئێمە لە هەل و مەرجی ئێستادا:

لە هەل و مەرجی نەبوونی رێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری، هاندانی رێبەرانی پراتیکی کرێکارانی سەنعەتەکانی سەرەکی بۆ پێک هێنانی



کۆمیتەو یان شوورایکی هاوبەش، بەمەبەستی هاوبەشی لە هەڵویستی چینی کرێکار لە گۆرانکاریەکانی سیاسی رۆژانە، هاوئاهەنگی مانگرتنەکان و پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ کرێکارانی وڵاتانی دیکەو بەدەست هێنانی پشتیوانی ئەوان، ویان کردەوەی هاوبەش بۆ پێک هێنانی رێکخراوەکانی خەڵکی و ئاشکرای کرێکاری لە هەل و مەرجی ئێستادا، نەتەنیا پێویستیە و بە لەبەر چاوگرتنی بارودۆخی داسەپاو ئیمکانی هەیە، بەڵکو بوونی ئەم جۆرە ئورگانە بۆ داهاتووی خەباتی کرێکارانیش پێویستە، تاکو بارودۆخیکی فەرزکراو لە هاوسەنگی هێزەکان کە بەهیچ شێوەیک چاوەروان ناکرێت، خاوەن ئیمکانات و جم و جوڵێکی زۆرتر بن.

## سیاسەتی ئێمە لە ناو یەکێتی چەپی کرێکاریدا:

یەکێتی چەپی کرێکاری بەهۆیەکانی جۆراوجۆر لەم کاتەدا، لە ئامانجەکانی بنەرەتی خۆی جیابووتەوەو زۆرتر چووتە یەکێتی کردەوەی پشتی بەرە بۆ خەباتەکانی گشتی دیمۆکراتیک لە دەرەوەی وڵات. تاکتیکی ئێمە لەم بارەیە دەبێ بۆ پێک هێنانی ئەوەها گۆرانکاریک لەم یەکیەتیە بێت کە پروگرامو تاکتیکەکانی ئەو لە خزمەت ئیستراتیژی بزووتنەوەی سەربەخۆی کرێکاری ئیران دابێت. وشێوەی رێکخراوەیی و شێوازی کاری گۆنجاو لەگەڵ ئەو پێک بێنێ و ئەوبکاتە شوێنی رێکخستنی بەر بلاوتری هێزەکانی لایەنگری سوسیالیزم وبزووتنەوەی چینایەتی کرێکاران. یەکێتی چەپ، بەلەبەر چاوگرتنی فیکریەتی سەرەتایی پێک هاتنی، راگەێنەری ویست و داخوازیەکانی ئازادیخوازانە و یەکسانی خوازانەی کرێکارانی ئیرانە. هەر

بۆیە دەبێ بەشێوەیکی زۆر جیددی لەم ڕێگایە تێبکۆشین تاکو هێزەکانی چەپی رادیکاڵ، سۆسیالیستی و کرێکاری سەرەرای کۆ کردنی ئیمکاناتی خۆیان لە دەورو بەری خەبات بۆ گەیشتن بەداخوازی کرێکاران، لە هەمان کاتدا بەشێوەیکی ئاشکرا، روون و جیددی بەمەبەستی ئاشکرا کردنی ناکۆکیەکانی خۆیان باسی تیئوریک بکەن، تاکو لە کەش وهەوایکی باش ادا لەرێگای دەربرینی بیرو بۆچوونەکان هندێك لە گیرو گرفتەکان لا ببردرێ.

لە هەمان کاتدا خەباتی هاوبەش لە دەوروبەری هاوبەشیەکان بۆ سوسیالیزم و داخوازیەکانی سینفی سیاسی چینی کرێکاری ئیرا‌ن لە لایکەوە و خەباتی فیکری بەمەبەستی سەرکەوتن بەسەر بلاوبوونی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، بۆ یەکگرتنەکانی حێزبی لە لایکی دیکەوە، بابەتی ناکۆکی بێت و لەلایەن بەشێك لەیەکێتی چەپ قبوول نەکرێت و ئەم بەشە لەیەکێتی چەپ هەروەها لەم یەکیەتیە تێگەیشتنیکی پشتی بەرەیی بۆ خەباتەکانی گشتی دیمۆکراتیکیان هەبێت، چ بمانەوێ و چ نمانەوێ، ئەم یەکیەتیە لەوانەیە تووشی دووبەرەکی وجیا بوونەوە بێت . ئەرکی ئێمە لەیەکەم قوناغ دابریتیە لەمەی کە لە رێگای خەباتی تیئوریك و دیالوگ ، کۆتایی بهێننە ناکۆکیەکان و تێ گەیشتنەکانی هەڵە. و بەش بە حاڵی خۆمان بەیەکگرتن و پەرەسەندنی چالاکی ئەو یارمەتی بدەین . بە پیچەوانە، سەرەرای روون کردنی ناکۆکیەکان، دەبێ لە یەکگرتن لەگەڵ هێزەکانی کرێکاری ، رادیکاڵ و سوسیالیستی ناو یەکێتی، شێوەیکی شارستانیاتە و دیموکراتیك بەجیابوونەوە بدەین و بۆ گۆرینی یەکێتی چەپ بەشوینی لایەنگرانی راستەقینەی سوسیالیزم و بزووتنەوەی کرێکاری و رێکخراوی



چینایەتی کرێکاران کار بکەین. یەکیەتیك کە لەویدا، سەرەرای خەباتی هاوبەش بۆ داخوازی و ئامانجەکانی بزووتنەوەی سەربەخۆی چینی کرێکار، خەباتی ئایدولوژیك بۆ بەرزکۆدنەوەی رادەی تیوری و پەرنامەیی یەکێتی و کۆتایی هێنان بە بلاوەبوونی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەمەبەستی یەکگرتنەکانی حیزبیش، بە رەسمی دەناسریت.

